WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (317) دووشەممە 2014/7/7 16ی پووشپەڕ 2714 (750) دینار

# 5 تۆن زێڕی کوردستان لە بەغدایە

**رووداو - هەولێر**

ئەدهەم کەریم، سەرۆکی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان رایگەیاند حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی هەڵگرتنی زێڕی نییە، بەڵام ئاشکرایکرد کە زێڕی کوردستان لە بەغدایە. ئەدهەم کەریم بە (رووداو)ی گوت "بانکی ناوەندی عێراق نزیکەی 31 تۆن زێری یەدەگی هەیە، هەرێمی کوردستانیش لە سەرجەم یەدەگەکانی بانکی ناوەندی عێراق بە زێڕ و دراو، پشکی 17%ی هەیە". کەواتە کوردستان خاوەنی 5.27 تۆن یەدەگی زێڕە، کە دەکاتە 17%ی ئەو 31 تۆن زێڕەی لە بانکی ناوەندی عێراقە.



هەرچەندە هەرێمی کوردستان یەدەگی زێڕەکەی لەبەردەستی خۆیدا نییە، بەڵام سەرۆکی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان گوتی "دەتوانم بڵێم 100 تۆن زێڕ لە کوردستاندا هەیە، بەڵام نزیکەی 25 — 30 تۆنی بازرگانی پێوە دەکرێت، ئەوەی دیکە لە ماڵاندا هەڵگیراوە، یان لە دەست و ملی ژنان دایە".

8 »

## کۆمەڵ داوای لێبوردن بۆ کوردە داعشەکان دەکات

2

## پێشمەرگە گەیشتنە ڤێتنام

11

## پیاوێک پشتی ژنەکەی دەشکێنێت

15

لایەنە کوردستانییەکان سەرپشکیان کردووە بڕیاربدات

# بارزانی ناوی سەرۆککۆمار ئاشکرادەکات



## عومەر فەتاح بۆ سەرکردەکانی یەکێتی: ئەوەی لەگەڵ یەکڕیزی نەبێت جاشە

3 »



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (317) دووشەممە 2014/7/7

## کوردستانیش گەیشتە مۆندیال



**رووداو-بەڕازیل**

دواجار ئاڵای کوردستان لە یارییەکانی مۆندیالی بەڕازیل بینرا، کە لەلایەن گەنجێکی دانیشتووی شاری بەرزکرایەوە.

سامان ئاکۆ گەنجێکی شاری هەولێرە بە جلی کوردیی و بانەرێکی گەورەی وشەی کوردستان لەناو یاریگاکانی مۆندیالی بەرازیل بینرا. سامان پێشتریش لە یارێکی کلاسیکۆ بانەرێکی هەڵواسیبوو لە ئیسپانی نووسیبووی "کوردستان عێراق نییە و کەتەلۆنیاش ئیسپانیا نییە".

## "لێبووردنەکە تەنیا ئەوانە نەگرێتەوە کە دەستیان بە خوێن سوورە"

# کۆمەڵ داوای لێبوردنی گشتی بۆ کوردە داعشەکان دەکات



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان "سنگ فراوان بێت و لێبووردنە گشتییەکەی ئەوانەش بگرێتەوە پێشتر کوردستانیان جێهێشتووە و چوونەتە نێو ئەنسارولئیسلام یان گرووپەکانی دیکەوە، ئەوانە نەبێ کە دەستیان بە خوێنی خەڵک سوورە". بەرپرسێکی پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامیش دەڵێ ئەوانەی ئێستا لە باشووری کوردستانەوە دەچنە دەرەوە "زیاتر پەیوەندی بە داعشەوە دەکەن نەک ئەنسارولئیسلام".

دەنگوباسی چەکدارە ئیسلامییەکان، بووەتە رۆژەڤی ناوچەکە، شەڕی ئەو چەکدارانە لە دەرگای کوردیشەوە زۆر دوور نییە. جارجار هەواڵی پەیوەندیکردنی گەنجانی باشووری کوردستان بە گروپەکانی وەکو داعش و ئەنسارولئیسلام بڵاودەبێتەوە. لە باشووری کوردستانیش قسە لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای دژە تیرۆر و دەرکردنی لێبووردنی گشتی دەکرێت.

سۆران عومەر، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ هەندێک لە ماددەکانی یاسای دژە تیرۆر پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە "یاساکە زۆر خراپ نییە، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردندا پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ کراوە و خەڵکی پێ ئەشکەنجە دراوە، بە تایبەت لە مادەی 11 و 12دا، کە باس لە پاراستنی مافی دەستگیرکراوەکان دەکات".

کاتێک مەسعود بارزانی، سەرۆکی باشووری کوردستان بەمەبەستی پێشکەشکردنی وتارێک لە بارەی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی چووە پەرلەمانی کوردستان، پێشتر لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆبووەوە. پەرلەمانتارە ئیسلامییەکان داوایان لە بارزانی کرد لێبووردنێکی گشتی دەربکات.

مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، کە دەڵێ یەکەمجار ئەو داوای لە بارزانی کرد لێبووردنی گشتی دەربکات، پێیوایە زۆر لەوانەی لە ئێران و سووریان لە نێو داعش و جەبهەتولنوسرە و ئەنسارولئیسلامدان، بەحەماسەتی زۆرەوە چوون و کاتێک دۆخەکەیان بینیووە تێگەیشتوون ئەوەی بۆی رۆیشتوون وانییە "ئێستا هەست بە پەشیمانی دەکەن و ئاواتەخوازن بگەڕێنەوە" بۆیە "دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک سنگفراون بێت و لێبووردن دەربکات بۆ ئەوانەی دەستیان سوور نەبووە بە خوێنی خەڵک".

مەروان گەڵاڵی هەروەها دەڵێ بە بارزانی گوتووە، لێبووردنەکە "ئەوانەش بگرێتەوە بە یاسای تیرۆر گیراون، لەوانەیە خەڵک هەبێ لەژێر ئەشکەنجەی زۆردا ناچارکرابێ دانی پێدابنێت".


ئیسلامییەکان پێداگیری دەکەن یاسای تیرۆر هەموار بکرێتەوە و هاوکات هیوایەکیان هەیە بۆ ئەوەی لێبووردنە گشتییەکە بتوانێ لەبارەی بێسەروشوێنەکانیانەوە تروسکاییەکیان بۆ بگێڕێتەوە، کە کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێن 11 کەسیان بێسەروشوێنە.

شوان قەڵادزەیی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان دەڵێ "نزیکەی 5 هەزار کەس لە زیندانەکانی کوردستان دان، زۆر لەوانە تاوانی گەورەیان نەکردووە و دەکرێ بەر لێبوردنی گشتی بکەون، هەروەها کاریگەریی باشی هەیە بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی. ئەوانەش کە تاوانی گەورەیان کردووە دەکرێ ماوەی سزادانەکەیان بۆ سووکتر بکرێ".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە پەرلەمانتارانی راگەیاندبوو، دەکرێ ئەوان لە پەرلەمان یاسایەک بۆ لێبوردنی گشتی ئامادە بکەن و دواتر لەرێگەی راوێژکارەکانییەوە کاری لەسەر دەکات. رۆژی 2014/7/6 لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە کۆبووەوە. سۆران عومەر دەڵێ "بڕیاردرا لیژنەیەکی تایبەت لە دەزگای ئاسایش و لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەنجوومەنی دادوەری و وەزارەتی ناوخۆ و زیندانەکانی چاکسازی دروستبکرێ و ئەوان یاسایەک ئامادە بکەن".

هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە، کە هێشتا گەنجان لە کوردستانەوە ناو بەناو هەوڵی پەیوەندیکردن بە چەکدارە ئیسلامییەکان دەدەن. لەچەند رۆژی رابردوودا پێشمەرگە لە سنووری کەرکووک چەند گەنجێکی هەڵەبجەییان دەستگیرکردووە، کە ویستوویانە بچنە نێو داعش.

ئەبوبەکر تاماس، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی، هێما بۆ هەڵبژاردنەکانی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستان دەکات و دەڵێ "زۆربەی ئەوانەی لە زیندانەکان دەنگیان دابوو دەنگیان بە ئیسلامییەکان دابوو، ئەوەش دەریدەخات کە زۆر لەوانەی دەستگیرکراون بەهۆی ئەوە بووە هەوڵی ئەوەیانداوە بچنە نێو ئەو گرووپانە یان لەوێوە گەڕاونەتەوە بۆ ئەوەی وازبهێنن". گوتیشی "ئەگەر لێبوردن دەربکرێ کاردەکاتە سەر هەڵوێستی بەشێک لەو چەکدارە کوردانەی لە نێو گرووپەکانەوە سەنگەریان لە پێشمەرگە گرتووە".



## دوو ساڵ بەبێ مامۆستا

ئەمڕۆ دووساڵی تەواو بەسەر کۆچی دوایی عەبدوڵڵا قرگەییدا تێدەپەڕێت، کە هەموو رووداو بە "مامۆستا" بانگیاندەکرد. بەڕاستیش ئەو بە هەموو مانای وشە مامۆستا بوو . ئەو گەوهەر و کۆگایەکی زانیاری بوو . هەموو هاوکارانی رووداو بۆ راپۆرت و بابەت و کارەکانیان پەنایان بۆ دەبرد ، ئەویش وەڵام و زانیاری ئامادەی هەبوو بۆ وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارێک . هەر لەبەرئەوەشبوو هاوکارمان عەلی حەمە ساڵح ناوی لێنابوو " گوگڵی رووداو".

ئەو خۆش ژیابوو و سەختیش ژیابوو ، بەڵام لە هەموو بارودۆخەکاندا خوێنەرێکی بەردەوامی کتێب بوو . تەنانەت لەکاتی نەبوونیدا لەساڵانی نەوەتەکاندا ، رێگەیەکی زۆری بەپێ دەبڕی بەو هاوینە تاقەتپرووکێنەی هەولێر ، بۆ بەکرێهێنانی کتێبێک . قاوەی بەیانیانی لەگەڵ کتێبدابوو ، چای بەردەوامیشی لەگەڵ رۆژنامەکاندابوو ، ئەگەر کاری لەبەردەستدا نەبوایە .

مامۆستا عەبدوڵڵا قرگەیی زۆری دەدایە خەڵک و کەمی دەنووسی، بەڵام نووسینەکانیشی نایاب بوون .

مامۆستا عەبدوڵڵا قرگەیی لەکاردا کەسێکی کەم وێنەبوو، وردبوو لەکات و وادەی کارەکانیدا. بەدیقەتبوو لە کاروبارەکانی بەردەستیدا . دڵسۆز بوو لە هەموو ئەو ئەرکانەی دەکەوتنە سەر شانی .

ئەو بەدرێژایی کارکردنی لە رووداودا ، بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی بوو ، لەوماوەیەدا کەم کەس هەیە نەکەوتبێتە بەر لێپرسینەوەی ئەو ، بەڵام ئەمڕۆش هیچ کەس جگە لە خۆشەویستی هیچ شتێکی دیکەی لە دڵدا نییە بەرامبەری، چونکە دەیانزانی چەندە بە دڵسۆزییەوە کاردەکات .

هەر لە روانگەیەشەوە ، تۆڕی میدیایی رووداو ، بە زۆر شێوە کار و یادی ئەو هاوکارەی خۆی لەساڵانی داهاتوودا بەرز رادەگرێت . بۆ ئەمساڵ ، رووداو بڕیارێکی ئاشکرا دەکات ، کە ساڵانە لە یادی کۆچی دوایی مامۆستادا ، خەڵاتی مامۆستا بداتە دڵسۆزێکی تۆڕی میدیایی رووداو . چونکە ئەمڕۆ کە رووداو گەیشتووەتە ئەو ئاستە ، بەشێکی زۆری بەهۆی دڵسۆزیی و شەونخونی ئەوبووە بۆ رووداو .

یادت بەخێر و دووبارە ماڵئاوا مامۆستا.
رووداو

# پیاوێک و ژنەکەی بە بەنزین سووتان

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

لە کاتێکدا شووفێران وێڵی دەستکەوتنی چەند لیترە بەنزینێکن، پیاوێک کە لە ژنەکەی تووڕە دەبێت دەبەیەک بەنزین لە ماڵەکەی دەرژێنێت. پاشان یەکێکیان گڕ لە بەنزینەکە بەردەدات و هەردووکیان دەسووتێن، لە ئەنجامدا ژنەکە گیانلەدەست دەدات و مێردەکەشی ئێستا لە نەخۆشخانە دەستبەسەرە.

رۆژی 2014/7/3 لە شارۆچکەی بنەسڵاوە ژنێک بە ناوی شەیما قارەمان حەسەن، 25 ساڵ، لە نێو ماڵەکەیان سووتاو دوای دوو رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. شەیما بەر لەوەی بمرێت سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمار کرد، ئەویش بەپێی ماددەی 408 لە یاسای سزادانی عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە. ئێستا لە نەخۆشخانە دەستبەسەرە و پۆلیس پاسەوانی دەکات تاوەکو ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە دەردەچێت.

رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت ئەو ژنە مێردە بەر لە رووداوەکە کێشەی خێزانیان هەبووە "ئەو ژنە ویستوویەتی بتۆرێت و بچێتەوە ماڵی باوکی، کە لە گەڕەکی ئیسکانی هەولێرە، پیاوەکەش ویستوویەتی نەچێتەوە ماڵی باوکی، رێگری لێکردووە و پێیگوتووە ئەگەر بچیت نایەیتەوە، بۆیە ئەو پیاوە چووە بەنزینی بە نێو ماڵەکەدا کردووە، تا ئێرە ئیفادەی هەردووکیان وەکو یەکە".

### کێ ئاگرەکەی کردەوە؟

رائید ژیلەمۆ دەڵێت "دوای ئەوەی پیاوەکە بەنزین بە ماڵەکەیاندا دەکات، پیاوەکە لە ئیفادەکەیدا دەڵێت، ژنەکە دەنکە شقارەتەیەکی لێدا و ماڵەکە گڕی گرت، ژنەکەش دەڵێت پێشتریش کێشەیان هەبووە و مێردەکەی ئاگری تێبەردان، ژنەکە تەواوی جەستەی سووتا و لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، بەڵام پیاوەکە تەنیا 30%ی جەستەی سووتاوە".

شەیما سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمار کردووە، بۆیە مێردەکەی بەپێی ماددەی 408 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراوە، لە نێو نەخۆشخانە دەستبەسەرەو پۆلیس چاودێری دەکات، ئەو ماددەیە بۆ سزادانی ئەو کەسانەیە، کە دەبنە هۆکاری خۆکوشتنی کەسێک، یان هانی کەسێکی داوە بۆ خۆکوشتن، رائید ژیلەمۆ دەڵێت "ئەو پیاوەش خۆی دانی ناوە بەوەی کە بەنزینەکەی بە ماڵەکەی دا کردووە". رائید ژیلەمۆ گوتیشی "ئەو پیاوە دەڵێت تووڕە بوومە، بۆیە بەنزینم بە ماڵەکەدا کردووە، بەڵام پێدەچێت ئەو پیاوە بێزار بووبێت و ویستوویەتی خۆی و ژنەکەی بکوژێت".

رائید ژیلەمۆ باس لەوە دەکات، ئێستا سەرەتای لێکۆڵینەوەیە "ئەگەر لێکۆڵینەوە دەریخست، ئەو پیاوە ئاگرەکەی کردووەتەوە و ژنەکەی سووتاندووە، ئەوا ماددەکە دەگۆڕێت بۆ سزادانی کوشتن، بەپێی ماددەی 405 و 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دادگایی دەکرێت، بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوەکان تەواو نەبوون".

کەسێکی نزیکی شەیماش بە (رووداو)ی گوت "شەیما خۆی نەسووتاندووە، بەڵکو مێردەکەی بەنزینی پێدا کردووە و سووتاندوویەتی".



# "لە بازاڕەکانی کوردستان چەکی قورس بەنهێنی دەفرۆشرێت"



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

نزیکەی 10 مانگ لەمەوبەر لە گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئەوانەی روویان لە بازاڕی چەکفرۆشان دەکرد، بە قسەی چەکفرۆشان زۆربەیان گەنج بوون، بەڵام ئەو چەکفرۆشانە دەڵێن ئێستا پێشمەرگە دێرینەکان بازاڕی چەکیان گەرمکردووە.

ئازاد ئەنوەر، لە بازاڕی چەکفرۆشانی سلێمانی گوتی "ئێستا جۆری ئەو چەکانەی لەم بازاڕەدا مامەڵەی پێدەکرێت جیاوازن لەو چەکانەی لە پێشوودا مامەڵەمان پێوە دەکرد". هەروەها گوتی "زۆربەی ئەوانەی چەک دەکڕن تەمەنیان لە نێوان 45 بۆ 65 ساڵدایە، ئەوانیش ئەو پێشمەرگە دێرینانەن کە بە دەنگ بانگەوازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوون بۆ بەرگریکردن لە سنوورەکانی خاکی کوردستان".

ئەوانەی لەو بازاڕەدا کار دەکەن بازاڕ گەرمییەکەیان بۆ شەڕی داعش دەگێڕنەوە. عەلی رەحمانی چەکفرۆش دەڵێت "لە 60%ی ئەوانەی تفەنگ دەکڕن بۆ پارێزگاری لەماڵ دەیکڕن، دەوڵەمەندیش هەیە بۆ قازانج دەیکڕێت، دایدەنێت بۆ کاتی بەرزبوونەوەی نرخی تفەنگ".

دوو مانگ پێش ئێستا کلاشینکۆفێک بەپێی جۆرەکەی لەنێوان 800 تاوەکو 3000 دۆلار بوو، بەڵام چەکفرۆشان دەڵێن ئێستا نرخی کلاشینکۆف دابەزیوە و لە نێوان 400 تاوەکو 1400 دۆلار دایە. نرخی دەمانچەی کلۆک پێشتر بە 3300 دۆلار بوو، ئێستا نرخەکەی بووە بە 2100 دۆلار.

ئازاد ئەنوەر، هۆکاری دابەزینی نرخی چەک، بۆ ئەو چەکە تازە ئەمریکیانە دەگەڕێنێتەوە کە هاتوونەتە بازاڕەکەیانەوە، هۆکارێکی دیکەشی دەبەستێتەوە بەوەی کە بەشێک لە خەڵکی چەکەکانیان دەگۆڕن بەو چەکە تازانەی کە ئەمڕۆ لە بازاڕدان، بەتایبەتی چەکی ئەمریکی.

ئازاد ئەنوەر، بۆ سەرچاوەی ئەو رێژە زۆرەی چەکی ئەمریکی لە بازاڕەکانی سلێمانی گوتی "سەرجەمیان چەکی سوپای عێراقن کە لەمدواییانەدا کەوتە دەست خەڵکی مەدەنی، ئەوانیش کاری کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکەن".

بەپێی قسەی ئەو چەکفرۆشە رۆژانە لە بازاڕی چەکفرۆشانی خانەقای سلێمانی 400 بۆ 500 پارچە چەک مامەڵەی پێوە دەکرێت. ئازاد ئەنوەر ئاماژە بەوەش دەکات، لە نێو چەکی ئەمەریکیدا جۆری M16 وM4 و M60، زۆرترین داواکارییان لەسەرە.

ئازاد ئەنوەر، باس لەوە دەکات ئێستا گەنج بەرێژەی کەم چەک دەکڕن "بەتایبەتی لەکاتی دامەزراندا دێنە ئێرە بۆ کڕینی چەک، کاتێک گەنجێکی زۆر دادەمەزرێت بازاڕ گەرم دەکات، کلاشینکۆف داواکاری زۆری لەسەرە هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو جۆرە چەکە بەدەست هێزە چەکدارەکانەوەیە".

بەپێی قسەی چەکفرۆشان پێشتر زۆربەی ئەو چەکانەی بەناو بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەکڕدران، ئێستا لە دەست داعش دان "ئەگەر داعشیش کڕیبێتی بەنهێنی بووە، کەس نەیزانیووە". عوسمان سدیق وایگوت.

عوسمان سدیق، کە چەکفرۆشێکی بازاڕی چەکفرۆشانی خانەقایە لە سلێمانی دەڵێت پێشتر چەکێکی زۆر لە کوردستان کڕدراوە "پارەیەکی زۆر لەبازاڕ بوو بۆ کۆکردنەوەی چەک بە هەموو جۆرەکانییەوە، چەکێکی ئاسایی پێنج قات نرخی خۆی دەکرد، من هۆکارەکەی بۆ نەمانی چەک لە کوردستان دەزانم، چەکی قورس و سووکیش هیچی نەما لەدەست هاووڵاتیاندا، ناتوانم بڵێم 100% بۆ داعش بوو، بەڵام دیاربوو دەستی دەوڵەتێکی لەپشتەوەیە لەپڕ چەک نەما، وەکو دەستێک وابوو".

عوسمان هەروەها گوتی "چەکە قورسەکانی وەکو دۆشکە و BKC و RPG، بە جۆرێک نرخیان بەرزبووەوە، کە بە پارەی بیکەیسییەک ئۆتۆمبێلێکت دەکڕی".

عوسمان سدیق، هیچ مەترسی نییە لەو بازاڕەی کاری تێدا دەکات مامەڵە خراپی تێدا بکرێت و ئاماژە بەوە دەکات کە باش لەسەر بازاڕەکەیان هەیە "هەر پارێزگایەک بەرنامەی خۆی هەیە بۆ چاودێریکردنی بازاڕی چەکفرۆشان".

ناوبراو پێیوایە بازرگانی چەک بێسنوورە و لەهیچ وڵاتێکی جیهاندا ناتوانرێت 100% کۆنترۆڵ بکرێت "کاری قاچاخچێتی چەک وەکو مادە بێهۆشکەرەکانی لێهاتووە". هەروەها گوتیشی "کۆمەڵە خەڵکێک هەن لە دەرەوەی بازاڕ، بازاڕ و دەزگا ئەمنییەکان نایانناسن، پاڵپشتی دارایی باشیان هەیە بەنهێنی مامەڵەی زۆر گەورە دەکەن لە بواری بازرگانی چەکدا".

عوسمان سدیق، هەرچەند ئەوە رەتدەکاتەوە ئەو کەسانە بناسێت کە لەدەرەوەی بازاڕی چەکفرۆشان کاری بازرگانی قورس دەکەن لە بواری چەکدا، بەڵام بازاڕەکانی قەزاکان بەو شوێنانە دەزانێت کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەمنی باشدا نییە وەک ناوەندی پارێزگاکان "بازرگانی قورسیان تێدا دەکرێت، زۆربەی مامەڵەی چەکە قورسەکانیش هەر لەو شوێنانەن".



# نێوماڵی یەکێتی لەسەر مالیکی ئاڵۆزیی تێدەکەوێ

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

تەنیا چەند کاژێرێکی ماوە بۆئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناوی ئەو لایەنە کوردییە ئاشکرا بکات کە پۆستی سەرۆککۆماری عێراق وەردەگرێ. پارتی دەڵێت ئەو پۆستە بۆ "یەکێتی" دەبێ، بەڵام یەکێتی لەسەر مالیکی بووەتە "دوو بەش". لە کۆبوونەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا سەرکردەیەکیان گوتوویەتی "هەرکەسێک لەگەڵ مالیکی بێ جاشە".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆژی 2014/7/5 لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پێنج حیزبی کوردستانی (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ) کۆبووەوە. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) هەریەکە لە (فازیل میرانی، مەلا بەختیار، عومەر سەید عەلی، عەلی باپیر و محەممەد فەرەج) بەشداری کۆبوونەوەکەیان کردووە.

فازیل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان باسی بەشێک لە ئەجێندای کۆبوونەوەکەی کرد و ئاشکرایکرد کە باسی مالیکی و پۆستی سەرۆککۆماری عێراق کراوە.

میرانی بە (رووداو)ی گوت "هەر پێنج حیزبەکە لەسەر لادانی مالیکی و دانانی کەسێکی دیکە لەنێو شیعە بە سەرۆکوەزیرانی عێراق، یەکدەنگ بوون". گوتیشی "هیچ لایەنێک هەڵویستی پێچەوانەی نەبووە".

■ فازیل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

### بارزانی ئەو ناوە ئاشکرادەکات کە پۆستی سەرۆککۆماری عێراق وەردەگرێ

■ راوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

### بەرهەم ساڵح بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار و نەجمەدین کەریم بۆ پاریزگاری کەرکووک باشترن

■ عومەر فەتاح، ئەندامی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

### دەرچوون لە یەکڕیزیی کوردستان جاشایەتییە

بەڵام نووری مالیکی، بەفەرمی رایگەیاندووە کە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ رێگری لێبکات بۆ ئەوەی بۆ ویلایەتی سێیەم خۆی کاندید بکاتەوە.

فازیل میرانی ئەوەشی ئاشکراکرد کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان "سەرپشککراوە" کە پۆستی سەرۆککۆماری عێراق بۆ "کام لایەنی کوردی" بێ و گوتی "بڕیاروایە لەماوەی 24 کاژێری داهاتوودا بارزانی ناوی ئەو لایەنە کوردییە ئاشکرا بکات کە پۆستی سەرۆککۆماری عێراق وەردەگرێ".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان حەزدەکات بۆ ویلایەتی سێیەم پۆستی سەرۆککۆماری عێراق وەربگرێتەوە. لە دوو خوولی رابردوودا، جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی لەسەر کورسی سەرۆککۆماری عێراق دانیشتبوو. تاڵەبانی هەردووجار پێش وەرگرتنی ئەو پۆستە رایگەیاند کە ئەو کاندیدی بارزانییە.

فازیل میرانی پێیوایە ئەمجارەش پۆستی سەرۆککۆماری عێراق بۆ "یەکێتی" دەبێ.

تاوەکو ئێستا لەنێو یەکێتیدا هەریەکە لە (بەرهەم ساڵح، نەجمەدین کەریم، فوئاد مەعسوم) کاندیدن بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عێراق، بەڵام یەکێتی لەنێوخۆیدا یەکلایی نەبووەتەوە کە کێ دەچێتە شوێنەکەی تاڵەبانی لە بەغدا.

دڵشاد عەبدولڕەحمان، راوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەیشاردەوە کە بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی "چانسی زۆرترە ئەو پۆستە وەربگرێ و گوتی "بەرهەم ساڵح بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عێراق دەبێ و نەجمەدین کەریمیش بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک باشترە".

بەڵام یەکێتی تاوەکو ئێستا هەڵویستی فەرمی خۆی لەسەر مانەوە یان نەمانەوەی مالیکی بۆ ویلایەتی سێیەم رانەگەیاندووە. کە ماوەی هەشت ساڵە سەرۆکوەزیرانی عێراقە و بەرپرسانی کورد زیاتر لە جارێک باسیانکردووە کە هەشت ساڵی "تاڵ"یان لەگەڵ مالیکی بەڕێکردووە.

ئازاد جوندیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەرێگەی نووسینی نامەیەک بۆ مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەی باسی بوونی "دوو ئاراستە" دەکات لەنێو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا و دەڵێ "ئاراستەیەک لەگەڵ ئەوەن لەگەڵ مالیکی و بەغدا رێککبکەون، ئاراستەی دووەمیش لەگەڵ یەکڕیزی کوردن".

جوندیانی هۆشداریشی داوە کە "تێکدانی یەکڕیزی ناوماڵی کورد" زیانی بۆ هەموو لایەک هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کاتێ نامەکەی جوندیانی لەنێو مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا باسیکراوە، ناکۆکی دروستبووە. ئەو بەرەیەی دەیەوێ لەگەڵ بەغدا و مالیکی رێکبکەوێ و نەجمەدین کەریم رابەرایەتی دەکات گوتوویانە ناکرێ هەموو شتێک قبوڵ بکەن کە پارتی و بارزانی پێیان باش نییە.

ئازاد جوندیانیش لەو کۆبوونەوەیەدا قسەی کردووە و گوتوویەتی "ناکرێ هەموو شتێک وا لێکبدرێتەوە کە لە بەرژەوەندی بارزانی و پارتی دایە، خۆ یەکێتی خوێنی نەڕشتووە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لەگەڵ یەکڕیزی کورد نەبێ". جوندیانی هەروەها گوتوویەتی "ئەی چ خێرمان لە مالیکی بینیووە. ئەوەتا بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان نادات، چۆن لەگەڵی رێکبکەوین؟"

بەپێی سەرچاوەکانی (رووداو) لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا لەسەر یەکڕیزی کورد و پاڵپشتیکردنی مالیکی دەمەقاڵێ روویداوە. عومەر فەتاح، ئەندامی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی رووی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی پاڵپشتی لە مالیکی دەکەن و دەڵێن با لەگەڵ مالیکی رێکبکەوین، گوتوویەتی "هەرکەسێ لە تەوەجوهی یەکڕیزی کوردستانی دەربچێ خیانەت دەکات و بگرە جاشایەتیشە و نابێ مێژوو دووبارە بکرێتەوە".

لەسەر نێوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە دڵشاد عەبدولڕەحمان، راوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان باسی هەڵوێستەکانی عومەر فەتاحی کرد و گوتی "کاک عومەر پێیوایە یەکڕیزی کورد لای یەکێتی هێڵی سوورە، هەرکەسێک یان هەر لایەنێک لەو هێڵە سوورە لابدات خائینە".

دەربارەی هەڵویستی یەکێتی لەسەر مالیکی کە ئایا پشتگیری دەکەن بۆ ویلایەتی سێیەم بمێنێتەوە، دڵشاد عەبدولڕەحمان باسی هەڵویستی عومەر فەتاح دەکات و دەڵێ "رای کاک عومەر وایە وەکو یەکێتی هێڵی سوور لەسەر مالیکی نەبێت، بەڵام ئەگەر کورد بە کۆی دەنگ مالیکی رەتبکاتەوە، ئەوا یەکێتیش لەو کۆدەنگییە دەرنەچێت".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئەو هێڵەی لەنێو یەکێتیدا لەگەڵ یەکڕیزیی کوردن و دەڵێن نابێ یەکێتی لەو خەتە دەربچێ، بریتین لە بەرهەم ساڵح، ئازاد جوندیانی، شێخ جەعفەر، مەحموود سەنگاوی، عومەر فەتاح، حاکم قادر حەمەجان، رزگار عەلی و عەدنان موفتی. بەڵام ئەو خەتەی پشتگیری مالیکی دەکەن پێکدێن لە (نەجمەدین کەریم و عادل موراد و چەند سەرکردەیەکی دیکە) ئەوان دەڵێن "چی بۆ یەکێتی ماوە؟ هەموو شتێک کەوتووەتە دەست پارتی و تەنیا پارتی لەم گەمەیە سوودمەندبووە".

فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# ئەمریکا دژی گشتپرسیی کوردستان نییە



> **قەت وەکو ئێستا مەسەلەی دەوڵەتی کوردستانمان لەگەڵ ئەمریکا بەڕاشکاوی باسنەکردووە**

**رووداو – هەولێر**

چەند کاژێرێک بوو لە ئەمریکا گەڕابوویەوە، ئەو باسی دوا هەڵویستی واشنتنی کرد لەسەر مەسەلەی "گشتپرسی" کورد بۆ مافی چارەی خۆنووسین و فرۆشتنی نەوتی کوردستان.

فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ "یەکەمجارە کورد وا بە کراوەیی باسی مەسەلەی سەربەخۆیی لەگەڵ ئەمریکا دەکات".

29/6/2014 شاندێکی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوو لە فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتنە ئەمریکا.

فەلاح مستەفا، کە شەوی رابردوو بەشداری بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ)ی کەناڵی رووداوی کرد، باسی جیاوازی ئەم سەردانە دەکات لەگەڵ سەردانانی پێشووی شاندەکانی کورد بۆ ئەمریکا و رایگەیاند "جیاوازییەکەی ئەوەبوو، ئەو ئاستەی ئەمجارە بینیمان جارەکانی دیکە نەماندەبینی".

● ئۆباما ئاگای لە گشتپرسیی کوردستانە

● ئەمریکاش مالیکی قبووڵ نییە

شاندەکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەر یەک لە جۆبایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا و جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بەرپرسانی ئاسایشی نەتەوەیی، سیناتۆر، نوێنەران و پیران کۆبوونەوە.

فەلاح مستەفا باسی هەندێ لەو دیدارانەی کرد کە لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەمریکا و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ئەنجامیانداوە "هیچ کاتێک وەکو ئێستا مەسەلەی ئایندەی کوردستان و گشتپرسی لەگەڵ ئەمریکا وا بە کراوەیی باس نەکراوە".

دوای ئەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە دەبێ کورد لەسەر مافی چارەی خۆنووسین "گشتپرسی" بکات. هەرزوو جۆرج ئەرنست، گوتەبێژی کۆشکی سپی ئەمریکا رایگەیاند "وڵاتەکەی لەگەڵ ئەوەیە عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، چونکە عێراق بە یەکپارچەیی بەهێزترە".

بەڵام فەلاح مستەفا، باسی نوێترین هەڵویستی ئەمریکا دەکات لەسەر گشتپرسی کورد و دەڵێ "ئەمریکا بۆ گشتپرسی کورد گوتی لاریمان نییە". گوتیشی مەسەلەی گشتپرسی کورد "گەیشتووەتە سەرۆکی ئەمریکا و ئەمە پەیامی بارزانی بووە بۆ ئەمریکا".

دەربارەی هەڵویستی ئەمریکا لەسەر بەشداری کورد لە پرۆسەی سیاسی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، فەلاح مستەفا ئاشکرایکرد کە ئەمریکامان ئاگادارکردووەتەوە کە کورد "مەرج"ی هەیە "لە ئەمریکا باسی ئەوەمانکرد ئێمە بەرەو کوێ دەڕۆین و پێگەی کورد چی دەبێ، گوتمان ئەوەی روویدا ئێمە لێی بەرپرسیار نین و ئەوەی بەرپرسیارە حکومەتی عێراقە، بۆیە ئامادەین بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراق بکەین، بەڵام مەرجدارە و نابێ بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی پێش رووداوەکانی موسڵ دەبێ ئەوە رەچاوبکرێ".

دبلۆماتکارەکەی کورد کە کاتێک جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر پێیگوت تۆ وەزیری دەرەوەی کوردستانی.

فەلاح مستەفا باسی مەرجەکانی کورد دەکات بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی عێراق کە خستوویانە بەردەم واشنتن "بە ئەمریکامان گوت لەسەر دوو رێچکە کاردەکەین، رێچکەیەک بەشدار دەبین لە حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی نەبینە رێگر و شکستپێهێنانی پرۆسەی سیاسی، بەڵام مەرجدارە و نابێ مالیکی بمێنێتەوە و کێشەکان لە ریشەوە چارەسەر بکرێن، یەک هەنگاویش ناچینە دواوە".

دەربارەی مەرجی دووەمی کورد فەلاح مستەفا گوتی "رێچکەی دووەم، خەڵکی کوردستان گشتپرسی بکات و بڕیار لە مافی چارەی خۆنووسین بدات". گوتیشی بەراشکاوی بە ئەمریکامان گوت "مالیکیمان قبوڵ نییە، ئەمریکا خۆشی مالیکی قبوڵ نییەو لە مالیکی نارەحەتن".

● ئەمریکییەکان گوتیان دژایەتی فرۆشتنی نەوتی کوردستان ناکەن

هەرچەندە هەرێمی کوردستان شەش مانگە بودجە و مووچەی لە بەغدا وەرنەگرتووە، بەڵام ئەمریکا داوایکردووە ئەگەر بچن بۆ بەغدا و بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن و کێشە دارایی و هەندێ کێشەی دیکە چارەسەربکرێ ئەوا کورد هیچ "زەرەر" ناکات، بۆیە "بەشداری دەکەین تاوەکو راپرسی بکەین".

دەربارەی پەیوەندی کورد لەگەڵ عێراق فەلاح مستەفا دەڵێ "10 ساڵ کارمانکرد بۆ عێراقی فیدراڵ، بەڵام نەبوو، تازە ئیدی کورد فیدراڵی ناوێ لە عێراق، کورد لە عێراقی نوێدا دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و سەروەری زۆرتری دەوێ، ئەگەر دوای گشتپرسی عێراق پێیباشبوو وەکو کۆنفدرالییەت ئەوا پێکەوە دەبین ئەگەر نا جیادەبینەوە".

فەلاح لەو بەرنامەیەدا ئاشکرایدەکات کە "بەغدا قەت بڕوای بە کورد نەکردووە، بڕوایان وابوو کە کورد تاوەکو سەر لەگەڵ ئەوان نابن، بگرە لەیەکەم رۆژەوە ئەوان دایانناوە کە رۆژێک لە رۆژان کورد لە عێراق جیادەبێتەوە".

یەکێکی دیکە لەو پرسانەی شاندەکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی کۆشکی سپی باسیانکردووە مەسەلەی نەوت بووە کە ئێستا کورد بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا نەوت دەفرۆشێت.

مستەفا دەڵێ "لەسەر فرۆشتنی نەوتی کوردستان گلەییمان لە ئەمریکا کرد و گوتمان هەڵویستی ئێوە باش نەبوو، داوامان لە ئەمریکا کرد کاتێ کۆمپانیا نەوتییەکان دێنە لای ئێوە بۆ راوێژ بەو شێوەیە راوێژ نەکەن و پێیبڵێن تووشی ئیجرائاتی یاسایی دەبنەوە، بۆیە بڕوامان وایە دوای ئەو گۆڕانەی روویداوە هەڵویستی ئەمریکاش لەسەر نەوتی کوردستان بگۆڕێ".

دەربارەی وەڵامی ئەمریکا لەسەر فرۆشتنی نەوتی کوردستان گوتی "ئەمریکا بەئێمەی راگەیاند کە دژایەتی کورد ناکەین و پابەند دەبین بەو پەیوەندییەی لەگەڵ کورد هەمانە و پەیوەندییەکەش درێژخایەن دەبێ".

**دوو مەرجەکەی کوردستان**

فەلاح مستەفا دەڵێت، بە ئەمریکییەکانیان راگەیاندووە دوو مەرجیان هەیە بۆ بەشداری کردن لە حکومەتی داهاتووی عێراق.

یەکەم: بەشداری لە حکومەتدا دەکەین، بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق شکست نەهێنێت، بەڵام بەو مەرجەی مالیکی نەبێتەوە سەرۆک وەزیران.

دووەم: خەڵکی کوردستان گشتپرسی بکات و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.

## بەرەی تورکمانی: کاتی گشتپرسی نییە

**رووداو – کەرکووک**

ئەرشەد سالحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە عێراق، نیگەرانە لە رەوشی ئێستای کەرکووک و بە گوتەی ئەو لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا تورکمانەکان کۆچی زۆرەملێیان پێدەکرێ. ئەرشەد سالحی هەرچەندە ئەنجامدانی گشتپرسی لە کەرکووک رەتناکاتەوە، بەڵام پێیوایە ئێستاش کاتی نییە. ئەرشەد سالحی، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی "لەو ماوەیەدا زیاتر لە 3000 تورکمان کۆچی بەزۆریان پێکراوەو لە ناوچەکانی خۆیان دوورخراونەتەوە". گوتیشی "ئەو خەڵکە کۆچپێراوە لەژێر هەڕەشەی برسێتیدان و 10 منداڵ بەهۆی برسێتییەوە گیانیان لەدەستداوە".



رووداو
راپۆرت
ژمارە (317) دووشەممە 2014/7/7

"پارێزگار بۆ یەکێتی بێت و گۆڕانیش لەگەڵ حیزبە بچووکەکان رێکنەکەوێت"

# ئێران لەسەر پۆستی پارێزگاری سلێمانی هاتە سەرخەت

کۆمەڵ:
### 15 رۆژ پێش ئێستا پشتگیریمان لە گۆڕان دەکرد

پارتی:
### سێشەممە دەبێ ئەنجوومەنی پارێزگا بڕیاربدات

یەکێتی:
### هیچ وڵاتێکی دراوسێ فشار ناخاتە سەر یەکێتی

**بەهرۆز فەرەیدوون**
**رووداو– سلێمانی**

سەرۆکی وەفدی دانوستاندنکاری یەکێتی بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی رەتیکردەوە لەگەڵ گۆڕان باسیان لەوە کردبێ کە ئەو دوو پۆستە دوو ساڵ بە دوو ساڵ لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن. راشیگەیاند: "تاوەکو ئێستا تەنیا دوو کۆبوونەوەمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کردووە".

پێش یەکەم دانیشتی ئەنجوومەنە نوێیەکەی پارێزگای سلێمانی، شاندێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەجیا لەگەڵ هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە. شاندەکەی ئێران پێکهاتبوون لە هەریەک لە حەسەن داناییفەر، باڵیۆزی ئێران لە بەغدا و ئاغای نەزەری، سەرکۆنسوڵگەری ئێران لە سلێمانی و نوێنەری قاسم سولێمانی و چەند بەرپرسێکی وەزارەتی نێوخۆیی ئێران.

بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو لە کۆبوونەوەکەیاندا لەگەڵ یەکێتی، شاندەکەی ئێران دڵنیاییان داوەتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە پشتگیرییان دەکەن بۆ دیاریکردنی هەر کاندیدێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەن یان پارێزگاری سلێمانی. بەڵام قادر حەمەجان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری یەکێتی دەڵێت: "هیچ وڵاتێکی دراوسێ فشار ناخاتە سەر یەکێتی"، بەڵام نەشیشاردە کە یەکێتی "سوپاسی هەر لایەنێک دەکات کە هاوکاریی بکات بۆ رێککەوتن لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر پۆستەکان".

رووداو زانیویەتی کە شاندەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەردانی نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان-یان کردووە و پێیانڕاگەیاندووە کە ئێران قبوڵ ناکات گۆڕان لەگەڵ حیزبە بچووکەکان هاوپەیمانێتی بکات و "دەبێ لەگەڵ یەکێتی بگەنە رێککەوتن". "پێشنیازیشیانکردووە پۆستی پارێزگاری سلێمانی بۆ یەکێتی بێت".

پێش نیوەڕۆی رۆژی 2014/7/6یش جارێکی دیکە شاندەکەی ئێران سەردانی بارەگای بزووتنەوەی گۆڕانیان کردووە لە سلێمانی و لەگەڵیان کۆبوونەتەوە. بەدواشیدا بۆ جاری دووەم یەکێتی و گۆڕان کۆبوونەتەوە.

مینا ئاوەکەڵەیی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی پارتی، دەڵێت ئەگەر رۆژی سێشەممە 2014/7/8 سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی دیارینەکرێن: "ئەوە درێژکردنەوەی هەر ماوەیەکی دیکە بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک و جێگری ئەنجوومەن کارێکی نایاساییە". بەگوتەی ئاوەکەڵەیی: "رۆژی سێشەممە دوای دیاریکردنی سەرۆک و جێگری ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە دەتوانرێت دەنگ بە کاندیدێک بدرێت بۆئەوەی ببێتە پارێزگاری سلێمانی. ئەگەرنا 15 رۆژ دەخرێتە بەردەم لایەنە سیاسییەکان بۆ رێککەوتن لەسەر دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی".

دوو حیزبە ئیسلامییەکەی کوردستان (کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە چوار ساڵی رابردوودا هاوپەیمانی گۆڕان بوون. ئەوان پێکەوە چەندین بەرنامە و پاکێجیان بۆ چاکسازی پێشکەشی حکومەت کرد، بەڵام پێناچێت هاوپەیمانەکانی دوێنێ مابن و نایانەوێ لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا بەئاشکرا یەکێکیان هەڵبژێرن.

دارا محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان، دەڵێت: "پێش دوو هەفتە دەنگی ئێمە و یەکگرتووی ئیسلامی لەپاڵ دەنگی بزووتنەوەی گۆڕاندا بوو، بەڵام بۆ ئێستا نا. ئێمە پەیامێکی نوێ دەدەینە یەکێتی و گۆڕان و پێیاندەڵێین ئێوە خۆتان رێکبکەون و ئێمەش پشتیوانی لە رێککەوتنەکەتان دەکەین".

ئەنجامی سەردانەکەی شاندی ئێرانییەکان بۆ سلێمانی، لەسەر دوو حیزبە ئیسلامییەکە (واتە یەکگرتوو و کۆمەڵ) رەنگیداوەتەوە. ئەویش بەوەی کە خۆیان دوورگرت لەوەی کە ببنە فاکتەری یەکلاییکردنەوەی کێبڕکێی نێوان نیلییەکان و سەوزەکان لەسەر پۆستی پارێزگاری سلێمانی. ئەمەش دروست ئەو پەیامەیە کە ئێرانییەکان بەگوێی گۆڕانیاندا چرپاندووە.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### سلێمانی لەنێوان نیلی و سەوزدا

نزیکەی 2 مانگە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەهۆی ناکۆکیی نێوان یەکێتی و گۆڕانەوە نەتوانراوە ئیدارەی نوێی پارێزگای سلێمانی پێکبهێنرێت. گۆڕان 12 کورسی و یەکێتی 11 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بەدەستهێناوە و هەرلایەکیان پێویستی بە کورسی و پشتیوانی لایەنەکانی دیکە هەیە بۆ ئەوەی بتوانن 1+50 دروست بکەن.

نوێنەری حکومەتی کوردستان لە تاران:

# جەماعەتی مەلا کرێکار لە ئێران نەماون

- نابێ پەلە بکرێت لە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان
- قەبارەی بازرگانیی نێوان هەولێر و تاران دابەزیوە بۆ ٣ ملیارد دۆلار لە ساڵێکدا
- ئێران پێیوایە شیعەکانی عێراق مەسەلەی سەرۆک وەزیران یەکلایی دەکەنەوە
- کوردستان گلەیی لە ئێران نییە



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران، پێیوایە هێشتا پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و باشووری کوردستان ئاساییە، بەڵام بەرپرسانی ئێرانی "پێیانباشە کورد هاوسەنگی سیاسی دروست بکات لە عێراقدا. هەروەها بەشدار بێت لە حکومەتی داهاتوودا".

بەگوتەی نازم عومەر، لەو ماوەیەدا کە باسوخواسی ئەنجامدانی گشتپرسی لەئارادایە، گۆڕانکاری روونەداوە لە هەڵوێستی حکومەتی ئێران بەرامبەر بە حکومەتی کوردستان، "لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە هیچ گلەییەک نییە، کە بە من گوترابێت، بەرامبەر هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران".

ئەو بەرپرسەی حکومەتی کوردستان پێیوایە ئاساییە ئەگەر بیروڕای جیاواز هەبێت لەنێو کاربەدەستانی ئێرانیدا، چونکە وەک ئەو باسیکرد، بیروڕای جیاواز لەنێو سەرکردە عێراقییەکانیشدا هەیە لەسەر مەسەلەی گشتپرسی: "نە سەرکردە ئێرانییەکان و نە سەرکردەکانی خۆشمان لەوبارەیەوە هیچ گلەییەکیان بە ئێمە، وەک نوێنەرایەتیی تاران، نەگەیاندووە. هەردوولاش هەمیشە لەگەڵ ئەوەدان کە هاوسەنگی لە پەیوەندییەکاندا هەبێت. جگە لەوەش پشتیوانی لە هاوپەیمانیی نێوان کورد و شیعە و ئەو سووننانە دەکەن کە لایەنگری حکومەتی عێراقن".

لە رۆژانی رابردوودا رەوشێکی نوێی سیاسی و ئیداری لە عێراق دروستبووە. ئەویش دوای ئەوەی کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لەنێو شاری موسڵەوە شەڕیان لەدژی سوپای عێراق دەستپێکرد. دواتریش گەیشتنە پارێزگای سەلاحەدین و چەند قەزا و ناحیەیەکی ئەو ناوچەیەشیان کۆنترۆڵکرد.

دوای کشانەوەی سوپای عێراق لە ناوچە (پێشتر) دابڕاوەکان، پێشمەرگە نزیکەی 90%ی ئەو ناوچانەی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا لە پەرلەمانی کوردستان گوتی: "پێشمەرگە لەو ناوچانە پاشەکشە ناکات".

سەرچاوەیەکی تۆڕی میدیایی رووداو لەنێو مەکتەبی سیاسیی یەکێک لە پارتەکانی باشووری کوردستان، ئەوەی ئاشکراکرد کە "تاوەکو ئێستاش ئێرانییەکان سوورن لەسەرئەوەی کە پێویستە پێشمەرگە لەدژی چەکدارانی داعش شەڕ بکات و هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق بکات". بەپێی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە: "چەند جارێک شاندی ئێرانی بۆ ئەو داواکارییە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان". بەڵام نازم عومەر زانیارییەکی ناتەبا لەگەڵ ئەوەی سەرەوەدا دەدات و دەڵێت: "کاربەدەستانی ئێرانی بڕوایان وایە کە نابێ دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆی عێراقدا بکرێت". نوێنەری حکومەتی کوردستان لە تاران دەڵێت هێندەی ئەو ئاگاداربێت و تێگەیشتبێت لە ئێرانییەکان: "بەشێک لە کاربەدەستانی ئێرانی ئەو رەوشەی عێراق بە ئەنجام و کاردانەوە دەزانن. ئەوەش وایلێکردوون پشتگیریی لایەنێک نەکەن و دەڵێن ئەوەی کە هەیە پەیوەندیی بە دۆخی نێوخۆیی عێراقییەکانەوە هەیە".

ئێستا بۆچوونی ئەمریکییەکان بەرامبەر مانەوەی مالیکی، وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق، گۆڕاوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆنووسی کۆبونەوەی نێوان جۆن کیری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لەگەڵ مالیکی ئاشکرابوو، بەڵام ئایا ئێرانییەکانیش نەهاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە پێویستە مالیکی دەستبەرداری پۆستی سەرۆک وەزیران بێت؟ نازم عومەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێ: "ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمە مەسەلەیەکی نێوخۆییە و لەگەڵ رەچاوکردنی بیروبۆچوونی هەموو لایەنەکاندان. وایتێدەگەم کە ئێرانییەکان رایان وایە کە دەبێ هاوپەیمانیی شیعەکان خۆیان مەسەلەی سەرۆک وەزیران یەکلایی بکەنەوە. واتە پەیوەندیی بە شیعەی عێراقەوە هەیە و خۆیان بڕیاردەدەن. تاوەکو ئێستاش ئێران بڕیاری خۆی نەداوە".

باشووری کوردستان 470 کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ ئێران هەیە. چەند مانگێک پێش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، کاتێک ئەمریکییەکان بە مووشەک هێرشیانکردە سەر گرووپی ئەنسارولئیسلام لە ناوچەی هەورامان، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و چەکدارانی ئەو گرووپە روویان لە ئێران کرد. پێشتر سەرکردەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی بە (رووداو)ی گوتبوو کە هێشتا ئەندامانی ئەو گرووپە لە ئێران ماون، بەڵام نازم عومەر دەڵێت: "ئێستا لە ئێران نەماون و رۆیشتوون". هەروەها "رێککەوتنی ئەمنی لەنێوان ئێران و هەرێمی کوردستاندا هەیە و ئەو جەماعەتەی مەلا کرێکار ئێرانیان جێهێشتووە".

میدیای جیهانی لەمرۆژانەدا سەرقاڵی لێکدانەوە و ئەگەرەکانی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە. نوێنەری حکومەتی کوردستان لە تارانیش رای خۆی لەسەر ئەو مەسەلەیە دەڵێت و پێیوایە "رەنگە کاتەکە گونجاو نەبێ بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی" چونکە "ئەو مەسەلەیە پێویستی بە زەمینەسازیی تەواو هەیە و دەبێ پەلە نەکەین. دەبێ پەلە لە شێوازی راگەیاندنی نەکرێت و دیراسەت بکرێت". لەبارەی رای کۆماری ئیسلامی ئێرانیشەوە، نازم عومەر دەڵێت: "هێشتا کورد بەفەرمی هیچی لەوبارەیەوە رانەگەیاندووە. ئەوەی هەیە تەنیا بیروبۆچوونە و لە سەردانی سەرۆکی حکومەتیش بۆ ئێران، تەنیا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا دووپاتکراوەتەوە".

ئێستا جیاوازی هەیە لە بۆچوونی ئێران و تورکیا سەبارەت بەو مامەڵەیەی کورد لە باشووری کوردستان گرتویەتییە بەر بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی. پرسیارە ئەوەیە کە بۆچی سەرکردەکانی کوردستان نەیانتوانیوە دڵنیایی زیاتر بدەنە ئێرانییەکان؟ نازم عومەر لەوبارەیەوە دەڵێت "هێشتا تورکیاش پێداگیری لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکاتەوە". هەروەها دەڵێت کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا "ئێران، دوای ئەمریکا، دووەم وڵات بوو کونسوڵخانەی کردەوە".

ئێستا قەیرانی سووتەمەنی و بەنزین لە باشووری کوردستان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەش هەر بەردەوامە. هەرچەندە دەگوترێ حکومەتی تورکیا بەڵێنی سوککردنی ئەو قەیرانەی بە کوردستان داوە، بەڵام دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ ئێرانیش رۆڵی گرنگ دەبینن بۆ هاوردەکردنی سووتەمەنی. بەڵام نوێنەری حکومەتی کوردستان لە تاران دەڵێت لەوبارەیەوە هیچیان نەکردووە: "چونکە داوا لە ئێمە نەکراوە لەوبارەیەوە قسە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین". هەروەها "بەڵام ئێستا هێنانی سووتەمەنی لە ئێرانەوە دراوەتە دەست کەرتی تایبەت".

بەگوتەی ئەو کاربەدەستەی حکومەتی کوردستان، "بەهۆی نەبوونی بودجە و کەمبوونەوەی کار و شەڕوشۆڕی ناوچەکەوە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان باشووری کوردستان و ئێران دابەزیوە بۆ 3 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا".

عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

# ئێران دڵنیابێت دەوڵەتی کوردستان دژی ئەوان نابێ



هەرچەنـدە "پەیوەندیی پتەو"ی هەیە لەگـەڵ نووری مالیکی، سـەرۆک وەزیرانی عێراق، بـەڵام عەدنان موفتی، ئەندامـی مەکتەبی سیاسـی یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگـەڵ (رووداو) بۆ یەکەمجار بەئاشـکرا باسـی هەڵویسـتی حیزبەکەی دەکات لەبارەی مالیکییەوە و دەڵێت: "دەبێ مالیکی بگۆڕدرێ، بۆئەوەی گرێکوێرەکانی عێراق بکرێنەوە". دەربارەی دەوڵەتی کوردستانیش دەڵێت: "هەڵویستی یەکێتی لەگەڵ هەڵویستی بارزانییە و ئامادەین ئێران دڵنیابکەینەوە کە دەوڵەتی کوردسـتان دژی ئێران نابێت". موفتی نەیشـاردەوە کە لە نێو حیزبەکەیدا، وەکو هەموو حیزبەکانی دیکە، "دوو ئاراسـتە" هەن: ئاراسـتەیەک لەگەڵ مانـەوە و رێککەوتنە لەگەڵ "مالیکی" و ئاراستەیەکیش لەگەڵ "یەکرێزیی کوردە".

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

## لە ساڵانی داهاتوودا دەوڵەتی کوردستان دەبێتە واقیع

**رووداو: چەند رۆژ لەمەوبەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان چووە پەرلەمان و داوایکرد گشتپرسی بکرێت. وەک یەکێتی لەگەڵ ئەم هەنگاوەدان؟**

**عەدنان موفتی:** بێگومان لەگەڵ ئەم هەنگاوەداین و لە پەرلەمانیش ئەوە دیار بوو. یەکێتی پشتگیریشیکرد. لە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێزە سیاسییەکان ئەو بابەتە (واتە گشتپرسی) چەندجار باسکراوە. ئەویش بەوشێوەیە کە لەدوای هەڵسەنگاندنی دۆخی عێراق، ئایا کورد چی بکات؟ چونکە ئەو دەستوورەی باسی عێراقی فیدراڵ و دیموکراسی دەکات پێشێل دەکرێت. مەترسیی داعش و تیرۆریستان، کە بەمدواییە پەیدابووە و کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی هەر بەردەوامن. ئایا کورد هەر وا رابوەستێ؟ لەکاتێکدا بڕیاردان لەسەر چارەنووسمان، مافی خۆمانە و مافێکی سروشتییە.

پێمانوابووە و ئێستاش پێمانوایە ئەگەر عێراق، عێراقێکی فیدراڵی بێت، ئەوە پابەندین بەو عێراقەوە و لە بەرژەوەندیی خۆشمانە، بەڵام کە ئەو عێراقە دانەمەزرێ و مەترسیی هەبێت، لەسەر کورد پێویستە بیر لە خۆمان بکەینەوە.

**رووداو: ئێستا کاتی ئەوەبوو کە کورد باسی گشتپرسی و دەوڵەتی کوردستان بکات؟**

**عەدنان موفتی:** بەڵێ کاتی خۆیەتی و دەبێ هەموو جیهان تێبگات کە گەلەکەمان ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی دەوێت، ئەگەر لە عێراق دیموکراسییەت و فیدرالییەت نەچەسپێ. گشتپرسیش ئەوە نییە دەستبەجێ سەربەخۆیی رادەگەیەنیت. بەڵکو گشتپرسی ئیرادەی گەلێکە دەیخەیە بەردەم سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی لە رووداوەکان و گفتوگۆکاندا، کە ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجام بۆ دامەزراندنی عێراقێکی فیدراڵ، ئەوە ئەو گشتپرسی زۆربەی هەرە زۆری کورد پشتگیریی دەکات.

**رووداو: گشتپرسییەکە بۆ دەوڵەتە یان کۆنفیدراڵییەت؟**

**عەدنان موفتی:** ئەگەر عێراق بەرەو دابەشبوون بڕوات، کە ئێستا ئەو دیاردانەی هەیە، شەڕی سوننە و شیعە هەیە و ئیمکانی دیالۆگیش نەماوە. هەرچەندە ناڵێم 100% نەماوە، بەڵام ئەگەر نەکرا ئەوە کورد مافی خۆیەتی خۆی بپارێزێت و رای گەل بە دنیا بگەیەنێ و بڵێن سەربەخۆیی رادەگەیەنین. چونکە تاوەکو ئێستا ئیرادەیەکی وا نابینین بۆ پێکەوە بەردەوامبوون. دەزانن لە دێری کۆتایی پێشەکی دەستووری عێراقدا (واتە دیباجە) نووسراوە پابەندبوون بە جێبەجێکردنی مادەکانی دەستووری عێراق، زامنە بۆئەوەی ئەو عێراقە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە. بۆیە بۆ بەیەکگرتوویی مانەوەی عێراق، دەبێ دەستوور جێبەجێ بکرێ. ئێ کوا ئەو دەستوورە جێبەجێکراوە؟ بەڵکو دەیان مادەی ئەو دەستوورە پێشێلکراوە.

هەروەها دەبێ بەر لە راگەیاندنی سەربەخۆیی، بە دنیای رابگەیەنین کە دژایەتی هیچ لایەن و دەوڵەتێک ناکەین و بەرژەوەندیی وڵاتانی دراوسێ لەبەرچاوەدەگرین. دەشمانەوێ ئەو دەوڵەتە بە دیالۆگ دروست بکەین. ئێمە خەڵکێک نین خاکی خەڵکی دیکەمان داگیرکردبێت.

**رووداو: گشتپرسییەکە هەر دەکرێت؟**

**عەدنان موفتی:** گشتپرسی کارێکی ئاسانە و لە گەلی خۆمان دەپرسین: ئایا دەوڵەتتان دەوێ یان مافی چارەی خۆنووسین کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات بە چ شێوەیەک بێ؟ ئەگەر گەل گوتی بەڵێ، ئەوە دەخرێتە بەردەم سەرکردایەتیی سیاسی بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدات.

**رووداو: بەڵام مالیکی دەڵێ قبوڵ ناکەین کورد باسی گشتپرسی و مەسەلەی سەربەخۆیی بکات، چونکە لە دەستووری عێراقدا نەهاتووە؟**

**عەدنان موفتی:** مەسەلە قبوڵکردن و قبوڵنەکردن نییە، بەڵکو دەبێ رێز لە ئیرادەی گەلی کورد بگیرێ، تەماشای

## دەوڵەتانی عەرەبی واقیعی دەوڵەتی کوردستان قبوڵدەکەن

## یەکێتی بۆ گشتپرسی لەگەڵ رای بارزانییە

ئەو 10 ساڵە بکەن کە دەنگ بەو دەستوورە دراوە ئێمەی گەیاندووەتە کوێ. ئایا یەکسانی لە عێراقدا هەیە؟ ئایا دەسەڵاتەکانی بەغدا دابەشکردنی هەیە؟ ئایا ئاڵۆگۆڕکردنی دەسەڵات هەیە لە بەغدا؟ ئەی رێژەی پێکهاتەکانی عێراق لەنێو رێزی سوپادا چۆنە و چەندە؟ ئێستا عێراق لەسەر نەخشە بووەتە سێ بەش. راستە ئیرادە لەلای کورد هەیە کە لە عێراقدا پێکەوە بژین، بەڵام سوونە و شیعە ئەو ئیرادەیەیان هەیە؟ کەس ناتوانێ رێگری لە ئەنجامدانی گشتپرسی بکات، نە عێراق و نە غەیری عێراق. ئەگەر کورد بڕیاری خۆی دا، دەبێ خۆی بۆ کاردانەوەی بەغدا و غەیری بەغداش ئامادە بکات.

**رووداو: کەی گشتپرسی دەکرێت؟**

**عەدنان موفتی:** دەبێ کار بۆ گشتپرسی بکرێ و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت. هەروەها دەبێ تورکمان وعەرەبەکانی نێو کەرکووکیش رازی بکرێن، کە ئەوان دێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و مافیان پارێزراوە. بۆیە دەبێ یەکەمجار راپرسی لەسەر ناوچە دابڕاوەکان و بەتایبەت لەسەر کەرکووک بکرێ، ئینجا راپرسی گشتی بکرێ، بە ناوچە دابڕاوەکانەوە. ئومێدمان وایە کە ئەو پرۆسەیە ساڵێکی دیکە نەخایەنێت. ئەمەش بەندە بە حکومەتی داهاتووی عێراقەوە کە چۆن دادەمەزرێت.

**رووداو: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پەیوەندیی باشی هەیە لەگەڵ ئێران، ئایا ئەو پەیوەندییەی بەکارهێناوە کە ئێران هیچ مەترسییەکی نەبێ لەسەر دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان؟**

**عەدنان موفتی:** هەردوو دەوڵەتی هاوسێمان، واتە ئێران و تورکیا، دوو دەوڵەتی گەورەن و هەڵویستیان لە رابردوودا دژی دەوڵەتی کوردستان بووە، بەڵام گۆڕانکاریی زۆر هاتووەتەپێش. ئەو ئەزموونەی لەدوای ساڵی 1991ەوە لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەمیشە لەگەڵ تورکیا و ئێران هەوڵمانداوە پەیوەندیی سیاسی و ئابووری باش بێت و ئێستا هەنگاوی باش چووینەتە پێشەوە. ئێستا نوێنەری هەرێمی کوردستان هەیە لە تاران. بۆیە پێویستدەکات دیالۆگمان لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە هەبێ و دڵنیایان بکەینەوە کە دەوڵەتی کوردستان دژی ئێران نییە و دەست لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانە وەرنادەین.

**رووداو: لەنێو یەکێتیدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەجیا لەسەر مەسەلەی گشتپرسی و سەربەخۆیی، بەیاننامە بڵاودەکەنەوە. ئەوە مانای وانییە کە یەکێتی تاوەکو ئێستا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە؟**

**عەدنان موفتی:** لە فەیسبووک هاووڵاتی ئاسایی بەیاننامە بڵاودەکاتەوە، ئەوانیش ئەندامانی مەکتەبی سیاسین و رای خۆیان دەربڕیوە و ئەمە سرووشتییە. بڕوا ناکەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە بنەما سەرەکییەکانی یەکێتی دەربچن.

**رووداو: عادل موراد، سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی دەڵێ ئێمە دەوڵەتی کوردستان دروست ناکەین، ئەمە رای خۆیەتی یان رای یەکێتیشە؟**

**عەدنان موفتی:** بڕواناکەم گوتبێتی دەوڵەتی کوردستان دروست ناکەین، چونکە کەس ناتوانێ ئەو قسەیە بکات. بەڵکو رەنگە گوتبێتی دۆخەکە لەبار نییە بۆ ئەو هەنگاوە. وەڵامی ئێمە بۆ هەموو دنیا ئەوەیە کە ئێمە دەوڵەتی کوردستان دروست ناکەین، بەڵام عێراق خۆی بەرەو تێکچوون دەچێ. ئێمە چی بکەین؟ ئاوا دابنیشین؟ لەلایەن بەغداوە دەستوور پێشێل دەکرێت و بودجە و مووچەی خەڵک دەبڕدرێت، ئایا گەلی ئێمە لێمان قبوڵدەکات بێدەنگ بین؟ کوردیش لەڕووی ئابووری و حکومەت و فرۆشتنی نەوتەوە پێگەی خۆی هەیە. ئەوە ئەوانی دیکەن کە عێراق تێکدەدەن نەک کورد.

**رووداو: ئازاد جوندیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، دەڵێت ئێستا لەنێو یەکێتیدا دوو ئاراستەی جیا هەیە، ئاراستەیەک لەگەڵ یەکڕیزیی کوردە و ئاراستەیەک لەگەڵ ئەوەدایە کە لەگەڵ بەغدا و مالیکی رێکبکەون، کامەیان باشترە؟**

> ئەگەر لەگەڵ بەغدا نەگەیشتینە رێککەوتن دەوڵەت رادەگەیەنین

> نە عێراق و نە غەیری عێراق ناتوانن رێگری لە ئەنجامدانی گشتپرسی بکەن

> دەوڵەت دروست ناکەین، بەڵام ئەگەر عێراق تێکچوو چی بکەین؟

> مالیکی بووەتە گرێکوێرە و ئەگەر بمێنێ کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات

**عەدنان موفتی:** ئەو بیروڕایە لەنێو هەموو حیزبەکاندا هەیە، بەڵام گوزارشتکردن دەگۆڕدرێت. کاتێک دەڵێی سەربەخۆییمان دەوێ، مانای ئەوە نییە، یان کاتێک دەڵێی کێشەکان دەبێ لە بەغدا چارەسەربکرێن، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە نابێ باسی دەوڵەتی کوردستان بکەین. سەبارەت بە دیالۆگ، بەڵێ ئێستاش دەڵێم دەبێ لەگەڵ بەغدا دیالۆگ بکەین، بەڵام کام بەغدا؟ بەغدا نابێ بڕوای بە دیالۆگ هەبێ؟ نابێ بڕوای بە دەستوور هەبێ؟ نابێ تێبگات لە پێداویستیی هەرێمی کوردستان؟ ئێ نابێ لە مێژوو تێبگات کە ئەو میللەتە (واتە کورد) چەند چەوساوەیە و بە هیچ شێوەیەک دیکتاتۆریەتی تازە قبوڵ ناکات؟ مەسەلەی دەوڵەت مافی سرووشتیی کوردە و کەس ناتوانێ لەدژی بوەستێ. دەمەوێ بڵێم لە ساڵانی داهاتوو دەوڵەتی کوردستان دەبێتە واقیعێک و دەوڵەتانی عەرەبیش ئەوە قبوڵ دەکەن.

**رووداو: کام ئاراستە زاڵترە لەنێو یەکێتیدا، ئەوەی داوا دەکات لەگەڵ بەغدا و مالیکی رێکبکەون یان ئەوانەی داوای یەکڕیزیی کوردستان دەکەن؟**

**عەدنان موفتی:** یەکڕیزی لەپێش هەموو شتێکە، ئەمە لەنێو پارتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ و لایەنەکانی دیکەشدا هەروایە. ئەو یەکریزییە بەتێکڕای دەنگ لە کۆبوونەوەکانی هێزە سیاسییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بڕیاری لەسەردراوە. دیالۆگیشمان لەگەڵ بەغدا رەتنەکردووەتەوە.

**رووداو: خۆت لەگەڵ کام ئاراستەدا دەبینی لەنێو یەکێتی؟**

**عەدنان موفتی:** یەکریزی لای من ئەساسە و دیالۆگیش لەگەڵ بەغدا ئەساسە. بە دیالۆگ زۆر شت دەگۆڕدرێت.

**رووداو: یەکێتی لەگەڵ مانەوەی مالیکییە بۆ ویلایەتی سێیەم؟**

**عەدنان موفتی:** پێمانوایە لایەنە سیاسییەکان بە یەک هەڵوێست مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکەن باشە. ئەگەر هاوپەیمانیی نیشتیمانی (شیعە) رێککەوتن لەسەر کەسایەتییەکی دیکە، بۆئەوەی بیکەنە سەرۆک وەزیرانی عێراق باشتردەبێ. مالیکی بێ یان کەسێکی دیکە بێ، دەبێ کورد کاری سەرەکیی بەرگریکردن بێت لە مافەکانی گەلی خۆی و بزانێت کە دەگەینە چی. ئایا دیالۆگ لە عێراق سەردەگرێ؟ وام پێباشترە کەسێکی دیکە لە شوێنی مالیکی دابنرێت، بەڵام رای جیاوازیش هەیە کە دەڵێن مافی خۆیەتی بمێنێتەوە، بەڵام ئایا بە مانەوەی مالیکی کێشەکان چارەسەر دەکرێن؟

سەدرییەکان، سوونەکان و زۆربەی کوردیش لە مالیکی نارازین. بۆیە دەبێ مالیکی خۆی لەنێو لیستی دەوڵەتی یاسادا کەسێکی دیکە دابنێت، نەک مالیکی بمێنێتەوە. مالیکی بووەتە گرێکوێرەیەک و ئەگەر بمێنێ ئەو گرێکوێرەیە ناکرێتەوە. کێشەکانیش ئاڵۆزتر دەکات.

**رووداو: لەو ماوەیەدا چەندینجار نەجمەدین کەریم سەردانی بەغدای کردووە و لەگەڵ مالیکیش کۆبووەتەوە. یەکێتی لەوە ئاگادارە؟**

**عەدنان موفتی:** نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە و پارێزگاری کەرکووکە، دەتوانێت بەهۆی ئەو دوو پۆستەوە کۆبوونەوە بکات. ئەوەندەی من ئاگادارم باسی رەوشی عێراق و کەرکووک و داعش کراوە.

## PKK دەگەڕێتەوە باکوور



**رووداو- میللیەت**

لە چوارچێوەی پرۆژەیاسای پەیوەندیدار بە چارەسەری کێشەی کورد، کە کارئاسانی بۆ گەڕانەوەی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات، چاوەڕوان دەکرێت هەتا مانگی نیسانی 2015 یەکەم کاروانی گەریلاکانی PKK بگەڕێتەوە بۆ باکووری کوردستان. بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی ئەنقەرە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی یاسا نوێیەکە پێی دەبەخشێت دەزگایەکی نوێ دادەمەزرێنێت بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی گەڕاندنەوە. پرۆسەکە تاوەکو کۆتایی ساڵی 2015 بەردەوام دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی سەرجەم ئەندامانی PKK لە کەمپی مەخموور و قەندیل و ئەورووپا.

## سیپان حەمۆ، بەرپرسی YPG بۆ (رووداو):

# داعش شەڕی فرۆشتنی چەک دەکات

● تەنیا YPG لە سووریا شایەنی هاوکاری ئەمریکایە

● کەس بە قەد ئێمە داعش ناناسێت

**موتلو جیڤیرۆغلو**
**رووداو- کۆبانێ**

سیپان حەمۆ، بەرپرسی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPGیە، کە یەکێکە لە رێکخراوترین هێزی شەڕکەری لە سووریا. یەپەگە کە لە رۆژئاوای کوردستان جێگیرە، لە دوو ساڵی رابردوودا شەڕی گرووپە ئیسلامییەکانی کردووە و کۆنترۆڵی ئاسایشی ناوچەکانی ژێردەستی خۆی کردووە.

ئەو هێزە کوردییە لە شەڕێکی قورس دایە لەگەڵ گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کە ئێستا جگە لە چەند شارێکی سووریا، چەند ناوچەیەکی عێراقیشی گرتووە. سیپان دەڵێت کەس بە قەد ئەوان ئەو هێزە (داعش) ناناسێ "ئێمە بەڵگەمان هەیە، داعش هێزێکی هەرەمەکی نییە، لەلایەن دەزگا موخابەراتییەکانی وڵاتانەوە ئاراستەکراوە بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی دەوڵەتێکی دیاریکراو لە سوریا جێبەجێ بکەن".

سیپان حەمۆ پێیوایە ئەو پاڵپشتییەی لە داعش دەکرێت تەنیا بۆ ئەوەیە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رابکێشرێتە نێو شەڕێکی ناوخۆیی "ئەمە سوودی بۆ هێزە نێودەوڵەتییەکان دەبێت. ئەو سوودەش بە فرۆشتنی چەک دەست پێدەکات".

بەبڕوای سیپان حەمۆ هەرچەندە داعش لەلایەن هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بەکاردەهێندرێت، بەڵام داعشیش توانیویەتی ئەو هێزانە بەکاربهێنێت. سیپان دەڵێت "بە زیرەکی خۆیان، داعش توانیویانە سوود لە توانا هەواڵگرییەکانی ئەم وڵاتانە بەشێوەیەکی زۆر زۆرزانانە وەربگرن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان لەم هەرێمەدا بسەپێنن".

سیپان نموونە بە تورکیا دەهێنێتەوە و دەڵێت"کاتێک داعش شەڕی لەگەڵ ئێمە دەستپێکرد، زۆر بە ئازادانە سنوورەکانی تورکیای بەکارهێنا، جگە لەوەش بریندارەکانی خۆی لە تورکیا چارەسەر دەکردن".

سیپان باسی پلانی کۆنترۆڵکردنی موسڵ دەکات لەلایەن داعش و دەڵێت "ئێران و عێراق و سووریا بەشێکن لەم پلانە. لەلایەکی دیکەوە تورکیا و هێزەکانی دیکە، کە پێکەوە کاردەکەن ئاگاداری ئەم پلانە بوون".

سیپان حەمۆ پێیوایە سوودمەندی یەکەم لەو رەوشە ئێرانە "چونکە ئێران پێیوایە تاوەکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە ئاژاوە و فەرتەنەوە بئاڵێت، بەرژەوەندییەکانی ئەوان پارێزراوتر دەبن". هەروەها "ئێران دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەی نیوەبازنەیی شیعی دا کە لە عێراقەوە بۆ سوریا و بۆ لوبنان درێژ دەبێتەوە بسەپێنێت. ئەم خەونەش تەنیا لە رێگەی قووڵکردنەوەی توندوتیژییە مەزهەبیەکانەوە دەکرێت بهێنرێتەدی".

سەبارەت بە رۆڵی تورکیاش لەو ناوەدا، سیپان دەڵێت "تورکیا هیچ شتێک ناکات بۆ وەستاندنی هەر هێزێک کە هەوڵی لە ناوبردنی دەستکەوتەکانی کورد بدات. تورکیا بۆ خۆی هەموو کاتێک گوتویەتی کە ئەوان هێشتا خەون بە ویلایەتی موسڵ دەبینن. بۆ ئەم مەبەستە، تورکیا داوای لە هێزە تایبەتەکانی خۆی لە موسڵ کرد کە شەڕ نەکەن، بەڵکو هەوڵی رێککەوتن بدەن. هەمان فەرمانیش بە سەربازەکانی پاسەوانی گۆڕەکەی سولەیمان شا لە کۆبانێ درا بوو".

سیپان نموونە بە دەستگیرکردنی دیپلۆماتکارانی تورک دێنێتەوە لەلایەن داعشەوە لە موسڵ و دەڵێت "مانەوەی دیپلۆماتکارە تورکییەکانی موسڵ لای داعش، بۆ خۆی سیاسەتی تورکیایە. ئەو قسەیەی پێشتر دەیانگوت: تورکێک لە هەموو دنیا بەنرخترە. چی لێ بەسەرهات؟ ئێستا زۆر تورک لە دەستی چەتەکاندان و تورکیاش زۆر بێدەنگە، ئەمە مانای وایە کۆمەڵە شتێک لە پشتی دەرگاوە دەگوزەرێن".

دەمێکە دەگوترێت ئەمریکا دەیەوێت ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سووری پڕ چەک بکات. سیپان حەمۆ دەڵێت ئەوان ئاگاداری ئەو هەوڵەی ئەمریکان، بەڵام بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت "میانڕەو" یانی چی؟ "ئەگەر ئەمریکا لەم رووەوە جیدیە، ئەوا کورد و هێزەکانی یەپەگە لە هەموو کەس زیاتر شایەنی پشتگیرین".



سیپان رووی قسە لە سەرۆکی ئەمریکا و وەزیری دەرەوەی دەکات و دەڵێت "ئەگەر ئەوان نایەنەوێت کێشەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووە و هەرکەس بۆخۆیی زیاتر بڕوات، ئەوە پێویستە سیاسەتەکانیان بەرامبەر بە کورد بگۆڕن. بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەمریکا ئەوەی روون نەکردووەتەوە کە شوێنی کوردی رۆژئاوا لە سیاسەتی ئەواندا لە کوێیە و چ رۆڵێک بە کورد دەدەن لە بنیاتنانی دیموکراسی لە سووریا".

هەرچەندە یەکینەکانی پاراستنی گەل لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی سووریا بە ئاشکرا راگەیەنرا، بەڵام بەپێی قسەی سیپان حەمۆ ئەو هێزە بە ساڵی 2004 بە نهێنی دامەزراوە. ئێستا شەڕی ئەو گروپە کوردییە بەرامبەر داعش سەرنجی میدیاکانی جیهانی راکێشاوە.

بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو هێزە، کە پارێزگاری لە کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات، لەلایەن وڵاتانەوە مامەڵەیەکی دیپلۆماسی لەگەڵ ناکرێت. سیپان حەمۆ پێیوایە "سیاسەتی کوردی لەم رووەوە کورتی هێناوە". چەند هۆکارێکیش بۆ ئەمە دێنێتەوە و دەڵێت "هێزە جیهانییەکان لە سیاسەتی رۆژئاڤا تێنەگەیشتوون و تا ئێستاش بڕیاریان نەداوە کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. ئەوان دەیانەوێت رێگە بۆ حکومەتە ناوەندییەکان خۆش بکەن، کە هەرچییەک ئەوان دەیانەوێت بە ئارەزووی خۆیان بیکەن".

سیپان حەمۆ هەروەها دەڵێت "ئەگەر ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا بە ڕاستی دیموکراسیان دەوێت و دەیانەوێت گەشە بە دیموکراسی بدەن لە ناوچەکەدا، ئەوە دەبێت دان بە کورددا بنێن".

## سیاسەتی کوردیان پێ راستترە

# عەلەوییەکان لە CHP هەڵدەگەڕێنەوە

**دەنیز سەرینجی**
**رووداو – کۆپنهاگن**

پاش دەیان ساڵ لە پشتگیری سەرەکیترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا، عەلەوییەکان، کە کەمینەیەکی شیعەن و لەم مانگەدا یادی کوژرانی 37 کەسیان دەکەنەوە، ئێستا پشتگیری پارتە کوردییەکانی تورکیا دەکەن.

بۆ چەندین نەوەیە زۆربەی عەلەوییەکان دەنگ بە پارتی گەلی کۆماری CHP لە تورکیا دەدەن. بەڵام ئێستا زۆریان دەڵێن هەڵوێستیان لە پارتە کوردییەکانی وەک پارتی دیموکراتی گەلان و پارتی ئاشتی و دیموکراسی، کە دوو پارتی کوردین، نزیکبووەتەوە، ئەمەش بەهۆی جیاکاری رەگەزی و نزیکبوونەوەی پارتی گەلی کۆماری لەبیری سیاسی راستڕەوی.

هەروەها بیروڕایەک لەناو خەڵکدا هەیە کە دەڵێ لەژێر دەسەڵاتی پارتی گەلی کۆماری حکومەت هیچ کۆششێک ناکات بۆ رێگریکردن لە هێرش بۆ سەر عەلەوییەکان، وەک ئاگر تێبەردانی ئۆتێلێک لە سیڤاس، یان رەشەکوژییەکەی ساڵی 1930ی کەمینەکانی وەک عەلەوی و کورد لەلایەن سوپای تورکیاوە لە پارێزگای دەرسیم.

"پێشتر هەموومان دەنگمان بە پارتی گەلی کۆماری دەدا. ئێستا عەلەوییەکانی کوردستانی تورکیا زیاتر ئاگادارن لە رووداوەکەی دەرسیم". کەمال بولبول وایگوت، کە عەلەوییەکی کوردە و سەرۆکی کۆمەڵەی کلتوری پیرسوڵتانی عەلەوییە "بەڵام هێشتا عەلەوییەکان کاتی زیاتریان پێویستە بۆ دوورکەوتنەوەی تەواو لە پارتی گەلی کۆماری."

بەمدواییانە، سێ جێگری سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری کە بەڕەگەز عەلەوی بوون ئەو پارتەیان جێهێشت وەک دەربڕینی ناڕەزایی لە دژی "جیاکاری رەگەزی و تایفی"، بەڵام ئەو تۆمەتانە لەلایەن CHP رەتکرایەوە.

"18 ساڵ خزمەتی پارتی گەلی کۆماریم کرد. بەڵام جیاکاری رەگەزی لەناو ئەو پارتەدا هەیە. پێویست ناکات هەموو عەلەوییەک CHP بێت". ئەمە نووسینێکی ئێرگون کورتە، کە جێگری سەرۆکی CHPیە لە ئەنتالیا، بۆ رۆژنامەی ساباحی تورکی.

نزیکەی 10% تاوەکو 20%ی تورکیا عەلەوییە. ئەمە جگە لەوەی بەسەدان هەزار عەلەوی لە وڵاتانی ئەورووپا دەژین.

لە ئەڵمانیا عەلەوییە کورد لە تورکەکان جیابوونەتەوەو کۆمەڵەیەکی دیموکراتی عەلەویان دروستکردووە. لە دانیمارک، کوردە عەلەوییەکان کۆمەڵەی کلتوری سوڵتان پیر ئەبدولیان دروستکردووە کە سەرۆکەکەیان عەلی ئێکبەر چێڤیک گوتی "ئازادی دەسکەوتنی زانیاری وای لە خەڵک کردووە زیاتر پشت لە CHP بکەن".

هەروەها دەڵێت "ئێستا، خەڵک دەزانن کە CHP هەوڵی رێگریکردنی هێرشی گرووپە توندڕەوەکانی بۆ سەر عەلەوییەکان نەکردووە لەرابردوودا. لەبری ئەوە CHP و ئەتاتورک بیروڕای عەلەویان قەدەخەکردوە و لە دەرسیم بەکۆمەڵ کوشتویانن".

زۆربەی عەلەوییەکان لە تورکیا و جیهاندا، لەسەرەتای ئەم مانگەدا روو دەکەنە شاری سیڤاس بۆ یادکردنەوەی قوربانیانی سووتانی ئۆتێلێک.

دیلان یەڵماز، 18 ساڵ، کە کوردێکی عەلەوییە لە ئەڵمانیاوە هاتووە بۆ سەردانی گۆڕی حەسرەت گوڵتەکنی گۆرانیبێژ، کە لەنێو قوربانیانی سیڤاسدا بووە. گوڵتەکن یەکەمین گۆرانیبێژ بوو کە ئەلبومێکی فۆلکلۆری کوردی لە تورکیا تۆمار بکات لەوکاتەی هێشتا قسەکردن بە زمانی کوردی قەدەخە بوو.

دیلان نیگەرانە بە بینینی وێنەی ئەتاتورک و CHP لەسەر مەزاری قوربانییەکان "ئایا ئەوە ئەتاتورک و CHP نەبوون کە دەیان هەزاریان لە عەلەوی کورد لە دەرسیم کوشت؟، بۆچی وێنەکانی پیاوێک و پارتێک هەڵدەواسین کە هەمیشە ڕگربوون لە ناسنامەمان؟"

ئەسرا ئۆزیورک، مامۆستای بەشی مرۆڤایەتی لە زانکۆی کالیفۆرنیا و پسپۆر لە ئاینەکانی تورکیا، پێیوایە کە کوردی عەلەوی زیاتر ناڕازین لە CHP، بەڵام هێشتا زۆریان دەنگ بەو پارتە دەدەن، چونکە وەک باشترین هەڵبژاردە لە نێو خراپەکاندا دەیانبینن.

ئێلیس ماسیکارت، نووسەری چەند کتێبێک لەسەر عەلەوییەکان، گوتی "زۆر لە عەلەوییەکان پێیانوایە هیچ پارتێک نوێنەرایەتی یان پارێزگاریان لێناکات. بۆیە دەنگ بە CHP دەدەن، چونکە وا هەست دەکەن پارتی گەلی کۆماری گرەنتی عەلمانیەتی ئەتاتورک دەدات لەدژی ئەجێندای ئاینی پارتی داد و گەشەپێدان، ئیتر راست بێت یان نا".

پشتگیری لەنێو عەلەوییەکان بۆ پارتی CHP کەم بووەوە کاتێک بیرگول ئەیمەن گولەر، جێگری سەرۆکی ئەو پارتە لە پەرلەمان رایگەیاند "ناتوانرێ گەلی کورد یەکسان بکرێ بە گەلی تورک". جێگرێکی کوردی ئەو پارتە دەستی لەکارکێشایەوە لەدژی قسەکانی ئەو پەرلەمانتارە.

لەسەردانێکی ئەمدواییەی بۆ دانیمارک، تورگوت ئۆکەر، سەرۆکی فیدراسیۆنی عەلەوی لە ئەورووپا گوتی کە عەلەوییەکانی تورکیا شوێنی پەرستشی تایبەت بەخۆیان دەوێ کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانیپێدابنرێ و داوای وەستانی دروستکردنی مزگەوتی سوننەی لەناوچە عەلەوییەکان کرد "دەمانەوێ وەک هەرکەسێکی دیکە لە تورکیا بەیەکسانی و سەربەرزی مامەڵەمان لەگەڵ بکرێ".



# بازرگانانی کوردستان بە فەرهەنگ لێکدی تێدەگەن



**ئۆزەی بولوت**
**رووداو- ئامەد**

رێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵە بازرگانییەکان لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان، پرۆژەیەکی نوێ بۆ ستانداردکردنی زاراوە بازرگانییەکانی نێو هەرچوار شێوزارەکەی زمانی کوردی ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی جیاوازییە زمانەوانییەکان کەم بکەنەوە و پەرە بە پەیوەندی بازرگانی نێوان پارچەکانی کوردستان بدەن.

ئەوان کار لەسەر بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی ئابووری و بازرگانی دەکەن کە تێیدا زاراوە بازرگانی و ئابوورییەکان لە هەرچوار شێوەزاری سۆرانی، کرمانجی، زازاکی، و گۆرانی بەکا دەهێنرێن و یەکدەخرێن.

حەسیب یانلج، وتەبێژی پرۆژەکە دەڵێت "دەمانەوێت کار لەسەر بەدەستهێنانی یەکێتی زمانەوانی لە هەرچوار پارچەی کوردستان بکەین لە بواری بازرگانی و ئابووری". یانلج هەروەها باس لە دابەشبوونی کورد بەهۆی سنوورە دەستکردەکانەوە دەکات و دەڵێت "بەبۆی ئەو سنوورانەوە کورد ئاگایان لەیەکدی نەماوە و زانیاریان لەسەر یەکدی نییە. ئەو سنوورە دەستکردانە ئامانجیان تواندنەوەی کوردە لە کلتوورە بیانیەکاندا و بێگانەکردنیان لە ناوخۆی خۆیاندا".

ئەو رایگەیاند کە کۆمیتەیەک لە ژمێریار و ئابووریناس و بازرگان و پیشەسازان دروست دەکرێت بۆ ئەوەی وشەکان کۆبکەنەوە و فەرهەنگەکە ئامادە بکەن. کۆمیتەکە لەلایەن ئەکادیمیستەکان و شارەزایان و زمانەوانەکانەوە هاوکاری دەکرێت

"دەمانەوێت کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان بتوانن هەمان زاراوەی ئابووری، بازرگانی و ژمێریاری بەکاربهێنن و بتوانن لە یەکدی تێبگەن ئەگەر تەنانەت شێوەزاری خۆشیان بۆ قسەکردن بەکاربهێنن". وتەبێژی پرۆژەکە هەروەها دەڵێت "دەمانەوێت زمانی کوردی لەم بوارانەدا یەکبخەین (ستاندارد بکەین) بۆ ئەوەی ئابووریناسێک یان بازرگانێک لە ئامەد بتوانێت لە نووسراوێک بە شێوەزاری سۆرانی یان زازاکی تێبگات. دەمانەوێت هاوکاری پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بکەین".

زمانی کوردی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو شوێنەی کە کوردی تێیدا پەرتەوازە بووە، زۆرجار قەدەخە کراوە یان رێگری لە بەکارهێنانی کراوە.

وتەبێژی پرۆژەکە ئاشکرای کرد بە نیازن بچنە باشووری کوردستان و لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوێ لە وەزارەتەکان و ژوورە بازرگانییەکان و یەکێتیە بازرگانییەکان کۆ دەبنەوە و بۆ ئەم پرۆژەیە لەگەڵ ئەوانیش هەماهەنگی دەکەن.

یانلج هەروەها رایگەیاند کە فەرهەنگەکە هاوکاری مامۆستایانی زانکۆکان و لێکۆڵەرەوان دەکات لە بواری خوێندن و ئەکادیمیای کوردیدا.

## ئەو ئەمریکییەی ڕۆڵی هەبوو لە دانانی مالیکی بە سەرۆک وەزیران پەشیمانە



# "مالیکی سەددامی عێراقە"

**ڕووداو- هەولێر**

عەلی خدری کەسێکی بەرەگەز ئەمریکییە و چەندین پۆستی جیاوازی لە عێراق وەرگرتووە و ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە گفتوگۆکردن لەسەر هاتنی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل بۆ هەرێمی کوردستان، بابەتێکی لە ڕۆژنامەی واشنتن پۆست بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی "بۆ ئێمە بایەخی زۆرمان بە مالیکی دا و عێراقمان لەدەستدا".

خدری دەنووسێت کە بۆ ئەوەی لە داڕوخانی عێراق تێبگەین، دەبێت لە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە 2006 بۆ مالیکیی تێبگەین.

خدری باس لە نزیکەوە ناسینی مالیکی دەکات و دەڵێت "کاتێک مالیکی پەرلەمانتارێکی نادیاربوو، من یەکێک بووم لەو چەند کەسە ئەمریکیانەی کە وەڵامی تەلەفۆنەکانی مالیکیم دەدایەوە و لە ساڵی 2006 بە سەفیرە ئەمریکییەکانم ناساند و پێشنیازی دیاریکردنی ئەومان بۆ سەرۆک وەزیران کرد".

لە ساڵی 2009 خدری هاوەڵی مالیکی بووە لە سەفەرکردنی بۆ لەندەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی و بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ حکومەتەکەی.

خدری باس لەوە دەکات ئەو لە ساڵی 2010 هەستی بەوەکردووە کە ئەگەر مالیکی لە دەسەڵات بمێنێتەوە "ئەوە حکومەتێکی دابەشبوو و زۆردارانە و تایفەگەری دروست دەکات کە وڵاتەکە وێران دەکات و بەرژەوەندی ئەمریکاش لەناودەبات". هەر بۆیە بۆ جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەرپرسانی کۆشکی سپی پێشنیاز کردووە، کە دەستبەرداری پشتیوانی مالیکی بن "بەڵام ئەمریکا بەردەوام بوو لەپاڵپشتیکردنی مالیکی، لە ئەنجامدا ئێمە لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبەڕووی شکستێکی ستراتیژی بووینەوە".

### دۆزینەوەی سەرکردەیەک

نووسەر باس لەو هۆکارە دەکات کە وایکرد ئەمریکا چاوی بکەوێتە سەر مالیکی بۆ ئەوەی بکرێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەتایبەتی لە دوای ساڵی 2004 لەماوەی دەسەڵاتە کاتییەکەی ئیبراهیم جەعفەری دیاردەی تایفەگەری "بەشێوەیەکی وێرانکەر" سەری هەڵدا و بەرپرسە ئیسلامییە شیعەکان دەستیان کرد بە تۆڵەسەندنەوە لە دژی سوننەکان و لە ئەنجامدا ڕووداوی وەک سزادان و ڕفاندن ڕوویدا . بەعسییە لەسەر کار لابراوەکان دەستیان کرد بە بەرگری و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە هاندانی گەنجانی عێراق بۆ "ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی و ڕفاندن و کاری تێکدەرانەی دیکە".

پاشان خدری باس لەڕۆڵی ئەمریکا دەکات و دەڵێت واشنتن ڕایگەیاند کە سەرۆکایەتی عێراق پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە و عێراق پێویستی بە سەرۆکایەتییەک هەیە کە دژی پشتگیری ئێران بێت بۆ چەکدارانی شیعە و دژی تیرۆرستان بێ و لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراق بێت. ئەمریکییەکان پێیانوابوو تاکە کەس کە دەتوانێت پشتیگری هەموو لایەک بەدەست بێنێت لەناو ئەم ئاڵۆزیانەی عێراقدا و ئەگەری ئەوەی لێبکرێت ببێتە سەرۆکێکی کاریگەر، مالیکییە.

خدری دەڵێت "پێمانوابوو مالیکی کەسێکی ئیشکەرە و لەگەندەڵی تێوەنەگلاوە و لەڕووی سیاسیشەوە لاوازە، بۆیە دەبێت پشت ببەستێت بە سەرکردە و لایەنە عیراقییەکانی دیکە بۆ کارکردنیان پێکەوە، سەرەڕای ئەوەی ڕابردووی مالیکی پڕبوو لەئاژاوە و کێشە، بەڵام پێمان ابوو لە عێراقی نوێدا ئەمە دووبارە نابێتەوە".

خدری ئەوکات لەگەڵ هاوڕێکانی و سەفیری ئەوکاتی ئەمریکا لە عێراق زاڵمای خەلیلزاد هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی سەرکردە عێراقییەکانیان دەدا بۆ مالیکی، کە تەنیا لە چەند ئەندام پەرلەمانێکەوە دەستیان پێکردووە. خدری دەڵێت "مالیکی بەم هەوڵ و پارانەوەیەی ئەمریکا بۆی توشی سەرسوڕمان بوو و هەلەکەی قۆستەوە و لە 2006/5/20 بووە سەرۆک وەزیرانی عێراق و سوێندی خوارد کە عێراقێکی بەهێز و یەکگرتوو بەڕێوەبەرێت".

### عێراق ئایندەی نابێت

خدری لەدرێژەی بابەتەکەیدا باس لەوە دەکات کە مالیکی دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست. بەرەو لێدانی سوننەکان و شیعە نەیارەکانی ڕۆیشت، ئەگەر چی دوای ئەوانەش ئەمریکا هەر پشتگیری مالیکی کردووە، بەڵام هەموو ئەو کارانەش جێی تێبینی ئەمریکییەکان بووە.

خدری باس لە دیدارێکی مالیکی لەگەڵ ئەمریکییەکان دەکات و هەروەها باس لە سوکایەتیکردنی بەرپرسێکی سوپای مارینزی ئەمریکی بە مالیکی دەکات "لە دوای هەڵبژاردنەکانی 2010 مالیکی لە دیدارێکدا لەگەڵ بەرپرسە ئەمریکییەکان، ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوەیەکگرتووەکان و سعودیەی بەوە تاوانبار کرد کە ڕیزبەندی هەڵبژاردنەکانی عێراقیان گۆڕیوە و لەکاتی کۆتاییهاتنی دیدارەکەدا بەرپرسێکی سوپای مارینزی ئەمریکی سوکایەتی بەمالیکی کرد و پێیگوتم کە سەربازانی ئەمریکی خۆیان بەکوشت داوە بۆ ئەوەی ئەم سۆزانییە لە دەسەڵاتدا بێت".

خدری باس لەوە دەکات دوای ئەو هەموو ناڕەزاییانەی لەلایەن کورد و شیعە و سوننەکانەوە ئاراستەی مالیکی کران، هەستی بە تاوان کردووە لەو هەموو پشتیوانییەی لە مالیکی کردووە، بۆیە داوای لابردنی کردووە لە دەسەڵات. بەڵام دەڵێت "کێشەی لابردنی مالیکی ئەوە بوو کە سەرکردەکانی عێراق هاوڕا و یەکگرتوو نەبوون لە دوورخستنەوەی مالیکی، چونکە عێراق دابەش ببوو و قاسم سولەیمانی، بەرپرسی هێزەکانی قودسی ئێران لە دیدارێکیدا لە عێراق لەگەڵ سەرکردە عێراقییەکان ڕایگەیاند کە ڕۆژێک دێت ئەمریکا جێتان بهێڵێت، بەڵام ئێمە بۆ هەمیشە دراوسێی ئێوەدەبین و پاڵپشتی سیاسی و ئابووریتان دەبین، بەڵام ئەگەر پشت لە ئێمە بکەن، ئەوا خۆتان تووشی ناڕەحەتی دەبن".

### گرنگیدان بە مالیکی و پشتگوێخستنی مالیکی

خدری ئەمریکا ئاگادار دەکاتەوە، کە عێراق بەهۆی "تاکگەرایی" بەرەو هەڵوەشاندنەوە و شەڕی ناوخۆ دەچێت. بەڵام دەڵێت ئەنجامەکانی هەڵبژاردن گوێی پێنەدرا و ئەمریکا بە هەموو توانای پشتیوانی لە مالیکی دەکرد و جەلال تاڵەبانییان پشتگوێ خست و ئەیاد عەلاویان وەک شوێنگرەوەی دانا بۆ هەماهەنگی لە نێوان عێراقییەکاندا "هاوڕێ ئەمریکییەکانم ئاگادار کردەوە لەو هەڵە گەورەیەی کە دەیکەین، چونکە مالیکی بەردەوامە لە زیادکردنی دەسەڵاتەکانی و کارکردن لە دژی لایەنە سیاسییەکانی دیکە".

خدری هەروەها دەنووسێت "کارەساتەکە لەوێوە دەستیپێکرد، تاڵەبانی ڕەتیکردەوە دەستبەرداری پۆستەکەی بێت لەسەر داوای ئەمریکا، مالیکیش حکومەتێکی بە دڵی چەند بەرپرسێکی ئێرانی پێکهێنا. پاشان مالیکی لە 2011دا چەند کاژێرێک پێش دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەستیکرد بە دوورخستنەوەی سەرکردە سوننەکان لە سیاسەت و بڕیاری دەستگیرکردنی تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری دەرکرد و پاشانیش بڕیاری مەرگی بۆ دەرکرد لەدەرەوەی وڵات، پاش ساڵێک لە بڕیارەکەی جێگری سەرۆک کۆمار بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ وەزیری دارایی ڕافیع ئەلعیساوی دەرکرد".

خدری لە بەشەکانی کۆتایی بابەتەکەیدا، مالیکی بە سەدام دەچوێنێ و پێیوایە کە مالیکی و پارتەکەی وەک سەدام و پارتەکەی وابوون.

هەروەها پێیوایە بەردەوامی پشتیوانیکردنی مالیکی لەلایەن ئۆباماشەوە درێژەپێدەری هەمان شەڕ و ئاژاوەیە کە جۆرج بۆش "ناژیرانە" دەستیپێکرد "عێراق ئێستا وڵاتێکی ڕووخاوە و ئەمریکاش لە شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتەدا گەورەترین زەرەرمەندە کە هاوپەیمانەکانی لە دەست داو ئەگەری دووبارەبوونەوەی 11ی سێپتەمبەرێکی دیکە دەکرێت لەسەر دەستی چەکدارە توندڕەوەکان".

---

## پسپۆڕانی دەستوور لەسەری هاوڕانین

# هەولێر دەتوانێ بەبێ بەغدا گشتپرسی بکات؟

**پسپۆڕێکی دەستووری (عەرەب):**

**نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ بەغدا دان بە گشتپرسیدا نانێت**

**پسپۆڕێکی دەستووری (کورد):**

**دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێبگەیەندرێت بۆچی گشتپرسی دەکەین**



**ئاسۆ فیشەکی**
**ڕووداو – هەولێر**

دوای وتارەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان کە تێیدا داوای لە پەرلەمان کرد خۆی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ئامادە بکات، پسپۆڕانی بواری یاسایی و دەستوور خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ ئەو داوایە کرد. هەندێکیان بە دەستووری و ڕەوای دەزانن، هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە بیری لێدەکەنەوە.

تاریق حەرب، پسپۆری لە یاسا و دەستووری عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەنجامدانی گشتپرسی لە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە، بەپێی مادەی 58ی یاسای بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق لە قۆناخی کاربەڕێکەردا و مادەی140ی دەستووری فیدراڵی عێراق، ڕەوایە و کارێکی دەستوورییە". بەڵام، وەک ئەو پسپۆڕە دەڵێت: "لە ماددەی140دا هاتووە کە دەبێ دەسەڵاتی جێبەجێکاری فیدراڵی عێراق، نەک لایەنێکی دیکە، ڕێوشوێنی پێویست، کە لە مادەکانی 58 و140 دا هاتووە بۆ ئاساییکردنەوە و ئەنجامدانی سەرژمێری و دواتر گشتپرسی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکووکەوە بگرێتەبەر بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە". حەرب دەشڵێت "ئەمەی دەیڵێم لەکاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان بەشداربووە لە داڕشتنی دەستووری فیدراڵیی عێراقدا".

ئەو پسپۆڕە دەستوورییە عێراقییە باسی ئەوە دەکات کە "مادەکانی 58 و140 بە هیچ شێوەیەک باسی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان نەکردووە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی.

ئەو دوو مادەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێ جێبەجێکردنیان لەلایەن دەسەڵاتی فیدراڵییەوە بێت لە بەغدا، لێرەش مەبەستمان حکومەت و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقە، جگە لەوەی کە مادەی 140 سێ قۆناخ لەخۆدەگرێت، تاوەکو ئێستا تەنیا قۆناخی یەکەمی جێبەجێکراوە، کەواتە بازدان بەسەر قۆناخی دووەمدا بۆ جێبەجێکردنی قۆناخی سێیەم، شەرعییەتی هەنگاوەکە ناهێڵێ".

بۆیەش، وەک حەرب باسیدەکات: "ئەنجامدانی گشتپرسی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا، بەپێچەوانەی دەستوورە. بۆیە پێشبینی ناکەم نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی دیکە، ئامادەبن سەرپەرشتیی ئەو ریفراندۆمە بکەن. بۆیە هەر هەنگاوێکی تاکلایەنانە لەبارەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانەوە شەرعییەتی نابێ، مەگەر بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هاوشێوەی بڕیارەکانی ئەو ئەنجوومەنە لەبارەی سەربەخۆیی بۆسنە و هێرسک و کرواتیا یان کۆسۆڤۆ بێت".

تاریق حەرب ئاماژەی بەوەشدا کە "هەر شارەزایەک لە کاروباری عێراق دەزانێ کە لەکاتی ئەنجامدانی گشتپرسی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەتایبەتی لە کەرکووک و خانەقین، هەموو ئەو ناوچانە پشتگیری لە چوونە پاڵ هەرێمی کوردستان دەکەن، گومانیش لەوەدا نییە، بەڵام ئەگەر کورد ڕەزامەندیی هەموو پێکهاتەکانی دیکەی ئەو ناوچانە بەدەستبهێنن و سەرژمێری لەو ناوچانەدا ئەنجام بدەن، بە سەرپەرشتی بەغدا، ئینجا گشتپرسی بکەن، ئەوکات ئەو گشتپرسییە سەد لە سەد یاسایی و دەستووری دەبێت و کەسیش ناتوانێ تانەی لێبدات".

هەروەها دکتۆر وائیل عەبدوللەتیف، پسپۆڕی بواری یاسا و دەستووری عێراق و ئەندامی لیژنەی داڕشتنی دەستووری فیدراڵی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند:

"بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە بەشێوەیەکی یاسایی و دەستووری، نەک بە هێز و سەپاندنی ئەمری واقیع، کورد پێویستیان بە ڕەزامەندی بەغدا هەیە، چونکە مادەی140ی دەستوور باسی ئەنجامدانی گشتپرسی دەکات لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەڵام دوای ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە و ئەنجامدانی سەرژمێری، بەو مەرجەی گشتپرسییەکە بەسەرپەرشتی و چاودێریی حکومەتی عێراق بەڕێوەبچێت".

وائیل عەبدوللەتیف باسی ئەوەشیکرد کە "بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پێکهاتەکانی دیکەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان زۆر گرنگە، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە، بەڵام دیسان دەبێ بە ڕێوشوێنە دەستوورییەکان چارەنووسی ئەو ناوچانە دیاری بکرێ، ئەگەر کورد بیانەوێ بە ڕێگەی یاسایی و دەستووری ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بگەڕێننەوە سەر هەرێمی کوردستان، هاوکات هیچ لایەنێک و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، چ نەتەوە یەکگرتووەکان بێ یان هەر ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی دیکە، ئامادە نابێ سەرپەرشتی ریفراندۆمێک بکات لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق، چونکە ئەوکات دەچێتە قاڵبی پێشێلکردنی سەروەریی عێراق".

بەڵام دکتۆر مارف عومەر گوڵ، پسپۆڕی یاسا و دەستوور بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "جگە لە ماددەی140ی دەستووری عێراق هیچ دەقێکی دیکەی دەستووری نییە باسی چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان بکات، بەڵام ئەم هەلومەرجەی ئێستا هاتووەتەئاراوە و لە چوارچێوەی دۆخی ئەمڕۆی ناوچە دابڕاوەکاندا و کۆنترۆڵکردنی ئەمنییەتی ئەو ناوچانە و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی ئەو ناوچانە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، ئەنجامدانی گشتپرسی ڕەواترین هەنگاوە، کە دەبێ بنرێ بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان، چونکە دانیشتوانی ئەو ناوچانە تاکە لایەنن کە مافی بڕیاردانیان هەیە لەسەر چارەنووسی ناوچەکانیان".

دکتۆر مارف عومەر گوڵ گوتیشی "پێویستە کورد زەمینەسازی بکات بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە ناوچە دابڕاوەکان بەجیا و دواتر گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، بەڵام پێویستە مەودای نێوان ئەو دوو گشتپرسییە دوور نەبێ و ڕەزامەندیی پێشوەختی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی لەسەر وەربگیرێ بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەتی زیاتر بۆ ئەو هەنگاوە".

ئەو پسپۆڕەی بواری یاسا و دەستوور ئاماژەی بەوەشدا کە "دەبێ کورد پێشوەخت ئامادەسازی بکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی لە دۆخی ناوچە دابڕاوەکان ئاگادار بکاتەوە. گرنگیی ئەنجامدانی گشتپرسی لەو ناوچەنەیان بۆ شی بکاتەوە، بۆئەوەی ئەوان بەرچاویان ڕوون بێ و ئامادەبن چاودێری پرۆسەی گشتپرسی بکەن. هەروەها دان بە ئەنجامی گشتپرسییە چاوەڕوانکراوەکەدا بنێن. چونکە شکستی پرۆسەی ئەنجامدانی گشتپرسی لە ناوچە دابڕاوەکاندا بێ یان هەرێمی کوردستان، ئەنجامی زۆر خراپی دەبێ. بەپێچەوانەشەوە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە، سەرکەوتنێکی مێژوویی دەبێ بۆ کورد".

ڕووداو
ژمارە (317) دووشەممە 2014/7/7

## عێراق کەلوپەل لە کوردستانەوە هاوردە دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

دەستەی گشتی گومرک لە عێراق ڕایگەیاند بەهۆی بڕانی ڕێگەی وشکانی لە نێوان کوردستان و عێراق لە دوای هێرشەکانی داعش، بڕیاریدا کەلوپەلی تورکی بە ڕێگەی ئاسمانیی لە کوردستانەوە هاوردەی شارەکانی عێراق بکات. وەمەیز خالید، سەرۆکی دەستەی گشتی گومرک لە عێراق ڕایگەیاندووە "دەستەی گشتی گومرک بڕیاریداوە باج لەسەر ئەو کەلوپەلە تورکیانەی ئێستا بەهۆی بڕانی ڕێگەی نێوان کوردستان و بەغدا لە کوردستان کەڵەکە بوون، وەرنەگرێ".

# زیاتر لە 5 تۆن زێڕی کوردستان لەلای بەغدایە



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**محەممەد هادی**
**ڕووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەوان وەکو بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان ناتوانن زێڕ هەڵبگرن، چونکە ئەو کارە تەنیا لە دەستی بانکی ناوەندی عێراق دایە، بەڵام دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشی هەیە لەو یەدەگە زێڕەی لە بانکی ناوەندی عێراق دایە، کە نزیکەی 31 تۆن دەبێت.

زێڕ، چەکێکی ئابوورییە و زۆربەی وڵاتان لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکاندا سوودی لێدەبینن، بەڵام ئەم چەکە لە باشووری کوردستان تەنیا لەدەست زێڕنگر و بازرگانەکان دایە.

## 5.27 تۆن زێڕی کوردستان لای عێراقە

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی پاشەکەوتکردنی زێڕی هەبووایە و بەرپرسانی حکومەتیش بیریان لە هەڵگرتنی زێڕ بکردبایەوە، ئابڵوقەی ئابوورییەکەی بەغدا لەسەر باشووری کوردستان بەو ڕێژەیەی ئێستا کاریگەری نەدەبوو. حکومەت دەیتوانی سوود لە فرۆشتنی زێڕەکەی وەربگرێت بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانەکەدا.

بەڵام ئەدهەم خورشید سەرۆکی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان ناتوانێت هیچ یەدەگێکی زێڕ هەڵبگرێت، چونکە بانکی ناوەندی هەرێم تەنیا کاری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، نەک کڕینی زێڕ و هەڵگرتنی". گوتیشی "تەنیا بانکی ناوەندی عێراق دەتوانێت زێڕ بکڕێت و هەر لە بانکی ناوەندی عێراقیش زێڕ هەڵدەگیرێت".

بەپێی قسەی سەرۆکی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان ئێستا بانکی ناوەندی عێراق نزیکەی 31 تۆن زێڕی یەدەگی هەیە "هەرێمی کوردستانیش لە سەرجەم یەدەگەکانی بانکی ناوەندی عێراق بە زێڕ و دراوەکانەوە خاوەنی 17%یە".

بەو پێیە بێت ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان 5.27 یەدەگی زێڕی لە بەغدا هەیە، کە دەکاتە 17%ی ئەو 31 تۆن زێڕەی لە بانکی ناوەندی عێراق هەڵگیراوە.

ئێستا نرخی یەک تۆن زێڕ لە بازاڕەکانی عێراق و جیهان بە 42 ملیۆن و 483 هەزار دۆلارە. بەو پێیەش نرخی یەدەگی زێڕی کوردستان، کە لە ژێر دەستی بەغدا دایە دەکاتە 223 ملیۆن و 885 هەزار و 462 دۆلار.جگە لە زێڕ، حکومەتی هەرێمی کوردستان پشکی لە پارەی یەدەگی عێراقیشدا هەیە. پارەی یەدەگی حکومەتی عێراق بە زیاتر لە 60 ترلیۆن دینار دەخەمڵێندرێت.

## کوردستان 100 تۆن زێڕی تێدایە

ئەگەر هەرێمی کوردستان یەدەگی زێڕیشی لە بانکەکاندا نەبێت، بەڵام ئەو زێڕەی لە کوردستان هەیە، نزیکەی سێ ئەوەندەی یەدەگی زێڕی بانکی ناوەندی عێراقییە.

ئەدهەم کەریم، سەرۆکی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "دەتوانم بڵێم 100 تۆن زێڕ لە کوردستاندا هەیە، بەڵام نزیکەی 25 – 30 تۆنی بازرگانی پێوە دەکرێت، ئەوەی دیکە لە ماڵاندا هەڵگیراوە، یان لە دەست و ملی ژنان دایە".

قارەمان جەوهەر، سەرۆکی کۆمەڵەی زێڕنگرانی کوردستان ژمارەی زێڕنگرانی لە کوردستان ئاشکرا کرد و بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "لە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان زیاتر لە 1400 مۆڵەتی مامەڵەکردن بە زێڕ دراوە بە بازرگانان و زێڕنگران". هەروەها گوتی "بڕی ئەو زێڕەی کە لە بازاڕەکانی کوردستان بازرگانی پێوە دەکرێت لە نێوان 25 تا 30 تۆن زێڕ دەبێت". بەڵام گوتیشی "بەهۆی کێشەی داراییەوە بازاڕی زێڕ بەرەو لاوازی چووە".

## ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش

"زێڕ.. دراوی سپییە بۆ ڕۆژی ڕەش" ئەمە بنەمای مامەڵەکردنی وڵاتە زلهێزەکانی جیهانە بە زێڕ. پرۆفیسۆر محەممەد ڕەئوف، پسپۆڕ لە زانستی ئابووری، باسی گرنگی زێڕ دەکات لە جوڵەی ئابووری و بازرگانی وڵاتدا و دەڵێت "بەهۆی دەگمەنی و بەهای زێڕەوە هەموو بانکێکی ناوەندی لە وڵاتانی جیهان یەدەگی زێڕیان هەیە، لە پێناو پاراستنی ئابووری وڵاتەکەیان". بۆیە "زۆر کات کە قەیرانێک لە ئابووری وڵاتان یان ئابووری جیهان دروست دەبێت، هەموو وڵاتان هانا بۆ کڕینی زێڕ دەبەن، چونکە زێڕ وەک دراوی کاخەز نییە، کە بەهای کەم بێت یان لە ناو بچێت".

ئەو پرۆفیسۆرە ئابوورییە هەروەها دەڵێت "کاتێک وڵاتان زێڕ دەکڕن بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەهۆی چەند فاکتەرێکەوەیە وەک خستنەڕووی ساڵانەی دراوی جیهانی ئەگەر لە گەشەی ڕاستەقینەی ئابووری جیهان زیاتر بێت متمانەکردن بەدراوی کاخەزی کەم بێتەوە، ئەمەش وا دەکات خەڵکی زیاتر ڕووبکەنە زێڕ وەک پشتیوانییەک بۆ پاراستنی دارایی خۆیان، هەروەها گۆڕانی بەردەوامی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و هەڵبەز و دابەزی بۆرسەکانی جیهان، وا دەکات خەڵک زیاتر زێڕ بکڕێت".

**10 وڵات کە زۆرترین یەدەگی زێڕیان هەیە**

| وڵات | یەدەگ بە تۆن | بەهاکەی بە ملیار دۆلار |
|---|---|---|
| ئەمریکا | 8133 | 487 |
| ئەڵمانیا | 3401 | 203 |
| ئیتاڵیا | 2451 | 147 |
| فەرەنسا | 2435 | 146 |
| چین | 1054 | 63 |
| سویسرا | 1040 | 62 |
| ڕووسیا | 969.9 | 50 |
| ژاپۆن | 765 | 45 |
| هۆڵەندا | 612 | 36 |
| هیندستان | 558 | 33 |

# پارەی وەبەرهێنەرانی کورد لەلای داعشە



(فۆتۆ:سێڤان محەممەد سەلیم)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

زۆر لە سیاسەتڤانی ناوخۆ و بیانی دۆخی ئێستای عێراق بە "دۆخی نوێی عێراق" ناو دەبەن، بەڵام بۆ ئەو سەرمایەدار و بەڵێندەرە کوردانەی نزیکەی 7 ساڵە لە شارەکانی عێراق سەرمایەکانیان خستووەتە نێو پرۆژەکانی وەبەرهێنانەوە، دۆخەکە وەکو ئاگرێکی گەورەیە، بەربووبێتە سەرمایەکانیان.

وەبەرهێنەرێکی کورد دەترسێ ئەو لوولە تفەنگەی سیاسییەکان بەرەو ڕووی یەکدی بەرزیان کردووەتەوە، کیسەی پارەکانی ئەوان کون بکات و بەدەستی خاڵییەوە بگەڕێنەوە باشووری کوردستان. ئەو لە ناوچەیەکی سوننەنشینی عێراق پرۆژەی هەیە و داوای کرد ناو و ناونیشانەکەی لەلایەن (ڕووداو) پارێزراو بێت، تاوەکو دروو بێت لە پریشکی ناکۆکی و شەڕ "بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە وا بڕوات، ڕای خەڵکی ناوچەکە بەرامبەرمان دەگۆڕێ بەو شێوەیە بە نەرمونیانی نامێننەوە لەگەڵمان".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتوون تاوەکو پێش ئەو بارودۆخە، نزیکەی 20 وەبەرهێن و چەندین بەڵێندەری کوردی پارێزگاکانی باشووری کوردستان لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کاریان دەکرد، بەڵام شەڕ گلۆڵەی بەشێکیانی خستە لێژی و ئەو وەبەرهێنەرانەی لە پارێزگای نەینەوا و سەلاحەدین کاریان دەکرد، بەقسەی یاسین مەحمود ڕەشید، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران "لە ئیفلاسبوون نزیک بوونەتەوە".

یاسین مەحموود ڕەشید دەڵێ ئەو وەبەرهێن و بەڵێندەرە کوردانەی پرۆژەکانیان لە سنووری پارێزگاکانی نەینەوا و سەلاحەدین و ڕومادییە "بە تەواوی مەترسی لەسەر سەرمایەکانیان هەیە، چونکە تروسکاییەک بەدی ناکەن پارەکانیان وەربگرنەوە". هەروەها دەڵێت "ئەوانەش کە شوێنی کارەکانیان نەکەوتووەتە دەست داعش، تارادەیەکی زۆر لە دڵەڕاوکێدا دەژین". لەدوای ساڵی 2007، حکومەتی بەغدا دەرگای وەبەرهێنانی لەسەر کۆمپانیا بیانییەکان واڵاکرد بۆ ئەوەی هەندێک لە ڕووخسارە وێرانکارییەکانی جەنگی ئازادکردنی عێراق دووربخاتەوە لە شەقام و شوێنە گشتییەکان. هەندێک لەو وەبەرهێنەرانەش ڕوویان لەوێ کرد کورد بوون، بەڵام وەک بەڵێندەرێکی کورد باسیدەکات، ئەو پێشوازییە گەرمەی ئەوکات لە بەڵێندەرە کوردەکان بۆ ئەوە بوو "پێیانخۆش بوو کورد پرۆژەکان وەربگرێت، شارەکەیان هیچی تێدا نەکرابوو، دەیانویست ئەزموونی حکومەتی کوردستان بگوازنەوە بۆ لای خۆیان".

دیار قەزاز، بەڵێندەرێکی کوردە دوو ساڵە لە شاری دیوانییە کاری وەبەرهێنان دەکات. ئێستا دەیەوێ 1000 یەکەی نیشتەجێبوون لەو شارە شیعەنشینە دروست بکات. ئەو پێیوایە هێشتا لە شارێکی ئارام کاردەکات "بەڵام پارە نییە، بێکارییەکی بێئەندازە هەیە، مەزاجی خەڵک بەشێوەیەک تێکچووە وەسف ناکرێت".

کارکردن بەلای دیار قەزاز لە دیوانییە "خۆشە" و دەڵێ "خۆشتریشە لە باشووری کوردستان"، چونکە وەک خۆی باسیدەکات "لەفەرمانگەکان هەر دەزانن کوردی ڕێز و حورمەتی زیاتر دەنوێنن، بەپێچەوانەی کوردستان کە لە فەرمانگەکاندا زۆر بەپیر وەبەرهێنەرەوە ناچن".

بەڵام بەشێکی دیکە لە وەبەرهێنەرانی کورد، لە ناوچەکانی عێراق هەستیان بە دڵنیایی نەدەکرد، هەر ئەوەش وایلێکردن تابلۆی کۆمپانیاکانیان لە کوردییەوە بگۆڕن بۆ عەرەبی.

محەممەد تاهیر، بەرپرسی پێشووی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان لقی سلێمانی باسی بارودۆخە ناهەموارەکەی چەند ساڵێک لەمەوبەر دەکات لە شارەکانی سامەڕا و سەلاحەدین، کە شیرازەی دۆخی ئارامی تێکچوو و دواتریش 4 پرۆژەی بەڵێندەرانی کورد تەقێنرانەوە و باجی قورسیان دا.

بەڵێندەر و وەبەرهێنەری کورد باش دەزانن ئەوان وەبەرهێنان لەسەر زەوییەک دەکەن، کە ڕۆژانە بەهۆی تەقینەوە و توندوتیژییەکانەوە خوێنی بەسەردا دەڕژێ، هەر بۆیە کارەکەی ئەوان زیاتر لە یاری مار و پەیژە دەچێت و دوور نییە لەناکاودا زارەکەیان لە بەردەمی مارێکدا بگیرسێتەوە. بەتایبەتی لە دۆخێکدا کە ئێستا ڕێگا زەمینییەکانی پەیوەندی کردن لە نێوان بەغدا و هەولێر پڕبوون لەو گرووپانەی دەست لە ژیانی خەڵک ناپارێزن.

سەرۆکی شارەوانی کەرکووک دەڵێت "هێشتا بەڵێندەر و وەبەرهێنەرانی کەرکووک شارەکەیان جێنەهێشتووە و کاری خۆیان دەکەن".عەبدولکەریم حەسەن هەروەها گوتی "20 بەڵێندەر لە کوردستانەوە هاتوونەتە کەرکووک و پرۆژەیان هەیە، بەڵام یەک بەڵێندەر داوایکردووە کارەکانی ڕابگیرێت، چونکە پرۆژەکەی لە خورماتووە و ئەو ناوچەیەش جارجار شەڕی لێیە".

سەرۆکی شارەوانی کەرکووک، هەروەها دەڵێ "لە حەویجە و زاب و ڕەشاد، پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەتەواوی وەستاون و وەبەرهێنەرەکان جێیانهێشتووە، بەڵام کزبوونی پرۆژەکانی ناو شاری کەرکووک زیاتر بۆ نەبوونی بودجەی وەبەرهێنان و گەرما دەگەڕێتەوە نەک نا ئارامیی".

"لە بەغدا دەوڵەتێک نییە سەرمایەدار بپارێزێ" ئەوە قسەی یەکێک لەو وەبەرهێنە کوردانەیە لە نەجەف کار دەکات و ترسی ئەوەی هەیە شەڕ بگاتە ئەوێ و ریسەکەیان لێ ببێتەوە بە خوری. ئەو وەبەرهێنەرە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە دەڵێ "وەبەرهێن و سەرمایەدارانیش باجی گەورەی ئەم گرژییانە دەدەن".

هەرچەندە گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، ئامارێکی وردی لانییە لەبارەی ژمارەی وەبەرهێن و بەڵێندەری کورد لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، بەڵام گوتی "12%ی بەڵێندەرانی کورد ڕوویانکردبووە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و لە 8%ی وەبەرهێنەرانیش لەوێ وەبەرهێنان دەکەن".

### پارەی وەبەرهێنەرانی کورد لەلای داعشە

یاسین مەحموود ڕەشید ئاشکرای کرد "بەشێک لەو پارانەی داعش لە بانکەکانی موسڵ دەستی بەسەردا گرت پارەی بەڵێندەران و وەبەرهێنەرانە، کە بێگومان پارەی وەبەرهێن و بەڵێندەری کوردیشی تێدا بوو، فەوتا". گوتیشی "بڕی 500 هەزار دۆلار پارە کەوتووەتە دەست داعش، کاری حکومەتە قەرەبووی ئەو وەبەرهێن و بەڵێندەرانە بکاتەوە، ئێمە سکاڵا دژی حکومەتی مالیکی تۆمار دەکەین چونکە ئەو وەبەرهێن و بەڵێندەرانەی پارەیان فەوتاوە قەرەبۆ نەکراونەتەوە".

دکتۆر نامۆ عەزیز نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی دەنووسێت

# "خەتەنەی پشکی کورد"

## بەڕێز سەرۆکی کوردستان کاک مەسعود بارزانی!

لە 331/10/1ی پێش زایین لە جەنگی Gaugamela لە Tel Gamelی ئەمڕۆ، کاتێک ئەلەکساندەری گەورە دژی داریۆشی سێیەمی فارسی جەنگیکرد، کورد جاشی هەردوو لەشکرەکە بوون، بەکرێ چەکە نوێیەکانی ئەو سەردەمەیان بۆ هەردوو لەشکرەکە بەڕێوەبردووە.

نێوودەنگی دڕی و ئازایەتی کورد هێندە بەربڵاوبووە، دوژمندارەکان لە ئاسیای نێوەڕاستەوە هاتوونەتە کوردستان، بەکرێگیراوی کوردیان لەگەڵ خۆیان بردووە، بۆ ئەوەی دوژمنی خۆیان پێ لەنێوبەرن.

واتە کورد بۆخۆی، بۆ نیشتمانەکەی هەرگیز لەشکرێکی نەبووە. لەنێو خۆیاندا ناکۆکبوون. هەر بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی نیشتیمانێک نەخەنە ئەستۆی خۆیان، بە کەمترین پشک ملکەچبوون. وەڵامی چەوسانەوە و لەنێوبردنیان زۆرتر بە هۆرە و سیاچەمانە، نەک بە شۆڕش داوەتەوە.

جیاوازی گەلەکەی تۆ سەرۆک، لەگەڵ گەلانی دیکە لەوەدایە، ئەوان لەسەر خاکەکەیان دەژین، گەلەکەی تۆش بە خاکەکەی دەژی.

دڵتەنگی سەرۆکی کوردستان، لێرەوە دەستپێدەکات، گەورەترین نەژاد، کە لەسەر ئەم زەوییە بێ دەوڵەت مابێتەوە، تەنیا گەلەکەی تۆیە! ڕاستە مرۆڤی بێ وڵات سێبەری ترس و دوودڵییەکی ڕادیکاڵە، بەرهەمی سووکایەتییەکە، خۆی بە خۆی دەکات. لەهەمانکاتیشدا دروستکردنی وڵات سەرۆک، خۆ تسونامییەک نییە، بەکورد نەکرێت. پلانێکە، پرۆسێسێکە ئاوەزای مێشک ڕوونەکانی نەتەوەیەکی هۆشیار و زیندوو دروستیدەکات. من لەم نامەیەدا دەمەوێت لەو ئاوەزایە بدوێم، گەلەکەی تۆ لەدەستیداوە.

ڕاستە گەلەکەت نەژادێکی کۆنی ناوچەکەیە. ڕیشووتان بە گیانی کوردستاندا شۆڕکردووەتەوە، مردووەکانتان لەچینەکانی خاکەکەیدا کەڵەکە کردووە. سەرباری لەنێوبردنێکی هەمیشەیی لەگەڵ کولتوورێکی شەرمن وەک ڕێژەیەکی نەگۆڕ ماونەتەوە. ئەمڕۆکانتان کۆپی دوێنێیەکان و سبەینێشتان کۆپی ئەمڕۆکانتانە. ڕۆژەکان، ساڵەکان و چەرخەکان وەک گلۆڵەهەور بەسەر گەلەکەتدا ڕەودەکەن، بەبێ ئەوەی باران و گەردەلوولێکیان پێبێت. بەبێ ئەوەی گوزەری وڵاتێکی سەربەخۆی لێبکەوێتەوە.

گەلەکەی تۆ برام، هەزاران ساڵە خەریکی نۆژەنکردنەوەی کۆنگەراییە. کێ بەرپرسە لەوەی گەلەکەی تۆ باز بەسەر کاردوخ، کاوەی ئاسنگەر، مێدییەکان و سەلاحەدیندا نادا و هاتنی پاییز لە ڕەشەبایەکی توونددا هەست پێناکات. کێ بەرپرسە لەوەی کە دەبێ شۆڕش پێش ئەوەی بچێتە سەر شەقامەکانەوە، لە مێشکەکاندا بتەقێتەوە.

سەرۆکی کوردستان، تۆش و گەلەکەشت پێکڕا دەزانن، لە 1991 ەوە تاوەکو ئەمڕۆ هیچ نەهامەتییەکی خراپ نەماوە، پارت و بەرپرسەکان بەسەر گەلیان نەهێنابێت. خۆتان دەزانن ڕێڕەوی خواستی گەلەکەت و پارتەکانی کوردستان لێکترازاون و ڕۆژ بە ڕۆژ لێک دوور دەکەونەوە. گەلەکەی تۆ، زۆر دەمێکە بڕوای بە ڕامیاری کورد نەماوە. زۆر دەمێکە لەسەر خاکی خۆی وانەی نامۆگەرایی دەخوێنێت. وەک میوانێکی بێ ماف خۆی دەبینێت. تاکی کۆمەڵی کورد، هەستیپێدەکات، کاتی شۆڕش لە کوردستان خنکاوە. هیچ ئایدیەیەکی پێ نییە، خۆی بێ پاشەڕۆژ دەبینێت.

سەرۆکی بەڕێز، ئەو نەژادانەی، ڕێژەی ئاوەزایان نزمە، گەلانێکی شۆڕشگێڕنین. کێ بەرپرسە لەوەی تائێستا لە کوردستاندا ئاوەزایەکی شۆڕشگێڕی وا کە ناوبنرێت ئاوەزای نەتەوە، نەهاتووەتە ژیانەوە. یاخود بە ترساوی و شەرمنی ماوەتەوە. گەشەی پێوە دیار نییە. مرۆڤ گەلەکەی تۆ هیچ چاوەڕوانییەکی بەختی خۆی، لە ڕامیاری پارتەکانی نیشتمانەکەی تۆ ناکات.

لە ساڵی 1991ەوە تائێستا پارتەکانی کوردستان و پارتەکەی تۆش، ڕامیارەکانی کوردستان و ڕامیارەکانی دەوروبەری تۆش چ هۆشمەندییەکی شۆڕشگێڕییان خستە سەر ئەو بەهایانەی کە مێشکەکانی پێش ئێوە ئامادەکارییان بۆ کردبوو. بە پێچەوانەوە، ئەو بەهایانەشیان بە شامپۆی بیری ساویلکەی بازرگانییان شووشتەوە.

خەڵکی کوردستان سەرۆک، ئاگایان لەوەیە، ڕامیارەکانی ئەمڕۆ کە گوایە لەژێر سێبەری بیری تۆدا کار دەکەن، لە مۆڵەتی فرۆکە کڕینەوە تاوەکو مۆڵەتی مریشک فرۆشتن، هەموویان کردووەتە مۆنۆپۆلێک، دەستیان بەسەردا گرتووە. ئاوەزای شۆڕشیان سەرخۆشکردووە. خەواندوویانە. ئەمڕۆ لە نیشتیمانەکەی تۆدا، پارووی دەمی منداڵی کورد کەوتووەتە ترسەوە. من زۆرجار تەماشای ئەم سیناریۆ بێ واتایە دەکەم، بیردەکەمەوە، کە چۆن بیر بکەمەوە. دەمێکە وازم هێناوە بیر لەو تاوانانە بکەمەوە، کە کراون. بیر لەو تاوانە دەکەمەوە، کە هێشتا نەکراون.

پێش چەند مانگێک لە واشینگتن لەگەڵ چەند ڕامیارێکی ئەمریکیدا مشتومڕمان لەسەر ڕامیاری کورد و جیهان کرد، ئەوان بڕوایان وابوو، کورد هەلی پرشنگداری زۆری بۆ هاتە پێش و لەدەستی دا. هەر ئەوەندەی دەوێت کە ئێستا هەیەتی. منیش لە هەموو پەڕتووک و نووسینەکانمدا، لە ڕێی مێدیاکانی ئەوروپا و جیهانەوە هەوڵمداوە، کورد، لە کولتووری پشک وەرگرتن ڕزگاری بێت و بە کولتووری ماف وەرگرتن دەست پێبکات. پارۆڵەی " دەمەوێت" بەرزبکاتەوە و پارۆڵەی" چێم دەدەنێ" فڕێبدات.

سەرۆکی بەڕێز، کورد ماندووبوون لەو هەموو بەرپرس و بارانە وەزیرەی کابینەکان لەگەڵ خۆیان دەیانهێنن و دەیانبەن. ڕاستیش دەکەن، تائێستا ئەوانە نەبوونە هۆی ئەوەی دە ڕستەی سوودبەخش بخرێتە سەر ئەو بەهایانەی مەلا مستەفای بارزان لە چیا و کونە ئەشکەوتەکانی کوردستاندا دروستی کرد. ئەوانە دەبوو لەو هەموو ساڵەدا دەسەڵاتێکی هۆشمەندییان بۆ میری کوردستان دروستبکردبایە. ئاوەزای هۆشمەندییان بۆ مێشکەکان ببردبایە.

بە بڕوای من سەرۆک، ئەوانە تەنیا هۆن، پێوەنی قاچی ڕزگاری کوردستان توونـد و ژەنگاوییە. کێ لەوانە تاوەکو ئەمڕۆ شتێک لەو هۆشمەندییە دەزانێت، لە سەدەی چواردەوە تاوەکو هەژدە ئەوروپای دروستکرد. کێ بەرپرسە لەوەی لە تاکەکانی گەلەکەی تۆدا گەنجینەیەک خۆپەرستی و شانازی بەخۆکردنەوە هەیە. هەچ کەس دەدوێنیت خۆی لەوانیدیکە باشتر و ئازاتر دەبینێت. هۆی چییە سیستەمی ژیانی گەلەکەی تۆ لەسەر درۆ وەستاوە؟ من بیست دوو ساڵە بۆ کاری ڕۆژنامەگەری دێمە کوردستان. زۆر کەس لە هەموو چینەکان، زۆر ڕامیار دەبینم. کورد یان باسی هەژاری، یاخود دەسەڵاتی خۆیان بۆ من دەکەن. هەرگیز کەسێک لەو بیست و دووساڵەدا بەمنی نەگوت، بەڕاستی شەرم دەکەم، وڵاتم نییە. کولتووری خۆبەکەم زانین، بەکەم ڕازیبوون، لەوەچەوە بۆ وەچە وەردەگرێت. کیشوەرێکی گەورە لە مێشکەکاندا داگیر دەکات. ئەم جۆرە شانازییە فوودراوە، ئەو خۆ بکەم دیدەییە، لە نهۆمەکانی سەرەوەی بەهای بیری کورددا دەبینم. دەسەڵاتیکی ژەهراوی تاکەکانی کۆمەڵی نیشتیمانەکەی تۆی تووشی ئاوەزاگەنیوی کردووە. بەو کولتوورەی، ئەمڕۆ دینەمۆی ژیانی کورد دەگێڕێت، گەلێکی گەورە دروستناکرێت. کێ بەرپرسە لەوەی کولتوورێک بۆ کورد دروستبکات، گەلەکەی تۆ تەنیا سەری لە پێگەییوی و کۆنکرێتی ئاوەزاو هۆشمەندی گەلانی بێگانە سووڕ بمێنێت. لەم بوارەدا گەلی فەرەنسا لە پێشی پێشەوەی گەلانی شۆڕشگێڕدایە.

زۆر لە گەلانی جیهان سەرۆک، چەند گوزەرانیان ڕوو لە خۆشی بڕوات، نیشتمانپەروەریشیان ڕوو لە بەهێزی و تۆکمەیی دەکات. بەڵام من لە لێکۆڵنەوەکانمدا لەسەر کورد، بیروڕای دیکەم بۆ دروستبووە. پێموایە لە ژیانی خۆشگوزەرانی ئێستایاندا، چارەسەرەکەیان قوڵ و ڕوونە. لەجیاتی ئەوەی شۆڕش بکەن بۆ ئەوەی باش بژین، باش دەژین بۆ ئەوەی شۆڕش نەکەن. واتە شۆڕش نەکردن، لەپێناو ژیانێکی ئیدیاڵ و ستایلی کولتوورێکدا. تاکەکانی نەتەوەی کورد سەرۆک، هەستێکی ڕووەک ئاسای بۆ دەوروبەرەکەی بەرهەمهێناوە. زۆرتر لەگەڵ پێستی خۆیدا دەژی. چاک و خراپ بۆ ئەو، ئەو شتانەیە پەیوەندی بە پێستییەوە هەیە. چاک ئەوەیە زبر نەبێت، زبریش بە خراپ دەبینێت. دەمەوێ ئەوە بدرکێنم پەیوەندی گەلەکەی تۆ بە کوردستانەوە، زۆرتر پەیوەندییەکی ئەفسانەییە تاوەکو ڕیالیست.

سەرۆکی کوردستان، بەڕێزتان دەزانن منیش بۆ ئەم سەرفرازییەی ئێستای کوردستان زۆرترم لە پارتەکانی کورد نەکردبێت، کەمترم نەکردووە. هەمیشە خەونم بەوەوە دەدی، گەلی کورد لەبەختەوەری نەبڕاوەدا ببینم.

منداڵانی کورد، هەمان ژیانی منداڵانی ئەڵمانیایان هەبێت، کە من تێیدا دەژیم. بەڵام ئەم خۆشگوزەرانییەی ئێستای کورد، دەمترسێنێت. بیر دەکەمەوە، کاتێک نەهامەتییەک بەسەر کورددا بێت، کێ بەرگری لێدەکات. کێ بڕوای هەیە، کە بڕوای بە کوردستان هەبێت. من زۆرجار بیر دەکەمەوە کوردستان هێندە، بێ کەسە، ئەگەر هێرشیبکرێتە سەر، تۆ ناچار دەبیت لە بەنگلادیش و هیندستانەوە پێشمەرگەی بۆ بێنیت. سەرۆک، من دەمەوێت لەسەر کۆمەڵێک شت بدوێم، لە ڕامیاری قوڵترن. گەلی کورد، نەک هەر لە باشووری کوردستان، لە هەموو پارچەکانی دیکەش دەزانن، ئەو گەلەی ئەمڕۆ ئاڵایەک کۆی کردوونەتەوە، بەرهەمی تۆیە. لەگەڵ پەیدابوونی ئەو ئاڵایەدا سەدان خەون هاتنە ژیانەوە، هەندێکیان باڵایان بەرزبوو، هەندێکیشیان بە منداڵی مانەوە. ئەوەش بەبڕوای من هۆیەکەی خودی تۆ نییە.

دەزانم هەندێک بەرژەوەندچی کورد، کە هەمیشە دەرگای تۆیان بۆ کراوەیە، ڕێگە لە خواستە نەتەوەییەکانت دەگرن.

هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستان سەردەمێک گەلەکەتیان تووشی شۆک و شەلەل کردبوو. دوای چەند دانیشتنێک لەگەڵ بەڕێزتاند،ا نووسینەکانم لە گۆڤاری Der Spiegel و ڕۆژنامەی Die Zeit ی ئەڵمانیدا بڵاوکردەوە. تورکیا، دوا پەڕەی تورەبوونی خۆی پێشاندا. نووسینەکانم بوونە هۆی ئەوەی کوردستان و سەری ڕەش تووشی بوومەلەرزەیەکی چاوەڕوان نەکراوە ببێت. ناونیشانی مێدیاکانی تورکیا و ئەڵمانیا تۆ بوویت. من بووم. لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و باڵوێزی ئەڵمانی لە تورکیا، بەرەوڕووبوومەوە. ڕۆژنامەنووسەکانی جیهان مەسیفیان تەنی . بەرژەوەندی تۆ سەرۆک، لەبەرئەوەی کوردستان بوو، لەپێش هەڕەشەکانی تورکیادا، وەرەبەرزی و هێزتان پێشاندا. ئەوانەی، نیگەران بوون، چەند دەنگێکی نزیک تۆ بوون. لەجیاتی پشتگرتن، دەیانگوت بارزانی کێشەی لەگەڵ تورک نەبوو، نامۆ عەزیز شەڕی کورد و تورکی بەرپاکرد. ئەوان، بەرژەوەندییەکانیان لە نەتەوەی کورد بە گرنگتر دەبینی. وەک دەزانن سەرۆک، ئێمە بووین ترسی کوردمان لەبەرامبەر هێزی تورکیادا شکاند. ئەنجامەکانیش هەموو بە باشی لەسەر نەتەوە و نیشتیمان کەوتنەوە.

سەرۆکی بەڕێز، وا جارێکی دیکە کوردستان لەکاتێکی دژواردا دەبینم. بە گرنگم زانی لەگەڵ یەک بدوێینەوە. بۆچوونەکانی خۆمتان پێ ڕابگەیێنم. ئەم گوزەرانەیەی ئێستا، ئەگەر تۆ کاری باشی بۆ نەکەیت، ئەنجامی خراپی هەمیشەیی لەسەر ڕزگاری بوونی کوردستان دەبێت.

ئەو هەموو بێسەروبەرییەی ڕامیاری کورد بەسەر نەتەوە و نیشتیمانی هێنا، تەنیا بەوە سارێژ دەبێت، خواستی نەتەوە و نیشتیمان بەرەو جێبەجێبوون ببردرێت. لە دروستبوونی دەستووری نوێی عێراقەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بەڵێنی درۆ بە کورد دەدرێت. پشکی کورد هەر ڕۆژەی لەلایەن گرووپێکەوە خەتەنە دەکرێت. کوردیش لەسەر کولتووری پشکگەری، ڕۆژ بە ڕۆژ چاوەڕوانە جارێک لە جاران خەونەکەی بێتەدی. ئەگەر کورد خاوەنی کوردستانە، بۆ داوا لە عەرەب دەکات پێی ببەخشێت.

کورد، کاتێک دەتوانێ لە عەرەب بپارێتەوە، ئەگەر بیەوێ بەغدا بکاتە پایتەختی کوردستان. بەبۆچوونی من و هەندێک ڕامیاری جیهانی دەبووایە لە (2013 و 2014) بانگەوازی سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیێندرابایە. بەڵام دەبینن باڵای کەرکووک هێشتا بەرزنەبووەتەوە، بە منداڵییەکەی خۆی ماوەتەوە.

لەدوای 2003، باس لەوە دەکرا کوردستانی عێراق دەبێ بدرێتەوە بە کوردی عێراق و، خۆیان بەڕێوەی ببەن. تەنانەت زۆر لە ڕامیار و کۆلۆمیستەکانی تورکیاش دەیانگوت، ئەگەر بەو پێیەبێت موسڵ و کەرکووکیش دوو شاری کوردین و دەبێت ملکەچ بین کە بە کوردی عێراق بدرێتەوە.

دەمەوێت سەرۆک بزانم، کێ بەرپرسە لەوەی کە موسڵ بەوشێوەیە، زیندەبەچاڵکرا؟ خۆ ئەگەر کورد دەیزانی موسڵی پێ ناجوورێت، باشتر نەبوو وەک کارتێک بۆ وەرگرتنەوەی کەرکووک و ناوچە کوردییە داگیرکراوەکان بەکاربهێنایە؟

سەرۆکی کوردستان، ئەمڕۆ لەپێش چاوی کورد و جیهان جێبەجێکردنی فەرمانێکی نەتەوەیی و ئایینی لە پێش تۆدایە، نابێ لێی بسڵەمێیتەوە. لەم بێ دەسەڵاتییەی عێراقدا، ئەگەر ئێوە هەر هیچتان پێناکرێت، دەبێ ئەوەندەتان پێبکرێت دەست لەکەرکووک و حەمرین و ناوچە کوردییەکان بەرنەدەن. ئەوەی تائێستاش بەدەست کوردەوە نییە، دەبێ بخرێتەوە ژێر دەستی پێشمەرگەی کوردستان. ئەمە کاری ئەمڕۆیە نەک سبەینێ.

بەڵێنت پێدەدەم، هەموو ژن و پیاوی کورد لە پشت تۆن. کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان ئامادەن ڕیز ڕیز لەپشت پێشمەرگەی کوردستانەوە بوەستن. کورد، لە ئەمڕۆوە پێویستە تاکتیکی نوێ دروستبکات، واز لە تاکتیکی"پشتی" کە لەسەرەتاوە فوودارە و دوایی بچووک دەبێتەوە، بهێنێت. ئەوەی گەلەکەی تۆ داوای دەکات هەزاران جار لە داواکانی داعش گچکەترە. داعش، کە ژمارەیان، سەدان کەسە، بەڕامیارییەکی بچووک، بێ پرۆگرام و بۆ هەندێک خواستی بچووک ، خۆیان توانیان عێراقێکی گەورە، کە تێیدا بێگانەن و هیچ مافێکیان لەسەر نییە، لە چەند ڕۆژێکدا، بە پێش چاوی هەموو جیهانەوە داگیری بکەن. سەدان هەزار سەربازی عێراقی، خاوەنی نوێترین تۆپ و چەکەمەنی ئەمریکی تووشی هەڵاتن و خۆبەدەستەوەدان بکەن.

من دەزانم سەرۆکی بەڕێز، دەیان بەرژەوەندچی لە نزیک و دوور لایان گرنگە بەرژەوەندییەکانیان نەکەوێتە ترسەوە. دێن و دەست بە ئامۆژگاری ڕشتن دەکەن. بەڵام تۆ بە بانگەوازی بەجێنەهێشتنی کەرکووک و حەمرین و ناوچە کوردییەکان، سی چل ملیۆن کورد دوای خۆت دەخەیت. خواستی گەل و مەلا مستەفای بارزانیش دەبەیتە مێژووەوە.

جیهان، سەرۆک بارزانی، بریتی نییە لە عێراق، ئێران، سووریا و تورکیا. بەم هەڵوێستە پیرۆزەت زۆربەی گەلانی جیهان پشتگیری و دەستخۆشی لە سەرفرازی کوردستان دەکەن. لەکاتێکدا، کورد بەهۆی کولتووری خۆ بەکەم دیدەییەوە، سووکایەتی بە کوردستان دەکات و ناوی لێدەنێت هەرێمی کوردستان، وڵاتانی وەک ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەمریکا، ئوستراليا و کەنەدا، تۆ وەک سەرۆک و نیشتمانی کوردیش بە کوردستان ناو دەبەن.

ئەمڕۆ کورد و هەموو جیهان چاوەڕوانی کاریسمای هۆشمەندی تۆن. ئەگەر کورد لە دوو هەزار و داعشدا پێناسەی کوردستان یەکلایی نەکاتەوە، بەتەما نەبێت لە دووسەد هەزار و داعشیشدا ئەم هەلە ئاسمانییەی بۆ ڕێکبکەوێتەوە.

سەرۆک، بەڕێزتان چی دەڵێن؟

دکتۆر نامۆ عەزیز





*د.نامۆ عەزیز ڕۆژنامەنووسێکی کوردە و بەزمانی ئەڵمانی دەنووسێت. لە مێدیا گەورەکانی ئەوروپا و جیهاندا ناوێکی گەورەی هەیە. لە ڕۆژانی سەختی نەتەوەی کورددا ڕۆڵی گەورەی هەبووە. لەکاتی خۆیدا نامەیەکی کراوەی بۆ Gerhard Schroder سەرۆکی حکومەتی ئەڵمانیا لە Die Zeit و نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئەمریکی George W bush لە Die Welt ی ئەڵمانیدا بڵاوکردەوە. ئەم دوو نامەیە واتایەکی گەورەیان لە ڕامیاری جیهاندا بۆ کێشەی کورد دروستکرد. هەڤپەیڤینی لەگەڵ چەندان سەرۆک و بەرپرسی جیهاندا کردووە.

## دهۆک یەکلایی نەبووەتەوە




**میوا سەلاح- دهۆک**

بڕیاربوو لە مانگی ئەیلولی داهاتوو سێیەمین فیستیڤاڵی سینەمایی دهۆک سازبکرێت، بەڵام ڕەنگە لەبەر بارودۆخی ئێستای کوردستان دوابخرێت. لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری سینەمای دهۆک دەڵێت چاوەڕێی گەڕانەوەی سەرۆکی فیستیڤاڵەکە دەکەین لە دەرەوە بگەڕێتەوە و لەگەڵ ستافی فیستیڤاڵ کۆببێتەوە و بڕیاری کۆتایی بدات، ئاخۆ فیستیڤاڵەکە دوابخرێت یان نا، بەڵام دڵنیام فیستیڤاڵەکە دەکرێت هەروەها فیستیڤاڵی سینەمای دهۆک لەبەر نەبوونی بودجە و پارە دواناخرێت".

### داوا دەکەن فێریان بکەن

# مەلا بە بانگی هونەرمەندان سەرسامن

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندێکی گەنج دەڵێت تاوەکو ئێستا چەند مەلایەک داوایان لێکردووە کە فێری مقامیان بکات بۆ ئەوەی لە کاتی قورئانخوێندن و بانگدان سوودی لێ ببینن. ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف ڕازی بێت، ئەو هونەرمەندە دەیەوێت خولی چۆنیەتی بانگدان و خوێندنی قورئان بۆ بانگبێژ و قورئانخوێنەکان بکاتەوە.

چەند هونەرمەندێکی کوردستان لە مزگەوتەکان بانگ دەدەن، بەڵام هەندێک لەوانە دەڵێن زۆرجار لەلایەن مامۆستایانی ئاینی و خەڵکەوە ڕێگریان لێدەکرێت و پێیاندەگوترێت "نابێت چاوەش بانگ بدەن".

### ئەوە بەڕاستییە یان لۆفشەیە

هونەرمەند زانا جەبەلی، کە لە 14 ساڵییەوە لە گوندەکەی خۆیان لە دەڤەری بارزان بانگی داوە، باسی یەکەم بانگدانی خۆی دەکات و دەڵێت "خەڵکی گوند دەیانگوت ئەو بانگدانەی زانا جەبەلی بە ڕاستییە یان هەر لۆ فشەیە، چونکە نە دەچووە عەقڵییان هونەرمەندێک بانگ بدات".

جەبەلی پێیوایە ئەگەر هونەرمەندێک یان بانگبێژێکی دەنگخۆش بانگ بدات خەڵک زیاتر ڕوو لە مزگەوت دەکەن "نەوەک دەنگنەشازێک کە زەوقی خەڵکیش تێکدەدات".

زانا ئاشکرایکرد چەندین مامۆستای ئاینی پەیوەندیان پێوەکردووە، تاوەکو بەشێوازێکی ئەکادیمی فێری مقاماتیان بکات، بۆیە پێشنیازێک دەخاتە بەردەم وەزارەتی ئەوقاف "ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف ڕازی بێت خولێک بۆ ئەو مامۆستایانە دەکەمەوە کە بانگدەدەن و قورئان دەخوێنن، تاوەکو فێریان بکەم بە شێوازێکی ئەکادیمی و زانستی قورئان بخوێنن و بانگبدەن".

### کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بۆ بانگدانجێهێشت

گۆرانیبێژ جەلال پەرێشان، سەربوردەی زۆری لەگەڵ بانگدان هەیە، چونکە بە قسەی خۆی 33 ساڵە لە مزگەوتەکانی شاری هەولێر بانگ دەدات.

پەرێشان دەڵێت زۆر جار ڕێگری لێکراوە بانگ بدات و پێیانگوتووە تۆ "چاوەش"ی نابێت بانگ بدەی.

جەلال پەرێشان، کە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێرە لە فراکسیۆنی پارتی، یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای جێهێشتووە "کە مەلا کاتی نوێژی نیوەڕۆ هات، کۆبوونەوەکەم جێهێشت و چوومە مزگەوت و بانگم دا و نوێژەکەشم بە کۆمەڵ کرد و ئینجا گەڕامەوە کۆبوونەوەکە".

پەرێشان گلەیی لە هەندێک لە مەلای مزگەوتەکان هەیە کە ڕێگە لە گەنجان و هونەرمەندان دەگرن بانگ بدەن و دەڵێت "لە هەندێک لە مزگەوتەکان ڕێگە بە خادیمەکان دەدرێت بانگ بدەن، بەڵام بە من نادەن، چەند جارێک لەلایەن ئەو کەسانە ڕێگریم لێکراوەو بە منیان گوتووە تۆ چاوەشی چۆن دەبێت بانگبدەیت".

پەرێشان داوای لە وەزارەتی ئەوقاف کرد خولێک بۆ بانگبێژەکان بکاتەوە و فێری بانگدانیان بکات "چونکە هەندێکیان دەنگیان هێندە ناخۆشە خەڵک لە مزگەوت دوور دەخەنەوە".

### "کۆلکەمەلایەکان ناهێڵن بانگ بدەین"

هاوتا ئەسعەد دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆر گۆرانی ئەڤینداری گوت، بەمدواییانە ڕووی لە گوتنی گۆرانی ئاینی کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە مزگەوتەکان جار بەجار بانگ دەدات.

هاوتا ئەسعەد کە یەکەمجار لە ساڵی 2000 لە مزگەوتی ڕەشاد موفتی لە شاری هەولێر بانگی داوە دەڵێت "بەهۆی بانگدانی منەوە گەنجێکی زۆر ڕووی لە مزگەوتەکان دەکرد".

هاوتا پێیوایە بانگدان هونەر و زانستە "دەبێت بانگبێژ شارەزای لە مقامات هەبێت، ئەگەر نا زەحمەتە بتوانێت ئەدایەکی باش بکات و تۆنەکانی دەنگ بناسێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەندی بە قورگ و گەرووی مرۆڤەوە هەیە".

سەبارەت بەو مەلایانەی ڕێگری دەکەن لەوەی هونەرمەندان بانگ بدەن، هاوتا دەڵێت "ئەوانە کۆلکە مەلان شارەزاییەکی باشیان لە زانستەکەدا نییە، دەنا بانگدان بانگەوازێکە بۆ خۆ پاککردنەوە، کەس هەیە لەم بارەیەوە ڕێگری بکات، هەتا هەندێک لەو کەسان ڕێگری لە گەنجەکانیش دەکەن و دەڵێن ئەوانە دەم ڕووتن نابێ بانگبدەن".

جگە لەو هونەرمەندانە چەند هونەرمەندێکی دیکەش بانگدەدەن، لەوانە عارەب عوسمان، عەبدولقەهار زاخۆیی، ئیسلام زاخۆیی، میدیا حوسێن، نیزامەددین شوکر، نوری گەرمیانی و... هتد.

### زاخۆییەکان کۆڵ نادەن

عەبدولقەهار زاخۆیی، لە گۆرانییەکانیدا هەمیشە باس لە دابڕان و خۆشەویستی و بێ وەفایی و خیانەت دەکات، بەڵام زوو زووش لە مزگەوتەکان بانگ دەدات، عەبدولقەهار لەو بارەیەوە گوتی "من لە مێژە بانگ دەدەم، جگە لەمەش ئێستا لە چەند کەناڵێک بە دەنگی من ڕۆژانە بانگدان لەکاتی بانگی مەغریب پەخش دەکەن".

هەروەها ئیسلام زاخۆیی براشی بانگدەدات، بەڵام ئیسلام دەڵێت هەندێک خەڵک ڕێگری لێدەکەن بچنە مزگەوتەکان لەبەر ئەوەی دەڵێن "ئێوە گۆرانیبێژن و نابێت بانگبدەن، بەڵام ئەوان هەر بەردەوامن".

### بانگبێژەکان نوری گەرمیانی ئیزعاج دەکەن

نوری گەرمیانی، کە نەوەتەکاندا ئەستێرەی هونەری گۆرانی بوو لە شاری هەولێر، بە دەیانجار لە مزگەوتەکان بانگی داوە. ئەو دەڵێت لەهەر مزگەوتێک بانگی دابێت گەنجێکی زۆرتر ڕوویان لە مزگەوت کردووە.

نوری گەرمیانی گلەیی لە هەندێک لە بانگبێژەکان هەیە و دەڵێت "هەندێکجار گوێم لە هەندێک بانگبێژ دەبێت پێی ئیزعاج دەبم خوا خوامە زوو تەواو بێت، بەڵام بانگیش هەیە حەز دەکەی دوو سێ جار دووباری بکاتەوە، هێندە دەنگی خۆشە".





### "فەرزێک لە کۆڵ موسڵمانان دەکەنەوە"

د. مەغدید کەریم، کە دکتۆرا لە شەریعەتی ئیسلامدا هەیە دەڵێت "ئەو کەسەی بانگ دەدات دەبێ موسڵمان بێت و دەنگی خۆش بێت، چونکە پێغەمبەری ئیسلام کاتی خۆیشی تەنیا چەند دەنگ خۆشێکی دیاری کردبوو بانگ بدەن". گوتیشی "بانگدان فەرزی کیفایەیە، واتە کەسێک بانگ بدات فەرزەکە لەسەر موسڵمانەکانی دیکە لادەچێت، ئەو هونەرمەندانە بانگ دەدەن فەرز لەسەر شانی موسڵمانان لا دەچێت".

د.مەغدید دەستخۆشی لەو هونەرمەندانە دەکات کە بانگ دەدەن و زۆر خۆشحاڵ دەبێ کە گوێی لە بانگێکی خۆش دەبێت و دەڵێت "هونەرمەند بە گۆرانییەکی خراپ لە دین وەرناگەڕێت بەڵکو گوناهبارە، بەڵکو بە بانگدان دڵی بۆ لای خوا بچێت و لە گوناهەکانی پەشیمان ببێتەوە، چونکە بەردەوام دەرگای تۆبەکردنی خوا کراوەیە".

(فۆتۆ: سیروان عەزیز)



# جانۆ و مۆمەکانی لە هۆلیوود بوون

**جۆشوا تایسێن**
**ڕووداو — لۆس ئەنجلس**

نمایشی دوو فیلمی کوردی لە سینەماکانی هۆلیوود لە هەفتەی ڕابردوودا، پردێک بۆ نزیکبوونەوەی کلتووری کوردی و ڕۆژئاوا دروست دەکات. فیلمسازی کوردی ئەمریکایی جانۆ ڕۆژبەیانی لە فیلمەکانیدا باس لە یەکسانی، خۆشەویستی، پەیوەندی و گۆڕانی کلتووری لاوانی کوردستان دەکات.

هەردوو فیلمی چاپلنی چیاکان (Chaplin of the Mountains) و فیلمی یەک مۆمک دوو مۆمک (One Candle، Two Candles) دوو فیلمی کوردین بە زمانی ئینگلیزی، کە لە هەرێمی کوردستان بەرهەم هێنراون. هەردوو فیلمەکە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان و سروشتە جوانەکەی نیشان دەدەن.

"هەموو دیمەنەکانی فیلمەکان دەکرێت ڕاست بن. من ویستم ژیان وەکو خۆی پیشان بدەم، هەر بۆیە بیرۆکەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکۆمێنتاریم لا دروست بوو". ڕۆژبەیانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند.

لە هەردوو فیلمەکەدا بوونی ئەکتەری بەهێزی ئافرەت و ململانێی ئەکتەرەکان لەگەڵ بۆچوونی کۆنەپەرستانە، ئاماژە بە ئازاری هەبوونی شوناسی مێینە (فێمینیستی) دەکات. ڕۆژبەیانی ئەکتەری لۆکاڵی و بیانی لە چیرۆکەکانیدا بەکاردەهێنێت و چیرۆکەکانی سنوورەکان دەبەزێنن و بۆچوونێکی جیهانی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان پیشان دەدەن.

جانۆ دەڵێت "ئەمریکییەکان وەکو فیلمێکی ئەمریکی لێی دەڕوانن و کوردیش بە فیلمێکی کوردی دادەنێن". ئەو جەخت دەکاتەوە کە هەوڵی داوە فیلمەکە لە فیلمی ستایلی ترادیسیۆناڵی سینەمای کوردی بە دوور بگرێت کە "زۆربەی ئەو فیلمانە دەربارەی نەهامەتین و هەوڵدەدەن سۆزی بینەر بۆ خۆیان ڕابکێشن".

فیلمی "چاپلنی چیاکان" دەربارەی دوو خوێندکاری ئەمریکییە کە لە بواری فیلمسازیدا دەخوێنن و خەریکی ئەنجامدانی ئەزموونێکی کۆمەڵایەتین و فیلمەکانی چارلی چاپلن لە گوندە دووردەستەکانی نێو چیاکانی کوردستان نمایش دەکەن. لە کاتی کارەکەیاندا بە کچێکی نیوە فەڕەنسی نیوە کوردی ئاشنا دەبن. کچەکە بە دوای دۆزینەوەی گوندی خێزانەکەیدا وێڵە. چیرۆکەکە ئاماژە بە گەشتێکی هاوڕێیانە و گەشتێکی خۆدۆزینەوە دەکات لە ڕێگەی تێکەڵبوونی ڕاستەقینە لەگەڵ دانیشتووانی ناوچە شاخاوییەکان.

هەروەها فیلمی "یەک مۆمک، دوو مۆمک" باس لە شۆڕشی مێینەی ژنانی کورد دەکات بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی لە ژیانی هاوسەری و بەهێزترکردنی ژنانی کورد. چیرۆکەکە لەوە دەست پێدەکات کە کچە لاوێک دژی کلتووری کۆنەپەرستی دەوەستێتەوە لە گەڕانیدا بەدوای خۆشەویستیدا.

ڕۆژبەیانی پێیوایە کە دیمەنی خۆشەویستی و ژیانی فیلمەکە لەلایەن بینەرانی کوردەوە بە باشی پێشوازی لێدەکرێت.

"ژیان بەبێ خۆشەویستی مردنە" ئەو دەڵێت "کورد هەمیشە بە مردن هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام هەر هەستاونەتەوە، لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن. هەموو کات شتەکان دەربارەی بەردەوامی ژیانن".

جانۆ بۆچوونێکی گەشبینانەی دەربارەی داهاتووی سینەمای کوردی هەیە. ئەو دەڵێت "پێموایە لەبەرئەوەی کە ئێمە زۆر چیرۆکمان هەیە تا بە جیهانی بڵێین، لەبەرئەوە خەڵکی کورد زۆر داهێنەر بوون. هەشت ساڵم لە کوردستان گوزەراند، دەمبینی بە چەپ و ڕاستدا لاوانی کوردستان کورتەفیلمیان دروست دەکرد، تەنانەت بێ ئەوەی کە لەو بوارەشدا خوێندبێتیان. من ئەوە لە ئەمریکادا نابینیم".

هەروەها دەڵێت "پێموایە داهاتوو گەشە، بەڵام تۆزێک کاتی دەوێت تاوەکو بنەچەی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەوەش لەبەرئەوەیە کە سیاسەتمەداران و حکومەت و دەزگاکان دەبێت لە بەهای سینەما تێبگەن. دەبێت پشتگیری زیاتر هەبێت. کوردستان هێشتا لە قۆناخی گەشەکردندایە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا".

دوو فیلمەکەی جانۆ ڕۆژبەیانی لە ڕۆژی 25ی حوزەیران تاوەکو 1ی تەمووز لە هۆلیوود نمایش کران، بڕیارە هەردوو فیلمەکە لە 17ی مانگی داهاتوو لە ریۆ سینەما لە شاری فانکۆڤەری کەنەدا نمایش بکرێنەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژبەیانی لە ئەمریکا دەژی، بەڵام هێشتا خۆی وەکو کوردێک دەناسێنێت "من لە شارۆچکەیەکی بچووک گەورەبووم، کە ناوی زاخۆیە و دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا و عێراق. لە تەمەنی 14 ساڵیدا زاخۆم بەجێهێشت و پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلولەوە کرد. لە تەمەنی 15 ساڵیدا ئاوارە بووم. لە 16 ساڵیدا وەکو پەنابەرێکی سیاسی گەیشتمە ئەمریکا، بەڵام کوردایەتی خۆمم ون نەکرد و زمانی خۆم لە بیر نەکرد".

جانۆ لە دوای شەڕی کەنداوی ساڵی 1991 گەڕایەوە کوردستان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خۆی بە کلتووری کوردی ئاشنابکاتەوە و دەست بکات بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان لە ڕێگەی وێنەی جوڵاوەوە (فیلمەوە) لە سینەماکاندا.

دوای نمایشکردنی هەردوو فیلمە نوێیەکەی ڕۆژبەیانی لە سینەماکانی هۆلیوود، بڕیارە هەر لەم مانگەدا هەردوو فیلمەکە لە کوردستانیش نمایش بکرێن.





ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (317) دووشەممە 2014/7/7

## لە یۆنان 3 کورد دەستبەسەردەکرێن



**ڕووداو– دویسلدۆرف**

ڕۆژنامەکانی یۆنان بڵاویان کردەوە، کە هێزە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە، لە شاری ئەسینای پایتەخت 3 کوردیان دەستگیر کردووە، بەتۆمەتی ئەندامێتیان لە ڕێکخراوی (DHKP-C)ی چەپی تورکی. بەپێی زانیاریی کاربەدەستانی پۆلیس لە یۆنان سێ کەسەکە دوو ژن و پیاوێک بوونە و ڕۆژی 2014/6/27 دەستبەسەر کراون. (DHKP-C) کە لە تورکیا قەدەخەیە، بەدەیان ئەندام و لایەنگری لەنێو گرتووخانەکان دایە. ئەم ڕێکخراوە لەلایەن وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاش وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆرستی ئەژماردەکرێت.

### مام تیتال گوندێک لەوێ ئاوەداندەکاتەوە

# 20 هەزار کورد لە سیبیریا ماون

**ساڵح کەڤربڕی**
**ڕووداو – سیبیریا**

ئەو کوردانەی لە ساردترین شوێنی دنیا دەژین، سڵاوێکی گەرم بۆ شاری کەرکووک دەنێرن و دەڵێن ئێستا لەبەر کەرکووک کەمتر بیری سەرحەد و وان و ئامەد ناکەن، کە زێدی باب و باپیریانە "ڕۆژی ڕووناک ڕێگاکەت ڕوونتر بکاتەوە کەرکووک".

ژمارەیەکی زۆر لە کوردی باکووری کوردستان بە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا بڵاوبوونەتەوە، هەندێک لەو کوردانە گەیشتوونەتە ساردترین شوێنی جیهان، ئەویش سیبیریایە.

ڕووبەری سیبیریا 13 ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتووانەکەی 39 ملیۆن کەسە. سیبیریا لە سێ بەش پێکدێت: ڕۆژهەڵاتی سیبیریا، ڕۆژئاوای سیبیریا و ڕۆژهەڵاتی دووری ڕووسیا. زۆرتر خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی سیبیریا دەژین. بەشێکی گەورە لە خاکی سیبیریا بەفری لێیە و ژیان لێی زۆر ئەستەمە. زۆربەی دانیشتووانی سیبیریا لە ڕووس، ئۆکرانی و فینییەکان پێکدێن و ژمارەیەکی کوردیش لەو شوێنە ساردانە دەژین.

شارە گەورەکانی سیبیریا بریتین لە نۆڤۆسیبیرسک، ئۆمسک، کراسنۆیارسک، براناوڵ، ئیرکووتسک، نۆڤۆکوزەنتسک، توومەن، کەمەرۆڤا، ئۆڵان-ئۆدە، چیتا، یەکووتسک. زستانی سیبیریا زۆر ساردە. هەندێک جار لە زستانان پلەی گەرمی لەوێ دەگاتە (45-) پلەی سەدی. پایتەخت و گەورەترین شاری سیبیریا، شاری نۆڤۆسیبیرسکە و دانیشتووانەکەی نزیکەی 1.5 ملیۆن کەسە.



### فەرمان.. کوردە ناسراوەکەی سیبیریا

مێژووی چوونی کورد بۆ شار و شارۆچکەکانی سیبیریا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 120 ساڵ لەمەوبەر. زۆربەی کوردی سیبیریا لە ناوچەی سەرحەد، ئامەد، وان، ئاگری و قەرس لە باکووری کوردستان لەلایەن عوسمانییەکانەوە ڕاگوێزراون بۆ وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.

زۆربەی ئەو کوردانەی لەو سیبیریا نیشتەجێن، کوردی ئێزدین. ئەوان دەڵێن پێش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ژمارەی کورد لە سیبیریا لە ژمارەی پەنجەکانی دوو دەست تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، بەهۆی خراپی باری ئابووریان بە هەزاران کوردی ئەرمەنستان ڕوویان کردە شارەکانی ئۆراڵ و سیبیریا.

زووربەی ئۆسێ فەرمان، سەرۆکی جڤاکی کوردی سیبیریا بە (ڕووداو)ی گوت نزیکەی 20 هەزار کورد لە سیبیریا دەژین، کە نزیکەی 1500 خێزانیان لە شاری نۆڤۆسیبیرسکن.

زووربەی ئۆسێ فەرمان نەک تەنیا لە نۆڤۆسیبریسک، بەڵکو لە سەرتاسەری سیبیریا لە نێو کورددا ناوێکی ناسراو و خۆشەویستە. ئەو خاوەن زۆر سازی و دەزگا و باڵەخانەی بازرگانییە. زۆر کورد، ڕووس و میللەتانی دیکە لەلای ئەو کار دەکەن و نانی منداڵەکانیان پەیدا دەکەن.

زووربە خاوەنی دەزگایەکی خێرخوازییە بە ناوی "شەمس" کە تایبەتە بە کوردی ئێزدی. ئەو دەڵێت "لەڕێگەی ئەو دەزگایە چیم پێ بکرێت لە خێر و خۆشی، شین و شایی بۆ گەلی کورد دەیکەم".

### کورد گوندێک ئاوەدان دەکەنەوە

جگە لەو کوردانەی لە شارەکان دەژین، ژمارەیەک کورد لە گوندەکانی سیبیریا دەژین، بەڵام لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر ئاواکردنی گوندێکە بە دەستی کوردێک. ئەویش گوندی کوردانۆڤکایە.

ئەم گوندە (کوردانۆڤکا) 25 ساڵ لەمەوبەر لەلایەن کوردێک بە ناوی تیتالی جەرجەریسا ئەلەگەزی ئاوەدان کراوەتەوە، مام تیتال دوای ئەوەی لە ئەرمەنستانەوە کۆچی کردووە بۆ سیبیریا بە دووری 125 کیلۆمەتر لە شاری نۆڤۆسیبیرسکەوە پارچە زەوییەکی کڕیووە و خانووی تێدا دروستکردووە، دواتر وردە وردە چەند خێزانێکی دیکەی کورد و ڕووس و ئۆزبەک و چیک لەو گوندە نیشتەجێبوون، کە کار بۆ مام تیتال دەکەن.

ڕۆژانە 60–70 کەس کار لە 5 هەزار هیکتار زەوی دەکەن، هەروەها 3 هەزار بەراز و 100 وڵاخ بەخێو دەکەن. تەواوی کاروباری گوندەکە لەلایەن مام ئەدیکی برای مام تیتالەوە بەڕێوەدەبرێ.

ئەو دوو برایە کە خەڵکی ناوچەی سەرحەدن لە باکووری کوردستان، دەڵێن بەردەوام بیریان لەلای کەسوکاریانە لە باکووری کوردستان.

بەڵام بەهۆی ڕەوشی تازەی عێراق و گەڕانەوەی ناوچە دابڕێندراوەکان بۆ ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە، ئێستا بیریان لەلای کەرکووکی باشووری کوردستانیشە و سڵاوی بۆ دەنێرن و دەڵێت "سڵاوێکی گەرم لێبێت، بەیانیت باش کەرکووک، ڕۆژی ڕووناک ڕێگاکەت ڕوونتر بکاتەوە".

### کوردی تاراوگە ئامادەن بگەڕێنەوە

# پێشمەرگە گەیشتنە ڤێتنام










**یادێ جوان و ئاشتی سندی**
**ڕووداو – بەرلین و ئەمستردام**

کەمپینی "هەموومان پێشمەرگەین" کە دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، لە باشووری کوردستان دەستی پێکرد. گەیشتە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا. کەمپینەکە پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە لەلایەم کورد و بیانییەکانەوە.

پەیجێک بەناوی ئێمە هەموومان پێشمەرگەین "We are all peshmerga" لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کراوەتەوە، زۆر لایکی لەلایەن کورد لە زۆربەی وڵاتان بە ئیسرائیل و ئەمریکاشەوە بۆ کراوە، هەندێک لەوانەی لایکی پەیجەکەیان کردووە ئەوروپی و ئەمریکین.

دوای دەنگدانەوەی کردەوە دڕندەکانی داعش لەنێو میدیای جیهانیدا، خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە لە سەرتاسەری جیهان زیاتربووە. لە نۆرویژەوە تاوەکو سوێد، لە ئیتاڵیا تاوەکو ڤێتنام، لە ئیسرائیلەوە تاوەکو ئەمریکا ئەوانەی دژی کردەوەکانی داعشن، پشتیوانی خۆیان بۆ پێشمەرگە دەردەبڕن. ئەوانە وێنە و پەیامەکانیان بۆ ماڵپەری "We are all peŞmerga" دەنێرن.

ئێستا ماڵپەرەکە پڕبووە لە هەزاران وێنە، پەیامی پشتیوانی و خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە. لەو ماڵپەرەدا وێرای دانانی ئاڵای کوردستان هەروەها دەستەواژەی "ئێمە 45 ملیۆن کوردین" سەرنجت ڕادەکێشێت.

لەو ماڵپەرەدا کە بە زمانی ئینگلیزی کراوەتەوە، لە ماوەی دوو هەفتەدا تاوەکو (1ی تەمووزی 2014) بە هەزاران کەس لایکیان کردووە. لەبارەی ئامانجی کەمپینەکەش نووسراوە "ئەم کەمپینە بۆ ئەوانە دروستکراوە کە بتوانن پشتیوانی خۆیان بۆ پێشمەرگە پیشانبدەن. پێشمەرگە ژیانی خۆی بۆ کوردستان بەختکردووە. ئەوان پارێزەری ئاشتی و پێکەوەژیانن".

بەڕێوەبەرانی پەیجەکە داوا دەکەن وێنەکانیان بنێرن و تێیدا پلانکارتی "we are all peshmerga". بەرز بکەنەوە. هەروەها ناوی وڵات یان شاری نیشتەجێبوونی لەسەر بنووسن.

### کوردی تاراوگە ئامادەن

دوای هەڵاتنی سەربازانی سووپای عێراق لە ناوچە دابڕێندراوەکانی باشووری کوردستان، پێشمەرگەی کوردستانی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی کرد. بەپێی قسەی فەرماندە سەربازییەکان، ئێستا نزیکەی 95%ی خاکی باشووری کوردستان لەژێر دەستی پێشمەرگە دایە. ئەگەرچی تاوەکو ئێستا شەڕی قورس لەو ناوچانە ڕووینەداوە. بەڵام پسپۆرانی بواری سەربازی پێیانوایە ڕەوشەکە بەو شێوەیە بەردەوام نابێت و ڕەنگە لە داهاتوودا داعش ڕووی شەڕ بگۆڕێت و هێرش بکاتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە. کوردی تاراوگە دەڵێن ئەوکات ئامادەن بگەڕێنەوە باشووری کوردستان. ئەحمەد کۆچەر کە گەنجێکی کوردی تەمەن 26 ساڵەیە و لە ئیتاڵیا دەژیت، گوتی "ماڵی ئێمە و مامم لە ئیتاڵیا نزیکی یەکدییە. ڕۆژی یەکەم کە ئەم شەڕە دەستیپێکرد، بە مامم گوت ئەگەر شەڕەکە بکەوێتە بەرەی کوردستان ئەوە من دەگەڕێمەوە و شانبەشانی پێشمەرگە بەرگری لەخاکی پیرۆزی کوردستان دەکەم".

ئاراس کێستەیی، گەنجێکی دیکەی کوردە کە لە هۆڵەندا دەژیت، ئەویش گوتی "من وەکو گەنجێکی کورد ئامادەم بگەڕێمەوە کوردستان و شانبەشانی پێشمەرگە بەرگری لە خاکی کوردستان بکەم دژی هەر کەسێک کە پەلاماری خاکی کوردستان بدات. من لێرەوە سڵاو بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان دەنێرم. ئێمە بەدڵ و گیان لەگەڵتانین ئەی پارێزەرانی وڵاتەکەمان". بەشێکی زۆر لە کوردی تاراوگە لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوکاتەی پێشمەرگەکان لوولەی تفەنگەکانیان لە یەکدی کردبوو، کوردستانیان جێهێشت. ئێستا ئامادەن شانبەشانی ئەو پێشمەرگانەی تا دوێنێ یەکدیان دەکوشت بجەنگن. نوودەم سندی، خەڵکی زاخۆیە و ئێستا لە بەلجیکا دەژیت، دوو لە براکانی لە بەرەکانی شەڕن لە موسڵ. ئەو هەموو کاتێک ئامادەیە بگەڕێتەوە کوردستان و بەرگری لە خاکەکەی بکات. نوودەم دەڵێت "ئێمە هەموو کاتێک ئامادەین. ئێستا دوو لە براکانم لە بەرەکانی شەڕن لە موسڵ و ئەگەر مەترسی پەیدابێت ئەوە بەبێ دوادەوکەتن تکێتی فڕۆکە دەکڕم و دەچمەوە زاخۆ و لەوێوە بۆ موسڵ".

نوودەم گوتیشی "دوا خاڵی سنووری کوردستان چیای حەمرینە. هەر چۆنێک بێت ئێمە وەکو لاوانی کورد ئامادەین و من ئەوە بە باوەڕەوە دەڵێم، چونکە ئەوە خەونی هەموو کوردە و پێویستە ئیدی بڵێین ئێمە کوردستانین. من داوا لە سەرۆک و ڕێبەرانی کورد دەکەم ئەم دەرفەتە لەدەستم نەدەن، یەکبگرن و ئێمەش بە گیان لەگەڵیان داین."

# "ڕەوتی شاخ" سویسرا و ئەڵمانیای ترساندووە

**ڕووداو– دویسلدۆرف**

دوای ئەوەی دادگایەکی سویسرا دوو برای کوردی سزا دا، بە تاوانی پەیوەندیان بە گروپێکی توندڕەو، ئێستا حکومەتی ئەڵمانیاش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە دۆسیەیەکی هاوشێوە.

ڕۆژی 2014/5/2 دادگایەکی سویسرا دوو برای کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتەی بە ناوی (م.م.ئ) تەمەن 35 ساڵ، بە سێ ساڵ و (ک.م.ئ) بە دوو ساڵ بەندکردن سزا دا، دوای ئەوەی بەڵگەکان دەریخست ئەو دوو برایە پەیوەندیان بە ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام هەبووە و هەوڵی بوژانەوەی ئەو ڕێکخراوەیان داوە لە ئەوروپا.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانی سویسرا لەوانەش ڕۆژنامەی Neue Zürcher Zeitung (NZZ) و Tages-Anzeiger ئەو دوو برایە لە ساڵی 2007ەوە لە شاری بازلی سویسرا نیشتەجێن.

بەرپرسانی ئەمنی گومانیان لە سەنتەرێک کرد بەناوی (Zentrum Didi Nwe Auslandsabteilung) لە شاری بازل. کە لقێک بێت لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، بۆیە دادگای فیدراڵی سویسرا دۆسیەیەکی لە دژی ئەو دوو برایە کردەوە، کە کاریان لەو سەنتەرە دەکرد.

بەپێی دۆسیەیەکی 121 لاپەڕەیی کۆمەڵەکانی "Auslandsabteilung"، واتە "لقی دەرەوەی وڵات" لە ساڵی 2003 لەلایەن ئەو پەنابەرانەی کە لە بەریتانیا، یۆنان، نەرویژ، فەڕەنسا، سوێد و سویسرا دەژین دامەزرێنراوە. پەیوەندی لەنێوان ئەندامانیشدا زیاتر لەڕێی ئینتەرنێتەوە بووە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (NZZ) سەرۆکی "لقی دەرەوەی وڵات" مەلا کرێکارە، کە خەڵکی باشووری کوردستانە و ئێستا لە نەرویژ لە زیندانە. مەلا کرێکار 57 ساڵ، لە ساڵی 2001 ڕێکخراوێکی توندڕەوی بەناوی ئەنسارولئیسلام دامەزراندووە کە ماوەیەک لە باشووری کوردستان چالاکی بووە. دواتر ئەم ڕێکخراوە خرایە لیستی ڕێکخراوە تیرۆری یەکێتی ئەوروپا، نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا و سویسراش. دوای چەندین چالاکی نامرۆڤانەی ئەم ڕێکخراوە لە هەڵەبجە و کوشتنی چەند کەسێک، لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لەناوبرا. بەپێی دۆسیەکە، کە کۆپی دەست ڕۆژنامەکانی سویسرا کەوتووە، تۆمەتی ئەو دووبرایە دووبارە دامەزراندنەوەی ئەنسارولئیسلام بوو لە ئەوروپا. بەگشتی لەسەر 9 ماڵپەڕی نزیک لەم ڕێکخراوە پەیام، وێنە و ڤیدیۆی سەرۆک و چالاکییەکانی ئەلقاعیدە بڵاودەکرانەوە. بەهۆی ئەم بەڵگانە و چەند بەڵگەیەکی دیکە دادگای فیدراڵی سویسرا ئەو دوو برایەی سزا دا.

### ئەڵمانیاش خەریکی لێکۆڵینەوەیە

دوای سزادانی ئەو دوو برایە لەلایەن دادگای فیدراڵی سویسرا، ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتە ئاشکرایان کرد کە حکومەتی ئەڵمانیاش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەو گروپەی تێوەگلاون لە دۆسیەی "لقی دەرەوەی وڵات".

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی زۆنتاگ تسایتونگی سویسری، داواکاری گشتی شاری کارلسروەی ئەڵمانیا لێکۆڵینەوە دەکات لەگەڵ دوو ئەندامی ئەو گرووپەی بازل. بەڵام تاوەکو ئێستا دیارنییە کە ئایا ئەو لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ ئەو دوو برایەیە یانیش لەسەر دوو کەسی دیکەی هەمان گرووپی بازلە.

داواکاری گشتی ئەڵمانیا نەک تەنیا تۆمەتی ئەنجامدانی پڕوپاگەندە بۆ ڕێکخراوێکی تیرۆرستی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت داوەتە پاڵ ئەو دوو کەسە. بەڵکو تۆمەتباریان دەکات بە "پەیداکردنی ئەندامی تازە و پارە بۆ ڕێکخراوەکە. هەروەها کاری ڕاگەیاندنیش بۆ هەمان ڕێکخراو دەکەن". ئەوە بەپێی زانیارییەکانی مارکوس کۆیلەر، گوتەبێژی داواکاری گشتی کارلسروە بۆ ڕۆژنامەی زۆنتاگس تسایتونگ.

بەپێی زانیارییەکانی داواکاری گشتی، هەردوو برای کوردی نیشتەجێی شاری بازلی سویسرا "ئەندامی ڕێکخراوی تیرۆرستی چالاکی نێودەوڵەتی ڕەوتی شاخن". هەردوو براکە لە ژێر چەتری (Auslandsabteilung) واتە (لقی دەرەوەی وڵات) کاریان بۆ ڕێکخراوی (ڕەوتی شاخ) کردووە.



پارێزەری دوو ئەندامی "ڕەوتی شاخ"ی کوردی کە لە سویسرا دادگایی کران و سزادران




بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، پێخۆشحاڵ دەبین بە دانی ئۆفەرێکی تایبەت بۆ یەکەم جار لە کوردستان: یەك لە مۆدێلە هەرە سەرکەوتوەکانی BMW ٢٠١٤ هەڵبژێرە – BMW زنجیرەی پێنجەم یان BMW زنجیرەی سێیەم، و ئەم تایبەت مەندیە نایابانەی خوارەوە بەدەست بهێنە:

- قیستی مانگانە کە لە ٨٧٥$ دەست پێدەکات.
- قازانجی سفر ٪
- بە بێ دەستەبەرێ و بەبێ گلدانی خانووبەرە
- بۆ ماوەی دوو ساڵ.

بفەرمە ئەمرۆ بۆ سەردانی پێشانگای العروش بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل بۆ تاقی کردنەوەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە بژاردەکەت.


کۆمپانیای العروش بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل
تەلەفۆن: ٠٧٨١ ٣٧٧ ٧٧٧٧
پۆستی ئەلیکترۆنی info@bmw-iraq.com، سایتی ئەلیکترۆنی www.bmw-iraq.com




Empire World
Building the Future

تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن

Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com



ڕووداو
ژنان
ژمارە (317) دووشەممە 2014/7/7

## کچێک %70ی جەستەی سووتا



**ڕووداو- گەرمیان**

لە سنووری ناحیەی ئاوەسپی شارۆچکەی کفری، کچێک بە ناوی شیلان حەسەن خەڵەف، 20 ساڵ، لە نێو ماڵی خۆیان سووتا. ئەو کچە، کە بە ڕەگەز عەرەبە، لە ئیفادەکەیدا دەڵێت "کاتی نانکردنی ئێوارە تەباخ گڕی گرت و سووتام، سکاڵام لە دژی کەس نییە". ئەو کچە بە ڕێژەی 70% سووتاوە و باری تەندروستی جێگیر نییە. مقەدەم لەمیعە محەممەد بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان گوتی "کچەکە سکاڵای لەسەر کەس نەبوو، بۆیە کەس لەسەر ڕووداوەکە نەگیرا".

# جوانترینی دونیا "سەربانی هاوین"ی چۆمانە

**فەرهاد چۆمانی**
**ڕووداو- هەولێر**

شیعرێکی ژنە شاعیری کورد چۆمان هەردی، بە یەکێک لە جوانترین 50 شیعری خۆشەویستی لە 50 ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی جیهاندا دەستنیشان دەکرێت.

شیعرەکە، کە بە ناوی "سەربانی هاوین"ە، باسی خۆشەویستی ئەو ژنە شاعیرە دەکات، کە لەسەر بانی ماڵەکەیان دووراو دوور سەیری دووکەڵی دەستی جگەرەکەی کوڕە دراوسێیەکەیان دەکات بەبێ ئەوەی یەکدی بدوێنن. دوای چەندین ساڵ هەردی چاوی بە کوڕەکە دەکەوێتەوە و دەبینێت کە پەنجەکانی قرتاون، ئیدی نە دەتوانێت فلچەی نیگارکێشانەکەی هەڵبگرێت و نە چیدی جگەرە بخاتە نێوان پەنجەکانییەوە.

شیعری "سەربانی هاوین" 11 ساڵ بەر لە ئێستا بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و لە ساڵی 2004دا چاپکراوە. ئەمساڵیش لە ڕیزی شیعری شاعیرانی بەناوبانگی جیهاندا وەک نازم حیکمەت، تێد هیوز، مارگارێت ئەتوود، ئەیدریەن میتچڵ و 45 شاعیری دیکە، لەلایەن دەزگای SouthBankdی بەریتانی بە یەکێک لە 50 شیعرە جوانەکانی جیهان لە 50 ساڵی ڕابردوو هەڵبژێردرا.

یەکێک لە گەورەترین فیستیڤاڵە نێونەتەوەییەکانی شیعر لە بەریتانیا لەم دەزگایە بەڕێوەدەچێت لە ژێر ناوی Poetry International Festival-دا، واتە فیستیڤاڵی شیعری نێونەتەوەیی. سایتی ڕۆژنامەی گاردیانی ئینگلیزی باسی لەوە کردووە کە "ئەم دەزگایە ماوەی ساڵێکە کار لەسەر خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو شیعرانە دەکات کە لە ماوەی 50 ساڵی ڕابوردوودا نووسراون".

بڕیارە شیعرە هەڵبژێردراوەکان لە 2014/7/20 لە ناوەندی ساوپ بانک لە کۆڕێکدا بخوێنرێنەوە و ئەم کۆڕەش بەشێکە لە فیستیڤاڵی عەشق لە شاری لەندەن.

ئەمە دووەمجارە شیعرەکانی چۆمان هەردی لە بەریتانیا شوێنگەی تایبەتیان پێدەبەخشرێت. لە ساڵی 2010 دا، چوار لە شیعرەکانی هەردی خرانە نێو پرۆگرامی خوێندنی ئەدەبی ئینگلیزییەوە و تاوەکو ئێستاش لە قۆناخی ئامادەیی دەخوێندرێن. شیعرەکانیش بریتین لە (لەسەر سنوور، 1979)، (داگیرکردن)، (مووبەقەکەی دایکم) و (پەنەلۆپەکانی وڵاتی من).



ئەمساڵیش بۆ دووەمجار هەردی دانپیانانێکی دیکەی وەرگرت. شیعرەکەی چۆمان هەردی وەک یەکێک لە "پەنجا جوانترین شیعری خۆشەویستی" لە جیهاندا هەڵبژێردرا. سەبارەت بەم نرخاندنە هەردی بە (ڕووداو)ی گوت "دیارە ئەم هەڵبژاردنە بۆ منیش موفاجەئەیەکی زۆر خۆشبوو، چونکە ئاگاداری ئەم پرۆسەیە نەبووم. تیمی هەڵبژاردنەکە بەبێ ئاگاداری شاعیرەکان کارەکەیان کردووە".

یەکەم چیرۆکی ئەڤینداری چۆمان هەردی بۆ ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، 11 ساڵ لەمەوبەر چیرۆکەکەی لە دوو توێی شیعرێک بەناوی "سەربانی هاوین" نووسیوەتەوە. لەبارەی ساتە پڕ ئەڤینییەکانی خۆیەوە ئەو ژنە شاعیرە دەڵێت "لە جیهانی ئێمەدا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەسەکان یەکدیان خۆشدەوێ، بەڵام بەبۆنەی کۆمەڵێک هەلومەرجەوە ناتوانن ئەو پەیوەندییە بەواقیعی بکەن و قسەی لەسەر بکەن".

هەردی نەیویست باسی ئەو کوڕەی سەربان بکات و بیناسێنێت، بەڵام گوتی "کوڕێک بوو توانایەکی باشی وێنەکێشانی هەبوو". یەکێکیش لەو شتانەی هەردی لەو کوڕەدا خۆشی ویستووە، هونەری پەنجەکانی بووە، بەڵام کاتێک پاش چەندین ساڵ دەیبینێتەوە، دەبینێت کە پەنجەکانی قرتاون.

چۆمان هەردی، کە کچی شاعیری کورد ئەحمەد هەردییە، گوتی "چیرۆکی ئەم شیعرە تەنیا خۆشەویستی نییە، بەڵکو گێڕانەوەی بەسەرهاتی جەنگیشە. ئەو کوڕە بەبۆنەی توندوتیژییەوە پەنجەکانی لەدەستدا و چیدی نەیتوانی وێنە بکێشێت".

چۆمان هەردی لە ساڵی 1993 چووەتە بەریتانیا، لەوێ بکالۆریۆسی فەلسەفە و دەروونناسی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد وەرگرتووە، دواتر لە زانکۆی لەندەن ماستەری لە فەلسەفەدا هێناوە. دکتۆراشی هەر لە بەریتانیا لە زانکۆی کێنت وەرگرتووە..

چۆمان هەردی شیعری (سەربانی هاوین – Summer Roof)ی بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە و دەڵێت "ڕەنگە ئەگەر ئەم شیعرەم بە کوردی بنووسیایە، بەم شێوەی ئێستا شوێنی خۆی نەکردباوە" بە بۆچوونی ئەو پرۆسەی وەرگێڕان کاریگەری دەبێت لەسەر ماهییەت و مۆسیقای دەقێک کە هەر زمانە و ڕیتم و شێوازێکی مۆسیقی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە بەشێکی زۆری ئەم ڕیتم و مۆسیقایە لەدەستدەدات.

لەبارەی ناساندنی ئەدەبی کوردی و پرۆسەی وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکان بۆ سەر زمانی گەلانی دیکە چۆمان هەردی دوو هۆکار دەخاتەڕوو. یەکەم، پێیوایە بەبۆنەی هەلومەرجی سیاسییەوە کورد میللەتێکی دابڕاو بووە و نەیتوانیوە جێگەی خۆی بکاتەوە و زمانە ئەورووپییەکان فێر ببێت و بەو زمانانە بنووسێت. دووەم هۆکار ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانانی دیکە بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە، ئەگەر نا ئەدەبی کوردی لەچاو ئەدەبی گەلانی دیکە ئەدەبێکی لاواز نییە.

### سەربانی هاوین

گشت شەوێکی ئەو هاوینە
کە دەچووینە ناو جێگاوە لەسەر سەربان
من بێدار بووم، بە تاسەوە
دەمڕوانییە سەربانەکەی بەرامبەرمان،
دەمڕوانییە تارمایی ئەو.
پەیتا پەیتا، لەگەڵ مژی جگەرەکەی،
ڕووناکییەکی بچکۆلە دادەگیرسا.
ڕۆژێک تابلۆکانی ئەویان پێ نیشاندام
کە گەیشتمەوە ژوورەکەی خۆم
لە دووتوێی پەڕتووکەکانما
یەک لە دوای یەک، ناوی ئەوم نووسییەوە.
هەر خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە ئاخۆ چیم پێ بڵێت و
چۆن وەڵامی بدەمەوە.
وێنام دەکرد هاوسەریم و
کە نەخۆش کەوت خەمی دەخۆم،
خواردنی بۆ دروستدەکەم، قژی دەشۆم.
خەیاڵم دەکرد لەگەڵ ئەو لەسەر هەمان سەربان دەنووم.
ساڵێکی تەواو تێپەڕی و یەک وشەمان نەگۆڕییەوە.
لەپڕێکدا بەرامبەرمان ماڵێکی چۆڵ،
بانێکی چۆڵ، کەس سەیری نەدەکردمەوە.
ئەوەی بۆ منیش مایەوە بێخەوی بوو.
چەند ساڵ دواتر دووبارە یەکمان دییەوە
هەر هەمان پیاو، چەند پەنجەیەکی قرتابوو،
تاڵ و تووڕە، نەیدەتوانی فلچە بگرێت.
ئێمە هەرگیز پێکەوە قسەمان نەکرد،
هەر یەکەمان لەسەر بانی خۆی مایەوە.

## فەوجەکەی ژنانی کورد شیعە و سوننەی تێدایە

# چاوڕەش شەڕی ژنانی ناوێت

**ڕۆژان ئەبوبەکر**
**ڕووداو-سلێمانی**

ناهیدە ئەحمەد بڕوای نەدەکرد ڕۆژێک خەونەکەی بە چاوی خۆی ببینێ و بەوشێوەیە قەرەباڵخی لەدەور و پشتی خۆی ببینێ، چونکە وەک باسی دەکات، ڕۆژگارێک ئەو بیری لەوە دەکردەوە هێزێک چەکداری ژنانە دروست بکات، بەشێک لە ژنانی ئەو کۆمەڵگایە دەبوو ڕوخسەتی چوونە دەرەوە لە خێزانەکانیان وەربگرن "خەڵک پێیان سەیر بوو بتوانین شانبەشانی پیاوان کار بکەین و چەک هەڵبگرین".

ئێستا ناهیدە، وەک 18 ساڵ لەمەوبەر نییە، چونکە زۆر شت گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و تەنانەت لەرووی پلەی سەربازیشەوە، چونکە داڵێک و دوو ئەستێرە بەسەر شانییەوەیەتی و ئەو پێشمەرگانەی دەچنە ژوورەکەیەوە، دەبێ سڵاوێک گەرمی سەربازی لێبکەن و بە وشەی "گەورەم" بانگی دەکەن.

بیرۆکەکەی ئەو ژنە پێش ساڵی 1996 بوو، کە بۆ هەندێک لە نزیکەکانی خۆی باسدەکرد لە ڕواڵەتدا سادە و ساکار بوو، بەڵام لە نێوەڕۆک و لێکدانەوە کۆمەڵایەتی و نەریتییەکەدا وەک شەڕکردن وابوو لەگەڵ مەحاڵ، دواتر لەگەڵ 16 ژنی دیکە بیرۆکەکەی لەنێو مێشکییەوە گواستەوە بۆ نێو بارەگایەکی سەربازی و سەرەتا ناویان نا هێزی ژنان.

دروستکردنی هێزی پێشمەرگەی ژنان، لە سلێمانی لە ساڵی 1996 لەسەر داوای ژمارەیەک کادیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، کە ئەوکات یاداشتێکیان داوەتە عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی. ئەویش ڕەزامەندی خۆی نیشانداوە و ڕەزامەندی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی وەرگرتووە بۆیان.

عەقید ناهیدە ئەحمەد دەڵێ "نزیکەی ساڵێک لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی بە شەو دەردەچوین بۆ مەشق، تاوەکو ساڵی 2000 ئەفسەری پیاو مەشقی پێدەکردین، هەر لەو ساڵەدا بۆ یەکەمجار ژمارەیەک لە ژنە پێشمەرگەکان لە نێو 1700 پیاودا بەشداری کۆلیژی سەربازی قەڵاچوالانیان و تا ئێستا زیاتر لە 50 ژن دەرچووی کۆلیژی سەربازین".

ئێستا ئەوان پێیاندەگوترێ فەوجی 2ی ژنان و ناهیدە ئەحمەد فەرماندەی فەوجەکەیە، کە سەر بە یەکەی 106 ی هێزەکانی 70یە. سەرەتا ئەوان هەموو پێشمەرگەکانیان خەڵکی شاری سلێمانی بوون.

بەڵام ناهیدە دەڵێت "ئێستا پێکهاتەی فەوجەکەمان جیاوازە، لە خانەقینەوە تا قەندیل 500 پێشمەرگەمان هەیە و ژنانی هەموو ناوچەیەکمان لایە بەبێ جیاوازی مەزهەبی، پێشمەرگەی شیعە و سوننەشمان هەیە".

هەروەها دەڵێ لە پرۆسەی ئازادی عیراق بەشدارییان کردووە لەشەڕەکاندا و چوونە میحوەرەکانی کەرکووک و خانەقین. ناهیدە دەڵێت "بۆ شەڕی ئێستاش سەردانی کەرکووکمان کردو چووینە بەشیرو لەیلان، لە خانەقینیش چووینەتە لای مستەفا چاوڕەش بۆ ئەوەی ئامادەیی خۆمان پیشان بدەین لە پاڵ برا پێشمەرگەکان شەڕ بکەین،، بەڵام مستەفا چاوڕەش پێیگوتین، ئێستا شەڕی پێشمەرگەو داعش بەردەوامی نییە و لە حاڵەتی پێویستدا پێتان دەڵێین".

هەرچەندە هێزی پێشمەرگەی ژنان لەسەر زۆربەی چەک و تەقەمەنییەکان مەشقیان کردووە، بەڵام ئێستا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی پیاوان مەشق لەسەر چەکە قورسەکان دەکەن.

مەرجەکانی ئەو ژنە پێشمەرگانە بۆ وەرگرتنی پێشمەرگەی نوێ ، زیاتر ڕەچاوکردنی دۆخە کۆمەڵایەتییەکەی تێدایە "دەبێت ڕەزامەندی کەسوکاریان وەربگیرێت و تەمەنیان لە نێوان 16 بۆ 25 ساڵیدا بێت و ئەگەر خوێندەواری هەبێت باشترە، دەبێت دۆسیەی خراپی نەبێت لەدادگا". ناهیدە گوتیشی "ئەمساڵ 5 پێشمەرگە پلەی موقەدەم و نەقیبی سەربازییان وەرگرتووە و پلەکانیان بەرز کراوەتەوە".

کارەکە لەسەرەتاوە دژوار بوو، هێزی پێشمەرگە بۆ خۆی یەکنەخرابوو، دیسان ڕێگەی کارکردنیشیان هەروا ئاسان نەبوو، بەڵام لەڕێگەی تاڵەبانییەوە زۆربەی لەمپەرەکانیان ڕاماڵیوە "مام جەلال پشتگیری زۆری ماددی و مەعنەوی کردین، ئەوانەی ئەوکات ڕەخنەیان لێدەگرتین، ئێستا دەستخۆشیمان لێدەکەن".

ئاشنا سدیق، 25 ساڵ، لە تەمەنی 13 ساڵییەوە پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەی ژنان کردووە و ئێستا بە پلەی جێگری ئەفسەر، مەشق و ڕاهێنان بەو پێشمەرگانە دەکات کە پەیوەندییان پێوەکردوون ، ئاشنا هەرچەندە بەهۆی کەمی تەمەنییەوە کێشەی بۆ دروستبووە، بەڵام لەبەرئەوەی حەزی بە کارەکە بووە توانیویەتی خوێندن و پێشمەرگایەتی پێکەوە گرێبدات و ئێستا خاوەنی دوو منداڵە و هاوسەرەکەشی پێشمەرگەیە "مەرجی هاوسەرگیریم ئەوەبوو بەردەوام بم لە کارەکەم". گوتیشی "هەر کات شەڕ دروست بێت ئامادەم دوو منداڵەکەم جێبهێڵم و بەشداری بکەم".

پێشمەرگەکانی لای ناهیدە دڵخۆش دەردەکەون، لەوانەیە زیاتر بۆ ئەوە بێت کە واهەستدەکەن گرەوێکی گەورەشیان بردووەتەوە " لەگەڵ دایکم دەچووم بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمیتە و لەوێ ژنێکم ناسی توانیم لە ڕێگەی ئەوەوە پەیوەندییان پێوە بکەم". ئەوە پوختەی چیرۆکی پەیوەندی کردنی سروە محەممەدی 31 ساڵە، بە فەوجی ژنانەوە، کە ئەوکات تەمەنی 14 ساڵ بووە.

ئەو دەڵێ لەبەر ئەوەی "برایەکم شەهید بوو دەمویست ڕێبازی ئەو بگرمەبەر". ئێستا ئەو کچە جێگری ئەفسەرە و فەرماندەی 20 پێشمەرگەی ژنە "کارەکەم خۆشدەوێ و هەر کاتێک کوردستان پێویستی پێمان بێت بێ دوو دڵی ئامادەین".



## رفێنەرێکی شوفێرەکانی کەرکووک دەستگیر دەکرێت



**رووداو- کەرکووک**

رۆژی 2014/7/6 ئاسایشی کەرکووک بڵاویکردەوە دوا تۆمەتباری رفاندنی شۆفێرەکانی سەر رێگەی کەرکووک- سلێمانیان دەستگیر کردووە. ئەو کەسە کە ناوی (س.ج)ە، دوا داواکاری دۆسیەی رفاندنی شۆفێرەکانە. عەمید سمکۆ مەحموود، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک دەڵێت "ئەو کەسە لە مێژە لە لایەن ئاسایشەوە چاودێری دەکرا، بەڵام لە دەرەوە بوو، دوای گەڕانەوەی لە گەڕەکێکی شاری کەرکووک دەستگیر کرا".

**پیاوەکە ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییە**

# پیاوێک پشتی ژنەکەی دەشکێنێت



**رووداو- سلێمانی**

کێشەیەک لە نێوان ئەندامێکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ژنەکەی دروست دەبێت و پیاوەکە پاڵ بە ژنەکەی دەنێت و دەیخاتە خوارەوە، بەو هۆیەش ژنەکە پشتی دەشکێت و ئێستا لە نێو جێگەدا کەوتووە.

هەرچەندە کەسوکاری هەردوولا حاشا لەوە دەکەن کە کێشە لە نێوان ئەو ژن و مێردە روویدابێت، بەڵام لە پۆلیس دۆسیەیەک بە ناوی ژنەکە کراوەتەوە و سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کردووە.

کەسێکی نزیک لە ژنەکە بە (رووداو)ی گوت "رۆژی 2014/6/20 لەو کاتەی (ئا.م) خەریکی ئاودانی گوڵەکانی نێو ماڵەکەیان بووە، ماکسییەکەی لە شیشی پەیژەی ماڵەکەیان ئاڵاوە و بەو هۆیەش بەربووەتەوە و پشتی شکاوە".

ئەو کەسە گوتی "ئەو ژن و مێردە هیچ کێشەیەکیان لە نێواندا نەبووە، ئێستا ژنەکە نەشتەرگەری بۆ کراوە و پیاوەکەی لە ماڵەوە خزمەتی دەکات، تاوەکو ئێستاش نزیکەی 10 هەزار دۆلاری لێ خەرج کردووە".

پیاوەکە (م.ح) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیی بووە لە خولی رابردوو، دانیشتووی یەکێک لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانییە. وەک کەسە نزیکەکەی (ئا) باسی کرد کە (م) باری ئابووری باشە و ئامادەیە خێزانەکەی بۆ چارەسەر بباتە دەرەوەی وڵات ئەگەر پێویست بکات "ئەوان خێزانێکی زۆر بەختەوەرن".

ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئەو ژنە و پیاوە بە رێککەوت هاوسەرگیریان کردووە، ژنەکە 10 ساڵ لە پیاوەکە بچووکترە، ژنەکە بە دڵی خۆی شووی بەو پیاوە نەکردووە، بۆیە لە ساڵانی رابردوو هەندێک وردە کێشە لە نێوانیاندا هەبووە، چەند جارێک ژنەکە لەسەر کێشەی بچوک و لاوەکی زیز بووە، بەڵام ئێستا زۆر باشن و یەکدیان زۆر خۆشدەوێ".

سەرەڕای حاشالێکردنی راستی رووداوەکە لەلایەن کەسوکاری ژن و پیاوەکە، بەڵام پۆلیسی ناوچەکە دەڵێت ژنەکە سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کردووە و چاوەڕێ دەکەن ژنەکە باری تەندروستی باشتر بێت بۆ ئەوەی دادوەر قسەی وتەی لێوەربگرێت.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بە (رووداو)ی راگەیاند دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆیان روون نەبووەتەوە کە ئەو ژنە بەربووەتەوە یان لەلایەن مێردەکەیەوە پاڵی پێوەنراوە، چاوەڕێی راپۆرتی پەیمانگی دادپزیشکی دەکەن.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "ژنەکە ئازارێکی زۆر بە پشت گەیشتووە و داوای یاسایی لەسەر هاوسەرەکەی تۆمار کردووە، دەمەقاڵێ لە نێوان ژن و پیاوەکە دروستبووە، بەپێی قسەی ژنەکە، ئەو ویستوویەتی بەسەر دیواری ماڵەکەیان رابکات، بەڵام مێردەکەی پاڵی پێوەناوە و خستوویەتییە خوارەوە".

سەرچاوەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان هەروەها گوتی "هاوسەری ئەو ژنە ئەندامی خولی رابردووی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییە، ئەوە یەکەمجاریش نییە لەلایەن هاوسەرەکەی سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت، پێشتریش ژنەکە سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە".

سەبارەت بە دەستگیرنەکردنی ئەو پیاوە لەسەر سکاڵای ژنەکەی، سەرچاوەکە گوتی "دادوەر تاوەکو ئێستا وتەی سکاڵاکاری وەرنەگرتووە، بۆیە تا ئێستا بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرنەچووە و ماددەی دەستگیر کردنەکەی دیار نییە، چونکە باری تەندروستی ژنەکە جێگیر نەبووە و نەتوانراوە لە بەردەم دادوەر ئامادە بکرێت بۆ وەرگرتنی وتەکانی".

## دایکی چاوەڕێی مژدە ناکات

# لەسەر 3 نامە کوژرا



**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

12 ساڵ بەسەر مەرگی کچەکەیدا تێپەڕیوە، بەڵام وەک ئەوەی تازە کوژرابێت، خۆی تەواو رەشپۆش کردووە، لە سوچی ژوورێکی ماڵەکەی دانیشتووە، لەگەڵ ئاواکردنی دەنکەکانی تەسبیحی دەستەکەی بەسەرهاتی کوشتنی کچەکەی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە، بەڵام زوو زوو گریان قسەی پێدەبڕێت.

"کوڕەکان کوشتیان" ئەمە ئەو قسەیە بوو کە (س.ب)ی تەمەن 62 ساڵ زوو زوو دووبارەی دەکردەوە. کچەکەی (س) بە دەستی دوو کوڕەکەی کوژراوە، مێردەکەشی دوای سێ ساڵ مانەوە لە زیندان ئازاد کراو دواتر جەڵتە لێیدا و مرد. کوڕەکانیشی سەری خۆیان هەڵگرت و سلێمانیان جێهێشت. ئێستا ئەو ژنە لە خانوویەکی کرێدا بە تەنیا دەژیت.

(س) رۆژانە بە نێو کۆڵانەکانی سلێمانیدا دەسوڕێتەوە بۆ ئەوەی پارچەی جلی کوردی ژنان بکڕێتەوە و لە رۆژانی هەینیدا لە نێو بازاڕ و شەقامەکاندا بیانفرۆشێتەوە.

ئەو ژنە بەر لەوەی باسی کوژرانی کچەکەی بکات، باسی دەردەسەرییەکانی خۆی کرد و گوتی "من بێکەسم، چونکە کاتی خۆی بڕیارم دا شوو بکەم بە پیاوێک کە خەڵکی سلێمانی نەبوو، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، کەسوکارەکەم حاشایان لێکردم، باوکم پێیگوتم شوو بەو ئێرانییە بکەی، قاچ ناخەیتەوە نێو ئەو ماڵە. ئیتر نازانم باوکم و براکانم و خوشکەکانم چیان لێهات".

بە سەرپۆشەکەی پرچە ماش و برنجییەکەی دەشاردەوە و گریانە بەردەوامەکەی کوڵمەکانی تەڕ کردبوون. (س) هەرچەندە هەست بە بێکەسی دەکات، بەڵام زۆر پەسنی مێردەکەی دا و گوتی "مێردەکەم بۆم باش بوو، ئەو باشترین نیعمەتی خوا بوو بۆ من".

(س) دوور لە کەسوکارەکەی درێژە بە ژیان دەدات لەگەڵ مێردەکەی. دەبنە خاوەنی 2 کوڕ و کچێک، بەڵام سەیری چواردەوری خۆی دەکات و دەڵێت "سەیری ماڵەکەم بکە، کەسی تێدا نییە و ئێستا بێکەسم". هاوسەری (س.ب) بەکاری بەقاڵی خێزانەکەی دەژیاند و بۆخۆشی لە ماڵەوە دروومانی دەکرد، کوڕەکانی گەورە بوو بوون و وەک خۆی دەڵێ، کەمێ باری ئەوانیان سووک کر بوو. رۆژانە کاریان دەکرد تاوەکو "ئەو رۆژە هات و کە ماڵەکەم وێران بوو".

### "کچەکەم لەسەر نامە کوژرا"

چیرۆکی وێرانبوونی ماڵەکەیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت "نیوەڕۆییەک کوڕە گەورەکەم بە تووڕەییەوە هاتەوە و گوتی کوا مژدە، منیش گوتم لە مەکتەبە بۆچیتە؟ گوتی هەر دەیکوژم، هاوڕێکانم لەگەڵ کوڕێکدا بینیویانە، هەر ئەوەندەم زانی چووە سەر تاکی جلەکانی مژدە و نازانم 3 نامەی دۆزییەوە".

ئەو ژنە دەڵێ کاتێک کوڕەکەی نامەکانی دۆزیوەتەوە، گوتویەتی "ئەم کوڕەی مژدەخان حەزی لێیەتی، سەرسەری و خوێرییە و بە کچ رادەبوێرێت".

(س،ب) ماوەیەک بێدەنگبوو، گریان و هەنیسکەکانی نەدەوەستان، دواتر درێژە بە چیرۆکەکەی دەدات و دەڵێت "زۆری پێنەچوو باوکی مژدە و براکەی دیکەی هاتنەوە، هەرچەندە من و باوکیان دەمانویست ئەو دووانە هێور بکەینەوە، بەڵام سوودی نەبوو".

(س) هیچی لەگەڵ کەللەڕەقی دوو کوڕەکەی پێنەکراوە، بۆیە دەستی بۆ خودا بەرزکردەوەتەوە کە لەو کاتەدا مژدە نەگەڕێتەوە "بەڵام دوای سەعاتێک لە مەکتەب هاتەوە، دایکی بمرێت هەر قاچی خستە ئەم دیو دەرگا بە هەردوو کوڕەکەم کەوتنە تێهەڵدانی، هەر ئەوەندە خوێنم بینی ئیدی من بورامەوە، کاتێک بە ئاگا هاتمەوە، مژدەکەم کوژرا بوو، برا گەورەکەی چەقۆیەکی لە شانی چەپی دابوو".

(س) ئاهێک هەڵدەکێشێت و دەڵێت "مژدەکەم لەسەر سێ نامە و قسەی برادەری کوڕەکانم کوژرا".

شوێنی دوو کوڕەکەی ئاشکرا ناکات

ئەو ژنە باسی چارەنووسی مێردەکەی و دوو کوڕەکەی دەکات و دەڵێت "کوڕەکان رایانکرد و باوکیشیان تاوانەکەی خستە ملی خۆی، تەنیا 3 ساڵ لە زیندان مایەوە، دواتر ئازاد کرا، بەڵام زۆری نەبرد جەڵتە لێیدا و مرد".

### شوێنی کوڕەکانی ئاشکرا ناکات

هەرچەندە (س) دەڵێت قەت تاوانی کوشتنی کچەکەی لەبیر ناکات، بەڵام ئامادە نییە سکاڵایان لەسەر تۆمار بکات یان شوێنەکەیان ئاشکرا بکات و دەڵێت لەسەر وەسیەتی باوکیان سکاڵا تۆمار ناکات.

(س) گوتی "مێردەکەم پێیگوتم توخوا ناوی کوڕەکان مەهێنە، ئەوان گەنجن و هەڵەیەکیان کرد با نەچنە زیندان". گوتیشی "ئێستا کوڕەکانم لە شارێکی دیکەن، دوو مانگ جارێک سەردانم دەکەن".



**رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر ***

# چارەنووسی مێردی لاسار

ئافرەتێک هاتە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، شەکوای حاڵی خۆی کرد، سکاڵای لەسەر خەسوو و مێردەکەی و کچە تەمەن 10 ساڵانەکەی هەبوو. گوایە پیاوەکەی بەردەوام کێشەی بۆ دروست دەکات و خەسووشی منداڵەکەی لێ هاندەدات و پێیدەڵێت قسە بەدایکی بڵێ و گوێڕایەڵی نەبێت..

کاتێک ئەو ژنە وتەکانی وەرگیران رەوانەی لای دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی کرا، دواتر بڕیاردرا مێردەکە و خەسووەکەی لەگەڵ منداڵەکەی بەپێی (مادەی 7) لە یاسای پاراستنی توندوتیژی خێزانی ئامادە بکرێن.

لە کاتی ئامادەبوونیان خەسووەکەی لە قسەکانیدا گوتی من هیچ کێشەم لەگەڵ بووکەکەم نییە، تەنیا کێشەی بووکەکەم لەسەر کچەکەیەتی، کاتی خۆی کچەکەی تەمەنی 10 رۆژ بوو دایکی تۆرا و چووەوە ماڵی باوکی، تاوەکو ساڵێک نەگەڕایەوە. لە ماوەی تۆرانەکەیدا یەکدیان نەدیت، کاتێک کە بووکەکەم گەڕایەوە منداڵەکە نەدەچووە لای دایکی بخەوێت، دایکەکەشی هیچ سۆزێکی بۆی نەبوو بۆیە تاوەکو ئێستا بەردەوام منداڵەکە لای من دەخەوێت. من بەهیچ جۆرێک ئامۆژگاری ناکەم قسەی ناشیرین بە دایکی بڵێت، بەڵام لەراستیدا بەدایکی خۆی نازانێت لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵی داوە.

کاتێکیش وتەی هاوسەرەکەی وەرگیرا گوتی ژنەکەم داوای ماڵی جیا دەکات، من برا بچووکم نازانم چۆن ماڵی خۆم بکەم و دواییش ئەم کچەمان لەگەڵمان نایەت هەرچەندە خێزانەکەم دەڵێت با ئەو کچە لای داپیری بێت بۆ خۆمان خانووێک بە کرێ بگرین، بەڵام من ناتوانم خانوو بە کرێ بگرم. لەبەر دوو هۆکار یەکەم: باری داراییم باش نییە. دووەمیش نامەوێت دایک و باوکم جێبهێڵم.

کاتێک قسەمان لەگەڵ کچەکەی کرد، دەرکەوت تەمەنی لە 11 ساڵ کەمترە بەپێی یاسا ناتوانرێت هەڵسوکەوتی یاسایی لەگەڵ بکرێت بۆیە تەنیا ئامۆژگاریمان کرد کە باش بێت لەگەڵ دایکی، بەڵام دیاربوو ئەم منداڵە داپیری بە دایکی خۆی دەزانی، نەک دایکی. بۆیە هاوسەرەکەی و خەسووەکەی رەوانەی لای دادوەر کران بەدەستەبەری ئازاد کران و رەوانەی لێژنەی ئاشتەوایی کران کە پێکبهێنرێنەوە.

لەبەردەم لێژنەی ئاشتەواییشدا داواکاری ئافرەتەکە تەنیا ماڵکردن بوو، کەچی پیاوەکە سوور بوو لەسەر ئەوەی ماڵ جیا ناکاتەوە. هەرچەندە لەلایەن لێژنەکەوە پێیگوترا ماڵکردن مافێکی یاسایی ئافرەتەکەیە، بەڵام بێسوودبوو. لە ئەنجامدا ئاشت نەبوونەوە. ئافرەتەکە تێگەیەنرا کەوا داوا تۆمارکردن لەسەر ماڵکردن، تایبەتمەندە بە دادگای باری کەسی، بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای باری کەسی لە مادەی 25 کە باسی لاساری (نشوز) دەکات کە تێیدا هاتووە ئامادەنەکردنی ماڵی شەرعیی لە لایەن مێردەوە بۆ ژنەکەی بە جۆرێک لەگەڵ باری کۆمەڵایەتیی و ئابووری بگونجی بە لاساری دادەنرێت. لاساریش بە هۆیەک لە هۆیەکانی جیابوونەوە دادەنرێت، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لە وەرگرتنی حوکمی لاساری پلەی یەکلاکەرەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەولێر**

مزگەوتێکی کوردستان شوێنی میزکردنی نوێژنەکەرانیشی تێدایە

# پرسەت هەبێ هەزار دۆلارت دەدەنێ



(فۆتۆ :رووداو)

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

لە کۆتایی گەڕەکەکانی هەولێر لەسەر ڕێگەی بنەسڵاوە، منارەیەکی سپیی بەرز دەبینرێت، کە منارەی مزگەوتێکە. مزگەوتەکە یەکێکە لە مزگەوتە هەرە مۆدرێرنەکانی کوردستان کە بە شێوەیەکی مۆدێرن دروستکراوە، لەو مزگەوتەدا چێشتخانە و ئاودەستی تایبەت بۆ نوێژنەکەرەکان دانراوە، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پرۆژەکە، دەڵێت "بۆ گواستنەوەی مەراسیمەکانی نێو مزگەوتەکە شاشە و کامێرامان داناوە و ئاسانکاریمان بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن کردووە".

مزگەوتەکە ناوی مزگەوتی ئاڵتوونە لە نێو پرۆژەی نیشتەجێبوونی ئاڵتوون ستی، لەلایەن خێرخوازێکەوە دروستکراوە و شوێنی نزیکەی 6000 نوێژخوێنی تێدا دەبێتەوە.

## 3.5 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت

ئیبراهیم قادر، بەڕێوەبەری راگەیاندنی کۆمپانیای ئاڵتوون گرووپ، یەکە بە یەکی تایبەتمەندی مزگەوتەکانی دەژمارد بە شوێنی تایبەت بەو کەسانەی کە بەپێوە میز دەکەن.

ناوبراو باسی تێچووی پرۆژەکەی کرد و گوتی "مزگەوتەکە سێ ملیۆن و نیو دۆلاری لێ خەرج دەکرێت". زۆربەی کارەکانی پرۆژەکە تەواو بوو، تەنیا هەندێک وردە ئیشی ناوەوەی ماوە.

هەر لە دوورەوە منارەی مزگەوتەکە سەرنجت رادەکێشێت، کە بەرزییەکەی 45 مەترە، تەنیا منارەکەی 450 هەزار دۆلاری تێچووە، قوبەی مزگەوتەکەش 19 مەترە، حەرەمی مزگەوتەکەش 809 مەتر دووجایە، بەڵام تەواوی مزگەوتەکە لەسەر رووبەری 5 هەزار مەتر دووجا دروستکراوە.

لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر بایەخ بە تەلارسازی مزگەوت دراوە، ئێستا بەشێکی زۆر لە مزگەوتە کۆنەکان بوونەتە شوێنەوار و رەمزی وڵاتەکان. ئیبراهیم دەڵێت "تەنیا 2 مزگەوت دیکە لە جیهاندا هەن بەو دیزاین و تایبەتمەندییانە دروست کراون. ئەوانیش لە ئەندەنوسیا و ئیمارات، ئێمەش دیزاینەکەمان لەو دوو مزگەوتە وەرگرتووە".

ئیبراهیم قادر، باسی لە سیستەمی گەرمکەرەوە و فێنکەرەوەی ناو مزگەوتەکە کرد و گوتی "سیستەمی مەرکزییە و پێشکەوتووترین سیستەمە، تاوەکو ئێستا ئەو سیستەمە لە کوردستان نییە".

## سەلاجەی مردووانی تێدایە

لەو مزگەوتەدا دوو هۆڵی گەورە بۆ ژنان و پیاوان کراوە، لە هەر هۆڵێکدا شاشەی گەورە دانراوە، ئیبراهیم قادر دەڵێت "ژنان دەتوانن راستەوخۆ ئیمامی مزگەوتەکە ببینن، ئەگەر مەلایان لێ دیاربێت، باشتر دەتوانن گوێ بگرن".

لە هەموو مزگەوتەکان شوێنی شوشتنی مردووی تێدایە، بەڵام ئەو مزگەوتە بەوە جیادەکرێتەوە ساردکەرەوەی تایبەت بە مردووی هەیە، کە دەکرێت تا 3 رۆژ مردوو لەوێ بە یڵدرێتەوە، ئیبراهیم دەڵێت "ئەوە بۆ ئەو مردووانەیە کەسوکاریان لە شوێنیکی دوورن، تا کەسوکاری دێن لەوێ دەهێڵدرێتەوە، ئەگەر پرسەکەش لێرە دانرا، ئەوا لەوێ چێشتخانە هەیە شوێنی دروستکردنی خواردن و نانخواردنی لێیە، 1000 دۆلاریش دەدرێتە خاوەن پرسەکە".

## دەتوانی بە پێوە میز بکەیت

لەو مزگەوتە تەوالێتی تایبەت بۆ کەمئەندامان دروستکراوە، جگە لەوەش بۆ ئەو کەسانەی نوێژ ناکەن یان موسڵمان نین، تەوالێتی تایبەت دانراوە، بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئاڵتوون ستی دەڵێت "ئەوە هەم بۆ ئاسوودەیی ئەو کەسانەیە، کە تەنیا بۆ میزکردن دێن، بۆ ئەوەی بتوانێت بە پێوە میز بکات، چونکە شوێنەکەمان جێگەیەکی گشتییە هەموو کەسێکی بۆ دێت، هەم بۆ ئەوەیە مزگەوتەکە پیس نەبێت و بۆنی نەیەت".

لە رووی دروستکردنی مزگەوتەکە وەک ئیبراهیم دەڵێت، کەرەستەی کوالێتی باش بەکارهاتووە "بۆ دروستکردنی دیکۆرات و نەخش و نووسینی ئایەت و دروشمی ئاینی نێو مزگەوتە، کۆمپانیایەکی تایبەتی ئەندەنوسی دێت، لە نێو مزگەوتەکەش دوو شاشەی گەورە دادەنرێت، تەنانەت بۆ ئەو کەناڵانەی راستەوخۆ مەراسیمەکانی نێو مزگەوتەکە دەگوازنەوە ئاسانکاری تەواو کراوە، لە رووی شاشە و کامێراوە".

## تەنیا کاری سیاسی تێدا قەدەخەیە

لە نێو مزگەوتەکە، قوتابخانەیەکی ئاینی 18 پۆلی بۆ کوڕان و کچان کراوەتەوە، دوو کتێبخانەی گەورەش بۆ ژنان و پیاوان دەکرێتەوە، لەگەڵ هۆڵێکی گەورە تایبەت بە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە هەڵمەتێکی کوتانی منداڵان شوێنی بۆ کراوەتەوە، ئیبراهیم قادر دەڵێت "هەموو خزمەتگوزارییەکانی نێو مزگەوتە بە خۆڕاییە، تەنیا کاری سیاسی تێدا ناکرێت".

### تایبەتمەندییەکانی مزگەوتەکە:

- سیستمی فێنککەرەوە و گەرمکەرەوە مەرکەزییە
- شوێنی میزکردن بۆ نوێژنەکەران
- سیستمی دەنگی و رەنگی پێشکەوتوو
- 1000 دۆلار بۆ ئەوانەی پرسە لە مزگەوتەکە دادەنێن
- سەلاجە بۆ هەڵگرتنی مردوودان
- ئامادەکردنی خواردن بۆ پرسەکان
- شوێنی کوتانی منداڵان
- ژنان راستەوخۆ مەلا دەبینن
- کاری سیاسی تێدا قەدەخەیە

**د.یادگار رەسوڵ باڵەکی***

# دەبێ سەرمایەداران باج بدەن

وەک دیارە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان، سیستمی وەرگرتنی باج بەشێوەیەک رێکخراوە، کە بووەتە بەشێکی سەرەکی داهاتەکانیان. بەلایەنی کەمەوە نیوەی قازانجی کۆمپانیاکان و سەرمایەداران وەک باج بۆ حکومەت دەڕوات. تەنانەت هاووڵاتیان و فەرمانبەرانیش بەپێی دەسکەوت و قازانجی ساڵانەیان بەشێکی داهاتیان بۆ حکومەت دەچێت.

لە باشووری کوردستاندا کە هەزاران کۆمپانیا و سەرمایەدار هەن، بەڵام تاوەکو ئێستاش نەتوانراوە سیستمی وەرگرتنی باج لێیان، رێکبخرێت. ناڵێم کۆمپانیا و سەرمایەدارانی باشووری کوردستان نیوەی قازانجی 23 ساڵی رابردوویان بدەنە حکومەت، کە لە سایەی ئەم حکومەتەدا بوون بە خاوەنی ئەو سامانە. بەڵکو پێویستە لەم قۆناخەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا کە کێشەی دارایی لە ئارادا هەیە سوود لە قازانج و داهاتەکانیان وەربگیرێت.

بۆیە پێشنیاز دەکەم حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لەڕێی یاسایەکی تایبەتەوە بڕیار بدەن هەرچی کۆمپانیا و سەرمایەدار هەیە لە کوردستان، کە سەرمایەیان لە 5 ملیۆن دۆلار زیاترە، بڕی 5% تاوەکو 10%ی داهاتیان لێوەربگیرێت و بۆ ساڵانی ئایندەش بە یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان مەسەلەی باج وەرگرتن لێیان، رێکبخرێت. چونکە ناکرێ بۆ هەمیشە چاومان لە داهاتی نەوت بێت و ناشکرێت لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان زۆرترین داهاتیان لەڕێی باجی دەوڵەمەند و کۆمپانیاکان بێت و لای ئێمەش کۆی قازانجەکە بۆ سەرمایەدارەکان بێت و وڵات سوودێکی ئەوتۆیان لێ نەبینێت.

ماوەیەک بەر لە ئێستا لەڕێی دەزگاکانی راگەیاندنەوە گوێمان لێ بوو، کە لە کوردستاندا نزیکەی 30 ملیاردێر و 10 هەزار ملیۆنێر هەن. دیارە زۆربەیان (ئەگەر نەڵێم هەمووی) لە ماوەی 23 ساڵی حوکمڕانی کوردی لەڕێی گرووپ و کۆمپانیاکانیانەوە بوونەتە خاوەنی ئەو داهاتە زۆرە. دەگمەنیان لەو کەسانە بوونە، کە پێش راپەڕین خاوەنی ئەو سەرمایە بووبن. هەر بە مەزەندە لێکی بدەینەوە و وای دابنێین ئەم هەواڵە تەنیا نیوەی راستە، واتە 15 میاردێر و 5000 ملیۆنێرمان هەیە، هەر ملیاردێرێک سەرمایەی 5 ملیار دۆلار و هەر ملیۆنێرێک سەرمایەی 20 ملیۆن دۆلار بێت. ئەوە کۆی سەرمایەیان دەکاتە 175 ملیار دۆلار، 10%ی ئەم بڕە ئەگەر وەربگیرێت، ئەوە دەکاتە 17 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار، خۆ ئەگەر تەنیا 5%ی وەبگیرێت، ئەوە دەکاتە 8 ملیار و 50 ملیۆن دۆلار. ئەم بڕەیەش هاوکات لەگەڵ فرۆشتنی نەوت و داهاتی ناوخۆیی، بە تێر و تەسەلی بەشی یەک ساڵ بودجەی باشووری کوردستان دەکات.

بەم هەنگاوە حکومەت دەتوانێت لەلایەک ئەوە بسەلمێنێت، کە هێز و ئیرادەی کورد زۆر لەوە بەهێزترە کە خەڵکانێک بیانەوێ کێشەی بۆ دروست بکەن. بەپێچەوانەوە نەک ناتوانن کێشە دروست بکەن بەڵکو نیشانیان دەدەین کە بەبێ ئەوانیش دەتوانین باشتر بژین. هاوکات ئەمە پەیامێکی دیکەش دەبێت لەپاڵ پەیامەکانی دیکەمان بۆ هەموو دنیا کە کورد شایستەی خۆبەڕێوەبردن و دروستکردنی دەوڵەتن. لەلایەکی دیکەشەوە تاڕادەیەکی باش ئەو تێگەیشتنەی هاووڵاتییان دەرەوێتەوە لەبارەی کۆمپانیا گەورەکانی کوردستان، کە پێیانوابووە بەشێکی زۆریان لەسەر بنەمایەکی ناتەندروست بوونەتە خاوەنی ئەو سەرمایەیە.

لە کۆتاییشدا دەڵێم، پێویستە لەم بارودۆخە ناسکەی ئێستا ئەگەر سەرمایەداران و کۆمپانیاکان خۆشیان نەیەنە پێشەوە، دەبێت حکومەت و پەرلەمان بڕیار لەسەر یاسایەکی لەو جۆرە بدەن.

***یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سۆران بۆ کاروباری قوتابیان**

# لاستیکە زەردەکە مەسیحییەکان تووڕە دەکات



**یودید نیورینک**
**رووداو- هەولێر**

سەرەڕای کەمی سەرچاوەی پێویست دانیشتوانی عەینکاوە هاوکاری بەپەلە بۆ ئاوارە مەسیحییەکان دابین دەکەن.

نوور ماتی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بابیلۆن لە گەڕەکی عەینکاوەی هەولێر دەڵێ لەژێر فشارێکی زۆردان بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە مەسیحییەکان کە روویان لێدەکەن بۆ یارمەتی.

"هەر ئەمڕۆ دەستم نا بەرووی شەشەم ئۆتۆمبێل و هەموویان دەگریان". ئەمە قسەی ماتی بوو کە زۆر بە پەرۆشەوە بە دوای هاوکاری زیاتردا دەگەڕێ بۆ ئاوارە مەسیحییەکان "بەڵام شوێنەکەمان بە تەواوی پڕ بووەو ناتوانین کەسی دیکە وەرگرین. هیچ یارمەتییەکمان پێناگات. ئێستا پێویستمان بەڕێکخراوە ناحکومیەکانە دەستوبرد بکەن لە هاوکاریکردنی ئەو ئاوارانە. ئێمە تەنیا کەناڵێکی تەلەفزیۆنین".

کاتێک خێزانە مەسیحیەکانی شارۆچکەی قەرەقوش گەیشتنە گەڕەکی عەنکاوە، کەناڵی بابیلۆن لەگەڵ کەنیسەکان و چەند سەنتەرێکی وەرزشی، دەستیکرد بە هاوکاریکردنی ئەو ئاوارانە.

قەرەقوش، ئەو شارۆچکەیەی کە ژمارەی دانیشتوانەکەی 35 هەزار کەسە، پاش هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارە سوونەکان لەو ناوچەیە لە ماوەی چەند کاژێرێکدا چۆڵ بوو.

بەپێی راپۆرتی میدیاکانی ناوخۆ، لە پاش هەڵکەندنی خەندەقێک بە مەبەستی دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی لەو ناوچەیە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە لە پاش کشانەوەی سوپای عێراق، شەڕ لەو ناوچەیە دەستی پێکرد.

رابی کە دانیشتوویەکی ئەو شارۆچکەیە و لەگەڵ خێزانەکەی هەڵهاتووە، گوتی پێشمەرگە بانگەوازیان کرد کە شارۆچکەکەیان کۆنترۆڵکردووە، بەڵام دوژمنایەتی و توندوتیژی دەستی پێکرد پاش ئەوەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی دەستیان گرت بەسەر گوندی تەلەفیە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی شەبەکن. رابی کە ئێستا لە خانوویەکی گەڕەکی عەنکاوە دەژی گوتی "خێزانەکەم پەرش و بڵاوبوون".

کاتێک تۆپ و هاوەنەکانی گرووپی داعش بارین بەسەر ناوچەی قەرەقوش و دەوروبەری، رابی و سەدان خێزانی دیکەی ئەو ناوچە بە پەلە هەڵهاتن بەرەو ناوچە ئارامەکانی باشووری کوردستان.

وەک زۆر لە خێزانە مەسیحییەکانی دیکە، خوشک و براکانی رابی بەسەر شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دابەشبوون.

ئەوانەی خزم و کەسوکار و هاوڕێیان نییە روویان کردووەتە کەنیسەکان. کەنیسەکانی ئەلقوش پڕبوون لە ئاوارە و مار مەتی لە هەوڵی دابینکردنی شوێنە بۆ زۆرترین ژمارەی ئاوارەکان.

لە عەینکاوە، خەڵک شەو لە کەنیسەکان دەمێننەوە بەر لەوەی بۆ رۆژی داهاتوو بخرێنە ناو خێمەکان.

حەبیب کە یەکێکە لە دراوسێکانی ڕابی لە قەرەقوش، ئێستا لەژێر خێمەیەکی گەورە لەگەڵ خێزانەکەی لەناو زەوی کەناڵی تەلەفیزیۆنی بابیلۆن ژیان بەسەر دەبەن.

لەژێر ئەو خێمە گەورە چەندین خێزان دەمێننەوە. منداڵان یاری دەکەن لەکاتێکدا خۆبەخشانی تەندروستی و دانیشتوانی عەینکاوە داودەرمان دەدەنە ئەو ئاوارانە.

حەبیب دەیویست لە قەرەقوش بمێنێتەوە، بەڵام ژن و منداڵەکانی زۆریان لێکردووە ناوچەکە جێبهێڵن پاش ئەوەی یەکێکیان دەبینێ چۆن ئۆتۆمبێلێک بەر گوللە هاوەنێک دەکەوێت. حەبیب گوتی "گوللە هاوەنەکانمان دەبینی بەسەرماندا دەڕۆی."

ئینجا گوتی دەنگوباس بڵاوبووەوە دەربارەی هاتنی ئەو چەکدارانە و کوشت و کوشتاری خەڵک. ئەو دەنگوباسە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس بوو تا وامان لێبکات ناوچەکە جێبهێڵین.

گەنجانی شارۆچکەکە مانەوە و هەندێک خێزانی دیکە بڕیاریاندا ماڵەکانیان جێنەهێڵن. زۆر لەو خێزانانە بە ئاواتی گەڕانەوەن بۆ شوێنەکانیانن هەر کە بارودۆخەکە ئارام بووەوە، بەڵام هەندێکی دیکە بەهیوان بەزووترین کات کۆچ بکەن بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا.

حەبیب گوتی "ئەندامێکی خێزانەکەمان گەڕاوەتەوە بۆ قەرەقوش. تۆپبارانەکە هێشتا بەردەوامە". لەژێر ئەو خێمە گەورەی کەناڵی بابیلۆن نزیکەی 100 خێزان دەژین و ئەوانەی ناویان تۆمارکراوە لاستیکێکی زەرد دەکرێتە دەستیان "رقم لەمەیە" حەبیب وایگوت کاتێک قۆڵی کراسەکەی هەڵدایەوە بۆ نیشاندانی لاستیکە زەردەکە.

ماتی گوتی، ئەو لاستیکە بۆ ئەوەیە کە ئازادی بدرێ بە خەڵکەکە بۆ چوونە دەرەوە لە کامپەکە و گەڕانەوەیان، ئەوەش لەپێناو رێگرتن لەوانەی هەوڵدەدەن بەدزیەوە بێنە ناو کەمپەکە کە پێشتر گەڕێنراونەتەوە.

کاتێک دایکێک کچە بچووکەکەی هێنا تا خۆبەخشەکان تەماشای تەقەڵەکانی پشت سەری بکەن، گرووپێک لە ژنانی دیکەی ناو کامپەکە پێکەوە بە نوێژو دوعا کردن هاوسۆزی خۆیان بۆ دەربڕی. پاش هەشت رۆژ، پزیشکەکە فەرمانی لابردنی تەقڵەکانی لە سەریدا. ماتی گوتی،"تەلەفۆنم بۆ پزیشکەکە کرد، بەڵام نەهات".


بەڕێوبەری کەناڵی بابیلۆن هەست دەکات تەنیایە، بەڵام دەشزانێ لە هەندێ شوێنی دیکە بارودۆخەکە زۆر خراپترە.

هەر لە نزیک کەناڵەکەی ماتی، کامپێکی دیکە دروستکراوە کە هەزاران ئاوارەی تێدایە، بەڵام ئەوان هاوکاری و پشتگیری رێکخراوە ناحکومییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانیان هەیە.

"رەنگە لەبەرئەوە بێت کە یارمەتیمان پێناگات چونکە کامپەکەی ئێمە بەفەرمی نەناسراوە". ماتی لەو باوەڕەدایە، "بەڵام کۆمپانیاکەمان تەنیا لە ماوەی دوو رۆژدا 10 هەزار دۆلاری بۆ خواردن و فێنککەرەوەو شتی دیکە خەرج کردووە. لەژێر فشارێکی زۆردایـن. چیدی کاتمان نەماوە بۆ رایکردنی ئیشەکانی خۆمان".

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (317) دووشەممە 2014/7/7

## قادر خەریکی پەرتەونامەیە



**میوا سەلاح – هەولێر**

هونەرمەند قادری ئەلیاسی سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ نوێترین ئەلبوومی گۆرانی، کە بەهاوکاری گرووپی میوزیکی لوڕ بەرهەمی دێنێت.

قادری ئەلیاسی بە (رووداو)ی گوت "ئەلبوومەکەم پێکهاتووە لە 10 تراک و ناوی پەرتەونامەیە. هەڵبەستی زۆربەی گۆرانییەکان، شاعیری کرماشانی پەرتەو کرماشانییە. میوزیکی گۆرانییەکان لە لایەن گرووپی مووزیکی لوڕ، ئامادە کراوە. ئەگەر بەو شێوەیەی بەرنامەم بۆ داناوە، کارەکان بەڕێوەبچێ، رەنگە تا کۆتایی ئەمساڵ ئامادە بێ بۆ بڵاوکردنەوە". هەروەها قادری راشیگەیاند کە جگە لەم ئەلبوومە کلیپێکی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، کە پێکهاتووە لە دوو بەش، مقامی "خەوێ"، کە هەڵبەستی خۆیەتی، لەگەڵ بەستەیەک بەناوی جوانرۆ.

## ڤایرۆس لە کەرکووکی داوە



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەنـد حەمەڕەئـووف کەرکووکی تووشـی نەخۆشـییەک بووە بەو هۆیەوە دەنگی نەماوە و ناتوانێت گۆرانی بڵێت.

حەمەڕەئووف بـە (رووداو)ی راگەیاند "نزیکـەی 110 رۆژە لەماڵـەوە کەوتـووم و قورگـم تووشـی ڤایرۆسـێک بـووە بەو هۆیەوە دەنگم نووساوە بە تەواوی ناتوانم قسەش بکەم، کاریگەری لەسەر ژێیەکانی دەنگم کردووە، بۆیە لە گۆرانی گوتن دوور کەوتوومەتەوە"

کەرکووکـی باسـی ئـەو ڤایرۆسـەی کـرد و گوتـی "پزیشـکەکان دەڵێن ئەمە حەساسیەیە و هەندێک دەرمانیان پێداوم، بـەڵام هەر چاک نەبوومـەوە، ئەمەش زۆر ئـازارم دەدات کـە نەتوانـم گۆرانی بڵێم، بەتایبەتی ئێستا لە کوردستان و کەرکووک بارودۆخێکـی بـاش بـۆ کورد رەخسـاوە تاوەکو ئێمەی هونەرمەندانیش بە گۆرانی و سروود هانی پێشمەرگەکانی کوردستان بدەیـن و لەگەڵیان بین، بـەڵام بەداخەوە دەنگم وای بەسەر هاتووە".

## ئاراس بە پۆستەر دەیپارێزێ




**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێـژ ئاراس فاتیح دەسـتی بـە هەڵمەتی نیشتمانیی (کوردسـتان بپارێزە) کردووە و داوا لە خەڵک دەکات هۆشیاری نەتەوەییان زیاد بکەن.

ئـاراس بـە (رووداو)ی راگەیانـد "بەهـۆی رووداوەکانی ئەمدواییە هەڵمەتێکی نیشتیمانیم لەژێر دروشـمی (کوردسـتان بپارێزە) دەست پێکردووە. لـەم هەڵمەتـەدا، کە بە هـاوکاری دوو کۆمپانیا لە هەولێـر، دهۆک و زاخۆ بەڕێوەدەچێت، پتر لە 100 پۆستەری گەورەی من، بەو جلوبەرگەی ڤیدیۆ کلیپی (کوردستانی من)م پێوە تۆمارکردووە، لە شەقام و شوێنە گشتییەکانی کوردستان هەڵواسراوە".

هەروەها ئاراس گوتیشی "من و هاوکارانم لەڕێی ئـەو پۆسـتەرانە داوا لـە خەڵک دەکەین ئاسـتی هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتیمانیان بەرز بکەنەوە".

## جانێ مردوو زیندوو دەکاتەوە



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

کچـە گۆرانبێـژی باکـووری کوردسـتان جانـێ حەیـران ئەلبوومێکی گۆرانی بەرهەمدێنێ کە بەشێکی زۆری گۆرانییەکانی عەیشەشان و مریم خان دووبارە دەکاتەوە.

جانـێ، دەربـارەی ئەلبوومە نوێیەکـەی بـە (رووداو)ی گوت "ئـەز کۆچەرم نـاوی ئەو ئەلبوومەکەمە، ئێسـتا بەشێکی زۆری کارەکانـی تەواو بووەو لە 11 تـراک پێکهاتـووە، لە گەڵ ئەوەشـدا گۆرانییەکی سۆرانیم بـە نـاوی شـیرینە سـەوزە گوتووە".

ئـەم هونەرمەنـدە، جگە لە ئەلبوومـە نوێیەکـەی، تاوەکو ئێسـتا 6 ئەلبوومـی دیکـەی بڵاوکردووەتەوە. جانێ ئێستا لە باشووری کوردستانە و سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکانیەتی.

لەبارەی ئاواز و تێکستەکانی ئـەم ئەلبوومـە جانـێ گوتـی "زۆربـەی ئـاوازەکان و تێکسـتەکان گەلێریـن و چەند ئاوازێکیـش لە لایەن سـلێمان هەرکـی و هەرێـم سـلێمانی دانراوە".

## دیدە بۆ منداڵان بەخۆڕاییە



**رووداو- هەولێر**

دیـدە فەرەیدوون، ژەنیاری ئامێری کەمان بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانـی هەولێـر، منداڵانـی کەمپی دارەشـەکران فێری ئامێری میوزیک دەکات.

دیدە لەمبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی لە کەمپی دارە شەکرانن بێ ئیشوکار نەسووڕێنەوە وەک ئەرکێکی نیشتیمانی خولێکی فێربوونی ئامێری کەمانم بۆ کردوونەتەوە، کە هەفتانە سێ رۆژ لە دارەشەکران منداڵان بە زانستی میوزیک ئاشنا دەکەم".

دیـدە فەریدون دەرچـووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانـی هەولێرە و سـاڵانە خولی فێربوونی میوزیک دەکاتەوە، ئەمسـاڵیش ئەم چالاکییەی گوازتوەتەوە بۆ کەمپی دارەشەکران.

دیدە گوتیشـی "بەبێ بەرامبەر ئەم منداڵانـە فێری میوزیک دەکرێن، لەگەڵ هەموو کەلوپەلی پێویستی ئەم خولە".

## مونا سێکسی نییە



**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری میسـری مونا فەزالی رایدەگەیەنێت زۆر هەوڵیداوە لە فیلمەکاندا وروژێنەر دەرکەوێت، بەڵام نەیتوانی ئەو رۆڵە بەباشی ببینێت.

مونا لە فیلمەکانـدا زۆرجار رۆڵی ئافرەتێکی وروژێنـەر و سێکسـی دەبینێت، بـەڵام تاوەکو ئێسـتا لە رۆڵەکەی خـۆی رازی نییە و دەڵێت بەمشـێوەیە نییە کە سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی رابکێشـێت، لەبـەر ئـەوەی نازانێت ئـەم رۆڵە بگێرێت، لەمبارەیەوە دەڵێت "زۆر ئەکتەری باش لە میسـر هەیە کە توانیویانە ئەم رۆڵە بەباشی بگێـڕن کـە تاوەکو ئێسـتاش لە بیـری خەڵک بـە زیندووبـی ماونەتەوە، بەڵام بەڕاسـتی و بە دروستی من لەمبوارەدا فاشیلم".

## سومەییە دەیگرێت



**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگی میسـری سـومەیە خەشـاب دەڵێت لە مانگی رەمەزان قورئان دەخوێنێت، هەروەها نوێژ دەکات و رۆژووش دەگرێت.

سـومەیە، کە لە فیلم و دراماکانی میسـری زیاتر رۆڵی ئافرەتێکی وروژێنەر و سێکسی دەبینێت، بەڵام لەمانگی رەمەزان بەشێوازێکی دیکە دەردەکەوت، سومەیە خەشاب دەڵێت "رەمەزان هەر تەنیا رۆژوگرتن و عیبادەتکردن نییە، بەڵکو شیرینی و خواردنی رەمەزانیش تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەت لە میسـر رەمەزان کەشـێکی خۆشـی هەیە".

سومەیە خەشاب سوودێکی دیکەی رەمەزانیش باس دەکات و دەڵێت "بۆ ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان لاواز بکەن رەمەزان دەرفەتێکی زۆرباشە، بەڵام رەنگە من لەبەر زۆرخۆرییەکەم کیلۆیەک یان دوو کیلۆ زیاد بکەم".

## بەختی رووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**

گرنگییەکی تەواو بەسـەرجەم لایەنەکانـی کارکردن بدەن، هەرچەنـدە بەرنامەتـان زۆرە بـەڵام سـەرکەوتنێکی گـەورە لەکارەکانتان چاوەڕوانتان دەکات. ئەوانەتان گرفتی تەندروستی هەیە دەتوانن چارەسەرێکی یەکجاری بکەن وسەرکەوتوو دەبن.

**گا**

کاتێکـی گرنگ و هەسـتیارە، بەخت و سـۆزداری لەهەموو جێگەیەک رووتان تێدەکات، بەڵام ئەو شـتە باشانە روودەدەن کـە هەرگیـز بیرتـان لێنەکردووەتـەوە، لەو کاتانەی دەسـت بەکارێک دەکەن هەندێک گرفت و بەربەسـتتان تووش دەبێت، پێویستە بەهێزبن و بڕوابەخۆبوونتان لەدەست نەدەن.

**جمک**

چواردەورەکەت پێویستییەکی زیاتریان پێت هەیە لەکاتێکدا تۆ دەتەوێت وچانێک بدەیت، دابڕان لە کۆمەڵ باش نییە چونکە لەکۆتاییـدا تۆش پێویسـتت پێیان دەبێتـەوە، بیرۆکەکانیش بۆ فرسـەتێکی گونجاوتر دابنێ. کەسایەتییەکی بەهێزتان دەبێت و گرنگیتان پێدەدرێ.

**قرژاڵ**

ئـەم کاتـەی ژیانتـان بەتـەواوی لەگـەڵ خواسـتەکانتان دەگونجێـت، پڕاوپڕ دەبێـت لەکۆمەڵێک پەیوەندی یەک لەدوای یەک، ئەمەش سـوود بەبیرکردنەوە و پرۆژەکانتان دەگەیەنێت، لەهـەر دیدار وگوتەیەک سـوودمەند دەبن. خۆت بەدوور مەگرە لەو کەسانەی هەوڵدەدەن لێت نزیکدەبنەوە.

**شێر**

پێویسـتە ژیـری و بەتوانایـی خۆتـان بەکاربێنن و هیـچ کارێک نەتانخاتە چاوەڕوانی زۆرەوە، دەتوانن داوای هاوکاری لە نزیکەکانتان یـان هاوکارەکانتان بکەن. دیداری کەسـانێکی گرنگ دەکەن و دەبنە هاوکار و پشتیوانتان. سەرنجی ئەو کەسانە رادەکێشن کە لەئاستێکی بەرزی لێپرسراوی و کۆمەڵایەتی دان.

**گوڵەگەنم**

هەوڵـدان بۆ کارێکی نوێ دەبێتـە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نـوێ لـە ژیانتـان کـە دەتوانـن لەئێسـتاوە بەرنامەکانتـان رێکبخەنـەوە و ئەرکـە کەڵەکەبووەکانی سەرشـانتان سـووک بکـەن. بەهێمنییـەوە مامەڵـەی هاوسـۆزەکانتان بکـەن و پەیوەندییەکانتان لەگەڵیاندا بپارێزن.

**تەرازوو**

کاتـی گونجـان و گەشـبینی و خـۆ رێکخسـتنەوەیە، چالاکییەکان زۆر دەبن، کارەکان زۆر ئاسان نییە بەڵام فرسەتە باشـەکانی ژیـان زۆرن، کاتێکی گونجاو دەبێت بۆ سـەفەر و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان. سـۆزداری لەهەموو جێگەیەک دەبیننەوە و کەسانێکی خۆشەویست دەبن.

**دووپشک**

کارەکانت ئاسان دەبێت، ماوەی داهاتوو دەبێتە دەسپێکی ژیانێکـی نوێ و دەخوازن هەندێک لەرێڕەوەکان بگۆڕن. پلە و پایـەی کۆمەڵایەتیتان بەرز دەبێـت و هەندێکتان بە ئاواتێکی گـەورە دەگـەن. خۆتـان کارە گرنگـەکان بکەن و بەکەسـی مەسپێرن.

**کەوان**

کاتێکـی زۆرباشـە، هەمـوو کارەکانتان ئاسـانتر دەبێت و دەتوانن بەهەوڵی کەم ئەنجامی گەورە بەدەسـت بهێنن. ئەگەر بەنیـازی ئەنجامدانی کارێکن ئێسـتا کاتێکـی گونجاوە، رەنگە بەهۆی رێکەوتێکەوە لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورە کار بکەن یان شوێنی کارەکەتان ببێتە نێوەندێکی گرنگ.

**کارژۆڵە**

یەکێـک لە ئاواتـە گەورەکانتان بۆ بەدی دێت و خۆتان بۆ کاری گرنگ ئامادە دەکەن. بەخت هاوکاریتان دەکات بەتایبەت لـە کاتە گرنگەکان، دەتوانن چالاکییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بکـەن. لایەنـە فیکرییەکانتـان بەهێزدەبـن و لەنێـو کۆمەڵدا گرنگیتان پێدەدرێت.

**سەتڵ**

ەختێکـی زۆرباشـتان دەبێت و ئەو کارانە تـەواو دەکەن کە پێشـتر دەستان پێکردووە. چەند کەسایەتییەکی گرنگ دەناسن و دەبنە هاوکار و پشـتیوانتان. ژیانتان بەرەو گەشانەوەی زیاتر دەچێـت، پێویسـتە کۆنترۆڵـی کات بکـەن. جۆرێک لـە گۆران بەسەر ژیانتاندا دێت کە چەند ساڵێکە ئاواتی بۆ دەخوازن.

**نەهەنگ**

گرفت و خەمەکانی مـاوەی رابردوو نامێنێت و نوێبوونەوە لە هەموو لایەنەکانی ژیان دەسـتپێدەکات. پێویستە خۆشتان هەوڵبـدەن و هەنـگاوی ژیرانـە بنێن، بەتایبەت لـەو کاتانەی دەرگاکانـی بەختـەوەری بەڕو،تانـدا دەکرێتـەوە. گرنگـی بەدوولایەنی سەفەر و خوێندن بدەن.



عومەر ئەحمەد *

# 2014 گرنگترین ساڵە بۆ نەوتی کوردستان

ساڵی 2014، ساڵێکی پڕ لە رووداو و پێشهاتە بۆ کەرتی نەوتی باشووری کوردستان. گرنگترین ئەو پێشهاتانەش کە تاوەکو ئێستا روویانداوە بەکارکەوتنی هێڵی نەوتی باشووری کوردستان و ناردنی نەوت و فرۆشتنی نەوتی باشووری کوردستان بووە.

وەک نوێترین رووداو لە کەرتی نەوتی باشووری کوردستان، رەتکردنەوەی سکاڵای وەزارەتی نەوتی عێراقە دژی هەناردەکردنی نەوتی باشووری کوردستان لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کە بەهێزترین دەسەڵاتی یاسایی ئەو وڵاتەیە و پێشبینی دەکرێت خاڵێکی وەرچەرخان بێت لە کێشمەکێشەکانی نێوان حکومەتی باشووری کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵدا.

پاش ئەوەی کە یەکەم بارە نەوتی باشووری کوردستان لە رێی کەشتی نەوتهەڵگرەوە لە بەندەری جەیهانی تورکیا فرۆشراو بەرەو ئەوروپا بەرێکەوت، وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ سکاڵایەکی دژی باشووری کوردستان لە دادگای باڵای فیدراڵی تۆمار کرد و داوای لە دادگاکە کرد کە رێگە لە هەناردەکردنی نەوتی باشووری کوردستان بگرێت.

رۆژی 23ی مانگی رابردوو پاش کۆبوونەوەیەک بۆ تاوتوێکردنی سکاڵای وەزارەتی نەوتی عێراق لە دژی هەناردەکردنی نەوتی باشووری کوردستان، دادگای باڵای فیدراڵی دوای لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکان بە تێکرای دەنگ بڕیاری بە رەتکردنەوەی سکاڵاکەی وەزارەتی نەوتی عێراق دا، بەوەی کە پێچەوانەی ناوەڕۆکە دەستوورییەکانی ئەو وڵاتەیە.

ئەم رووداوە بە یەکێک لە گرنگترین پێشهاتەکانی کەرتی نەوتی باشووری کوردستان ئەژماردەکرێت چونکە قورسایی یاسایی باشووری کوردستان لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی خاوی خۆی بەهێز دەکات و بۆ یەکەمجارە دەسەڵاتێکی دادوەری وەها گەورە بڕیار لە راستی و دروستبوونی هەنگاوەکانی کورد بدات، کە بڕیاری فرۆشتنی نەوتی خۆی داوە.

بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق بە تێکرای دەنگی ئەندامانی دەرچووە و دەبێت هەموو داو و دەزگاکانی حکومەتی عێراق، بەتایبەت وەزارەتی نەوتی ئەو وڵاتە پێوەی پابەند بن.

هەرچەندە پێشبینی دەکرێت وەک چۆن لە بڕیاری دادگای فیدراڵی هاتووە لە داهاتوودا دانیشتنی دیکە و لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سکاڵاکەی وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەلایەن دادگاکەوە بکرێت، بەڵام وەک یەکەم هەنگاو رەتکردنەوەی ئەو سکاڵایە و گرێدانی بە دانیشتنەکانی دیکەی دادگا دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ کەرتی نەوتی باشووری کوردستان.

بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ باشووری کوردستان، چونکە هەموو ئەو هەوڵە دژبەرانەی وەزارەتی نەوتی عێراق و کۆمپانیای سۆمۆ پووچەڵدەکاتەوە، کە لە پانتاییەکی نێودەوڵەتی دەدرێن بۆ ناوزڕاندن و رێگریکردن لە هەوڵەکانی حکومەتی باشووری کوردستان لە فرۆشتنی نەوت بۆ دابینکردنی بودجەی بڕاوی خۆی لەلایەن بەغداوە.

هەر بەبۆنەی دەرچوونی بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە بەیاننامەیەکدا داوای کردووە رێز لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵ بگیرێت و داوای لە وەزارەتی نەوتی عێراق و کۆمپانیای سۆمۆ و ئەو کەس و لایەنانەی کە یارمەتییان دەدەن کردووە، کە دەستبەرداری دەستێوەردانە نایاسایی و بێبنەماکانیان بن لە دژایەتیکردنی ناردنە دەرەوەی نەوتی باشووری کوردستان.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەروەها داوای لەو لایەنانە کردووە لەبەر بەرژەوەندی گەلی باشووری کوردستان و عێراق واز لە نامە ناردن و بروسکە هەڕەشەئامێزەکانیان بهێنن کە بۆ کڕیارانی نەوت و بازرگانانی نێودەوڵەتی نەوتی باشووری کوردستان دەینێرن؟

چاوەڕوان دەکرێت ساڵی 2014 دەستکەوتی دیکەی گەورە بۆ باشووری کوردستان بەدی بهێنێت لە بواری نەوتدا. هەرچۆن هەڕەشە و گوڕەشەکانی چەند ساڵی رابردوو هەروەها بڕینی بودجەی باشووری کوردستان لە کۆتاییدا بە قازانجی کورد شکاوەتەوە و کوردی ناچارکرد بیر لە هەناردەکردنی سەربەخۆی نەوت بکات و بەختی خۆی لە فرۆشتنی نەوت لە بازارە نێودەوڵەتییەکاندا تاقیبکاتەوە.

بەپێچەوانەی ئەو هەمووە ئاستەنگەی کە لەلایەن بەغداوە بۆ فرۆشتنی نەوتی باشووری کوردستان دروستکرا، باشووری کوردستان توانی قسەی خۆی بباتە سەر و لە فرۆشتنی چوارەم بارە نەوتی خۆیشی سەرکەوتووبووە.

بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی دیکەی بەهێز کە کڕیارە نێودەوڵەتییەکان چیدی لە هەڕەشەکانی بەغدا نەترسن و بە دڵنیاییەکی زیاتر روو لە کڕینی نەوتی باشووری کوردستان بکەن.

ئەوە بڕیارە دەتوانێت بەتەواوەتی کاریگەری بکاتە سەر سکاڵاکەی دیکەی عێراق لە دژی تورکیا کە لە ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە فەرەنسا تۆماریکردووە. ئەگەر دادگای فیدراڵی عێراق ئەو پرسە لە بەغدا یەکلایی بکاتەوەو دوابڕیاری لەو بارەیەوە بە قازانجی کورد بدات، سکاڵاکەی عێراق دژی تورکیا بێ پاساو دەمێنێتەوە.

یەکلاییکردنەوەی ئەو پرسەش تورکیا لە پاڵپشتیکردنی کەرتی وزەی باشووری کوردستان دڵگەرمتر دەکات و چاوەڕواندەکرێت، خودی تورکیا راستەوخۆ دەست بکات بە کڕینی نەوتی باشووری کوردستان. هاوکات لەگەڵ بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق، هەڵوێستی کورد بۆ لکاندنی کێڵگەکانی کەرکووک بە بۆڕی نەوتی باشووری کوردستان دەتوانێت بوێری زیاتر بە کڕیارانی نەوت و وڵاتانی دیکە بدات، بەمەش پێشکەوتنەکانی کەرتی نەوتی باشووری کوردستان چیدیکە پاشەکشەی لێ ناکرێت و بە لکاندنی بیرە نەوتییەکانی کەرکوک توانای باشووری کوردستان، وەک چۆن ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سرووشتییەکان رایگەیاندووە تا کۆتایی ئەمساڵ بۆ یەک ملیۆن بەرمیل بەرزدەکاتەوە.

هەناردەکردنی یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ بازارەکانی نەوت تا کۆتایی ئەمساڵ، ئەوەش لە کاتێکدا عێراق بەرەوچارەنووسێکی نادیار و هەڵدێر دەڕوات و بازاری نەوت هەر لە ئێستاوە لەبەر نیگەرانی پچڕانی دابینکاری نەوتی عێراق شڵەژاوە، شتێک نییە کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی بەکاربەری نەوت لەبەر چاو نەگیرێت.

دەرکەوتنی باشووری کوردستان وەک فاکتەرێکی ئاسایش و سەقامگیری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی باشووری کوردستان و هەروەها بەرزکردنەوەی هەناردەکاری نەوتی باشووری کوردستان بۆ رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل، دوو هۆکاری سەرەکی دەبن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت وڵاتانی دراوسێش ئاسانتر لەگەڵ کوردستانێکی سەربەخۆ مامەڵە بکەن.

***پسپۆڕی نەوت لە دێسکی ئابووریی رووداو**



د.هاوڕێ مەنسوور بەگ

# ستات ئۆیل و کێپکۆ

ساڵی 1972، نەرویج کۆمپانیا ئومێدبەخشەکەی وڵاتی دامەزراند بەناوی "ستات ئۆیەڵ"، ئەم ناوە بە کوردی دەبێتە "نەوتی نیشتیمان". ستات ئۆیەڵ بەخێرایی بووە چاوی بەئاگای حکومەت و خەڵکی نەرویج. لە پێناوی پتەوکردنی بنەما سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆژیەکانی "ستات ئۆیەڵ"، هەروەها لەپێناو پاراستنی ژینگەی هەستیاری دەریای باکووری نەرویجی، چەندین بڕیاری گرنگ و مێژوویی بە خێرایی چوونە واری جێبەجێکردنەوە. یەک لەو بڕیارانە بریتی بوو لەوەی کە لە هەموو ئەو بلۆکانەی بەخشراون و دەبەخشرێن بە کۆمپانیا جیهانییەکان لە دەریای باکووری نەرویجی بە مەبەستی پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، ستات ئویەڵ دەبێت بە برا بەش و 50%ی هەموو قازانجی بەردەکەوێت. واتە، سەرجەم کۆمپانیا جیهانییەکان بەبڕی 50%ی قازانجەکانیان رووی لە کەمی کرد. حکومەتی نەرویجی بەوەش نەوەستا، بڕیارێکی سەرسوڕهێنەری دا کە دەبێت کۆمپانیا بیانییەکان سەرجەم خەرجی و تێچووی پرۆسەکانی پشکنین و بەدواداگەڕانی نەوت و گاز کە دەکەوێتە ئەستۆی "ستات ئۆیەڵ"، ئەوان لە بری ستات ئۆیەڵ بیدەن. واتە کۆمپانیا جیهانییەکان دووجار خەرجی دەدەن، جارێک خەرجیی خۆیان، جارێکیش خەرجییەکانی کۆمپانیای خاوەن خاک و ماڵ "ستات ئۆیەڵ"!. حکومەتی نەرویجی بەردەوام بوو لەوەی کۆمپانیا بیانییەکان تووشی شۆک بکات، بە جۆرێک ساڵی 1974 بڕیاری دا هەر کاتێک پلانی بەرهەمهێنان لە هەر کێڵگەیەکی نەوت لە نەرویج ئامادە کرا، ستات ئۆیەڵ دەتوانێت پشکەکانی خۆی لەم کێڵگەیە زیاد بکات و کۆمپانیا هاوبەشەکانیش دەبێت سەرداخەن و رازی بن. چەند ساڵێک ئەم بارودۆخە درێژەی کێشا و حکومەتی نەرویج و پەرلەمانی وڵات بە بەردەوامی بڕیاری ستراتیجی سەرسوڕهێنەریان لە بەرژەوەندی ستات ئۆیەڵ و دژ بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەردەکرد. هەندێک لەو بڕیارانە بێ هاوتا بوون لە مێژووی پیشەسازیی نەوت و گازی جیهانیدا. بەکورتی، لەڕووی دیدو هێزی مرۆیی و بەرزیی ئاستی تەکنەلۆژی و بە پاڵپشتیی حکومەت و پەرلەمانی نەرویجی، ستات ئۆیەڵ بووە پێشەنگی کۆمپانیا جیهانییەکانی بواری نەوت و گاز. لە ڕووی قازانج و داهاتیش بووە گەورەترین و گرنگترین کۆمپانیای نێو سەرجەم کۆمپانیا پیشەسازییەکان لە سکەندیناڤیا. ستات ئۆیەڵ بەوەش نەوەستا، بۆ بەرپەرچدانەوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی ناو پیشەسازیی نەوت و گازی نەرویجی بڕیاری دا کە دەبێت نەرویجیەکانیش بچن لە دەرەوەی سنووری دەریای باکووری نەرویجی، لەو وڵاتانەی کە کۆمپانیاکان لێیەوە هاتوون، کاری پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز بکەن. پەرلەمان و حکومەت هەموو ئاسانکارییەکانیان پێشکەش بە ستات ئۆیەڵ کرد. ئێستا ئەو کۆمپانیا نەرویجییە کە ساڵی 1972 لەدایک بووە، لە پتر لە 36 وڵاتدا لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە وزەدا وەبەرهێنان دەکات. ستات ئۆیەڵ ئێستا یەکێکە لە گەورەترین فرۆشیارەکانی نەوت لە جیهاندا و لایەنێکی سەرەکی دابینکردنی گازی سروشتیە بۆ کیشوەری ئەوروپا. نزیکەی 23000 کەس بۆ ستات ئۆیەڵ کاردەکەن و نیوەی ئەم ژمارەیە لە دەرەوەی سنوورەکانی نەرویج و دەریای باکووری نەرویجی کار دەکەن.

لە کوردستان، بڕیار بوو "کێپکۆ" ببێتە چاوی بەئاگای کوردستان و برا بەشی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و پارێزەری بەرژەوەندییە ستراتیجیەکانمان. پتر لە شەش ساڵە چاوەڕوانین، کابینە لە دوای کابینە خەریکی پلاندانانین بۆ دیاریکردنی ساتەوەختی لە دایکبوونی کێپکۆ و دامەزراوە دەستەخوشکەکانی دیکەی. پێناچێت هەندێک لە سیاسەتمەدارو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بە قووڵی درکیان بەوە کردبێت کە دامەزراندنی کۆمپانیاو یەکە تێکهەڵکێشەکانی دیکەی پیشەسازیی نەوت وابەستەی کاتە. ئەگەر دامەزراوەکان لە کات و ساتە گونجاوەکاندا بە زوویی دانەمەزرێن، برینی جەستەی پیشەسازیی نەوت و گاز قووڵتر دەبێت و خوێنی زیاتر لێدەچۆڕێت و دواجار چارەسەرو هەستانەوە سەرپێ ئاڵۆزتر و سەختتر دەبێت. ئێستا دەبێت هێزی کاری کوردی بخرێتە نێو پیشەسازیی نەوتی کوردی. ئێستا دەبێت و دەبوایە پاڵاوگەکانی سەر بە کێپکۆ بێمنەتانە پڕ بە بەرگی کوردستان بەنزین و سەرجەم سووتەمەنیەکانی دیکە پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکەن. نابێت و ناکرێت هەرێمی کوردستان دەڵەمە بێت لە ئاست هەر گۆڕانکارییەک کە لە عێراق روودەدات. دەبێت لە ئێستاوە ئەرکە نیشتیمانییەکان بە ئەندازیاری کورد، ئابووریناسی کورد، یاساناسی کورد بسپێرین، نەوەک سبەینێ. ئەمڕۆ دەبێت ژینگەی کوردستان لەلایەن ساحێب ماڵی راستەقینەوە بپارێزرێت نەوەک سبەینێ. ئەگەر هەموو کارێکی حوکمڕانی کوردی بۆ ئایندە بتوانرێت دوابخرێت، دامەزراندنی کێپکۆ و دەستەخوشکەکانی نەدەبووا و نابێت تەنانەت بۆ یەک رۆژیش دوابخرێ.

# با ئەمریکا مانگانە 1.5 ملیار دۆلار بداتە کوردستان



( فۆتۆ: سیروان عەزیز )

**ئەلیکساندەر ویتکامب**
**رووداو- هەولێر**

پاش شەش مانگ لە بڕینی بودجەکەی لەلایەن بەغداوە، پارەی کاشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەمبوونەوە دایە. بەرپرسانی کورد، فرۆشتنی نەوت بۆ دابینکردنی بودجەکەی، فراوانکردنی کێڵگە نەوتییەکانیان و کەمبوونەوەی باوەڕیان بە حکومەتی ناوەندی بەغدا وەک ئامرازێک بەکاردێنن بۆ راکێشانی سەرچاوەی دارایی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

هەفتەی رابردوو ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاژانسی رۆیتەرزی گوت "پێشبینی دەکەین رێژەی هەناردەکردنی نەوتەکەمان بۆ 1 ملیۆن بەرمیل بەرزببێتەوە لە کۆتایی ساڵی 2015".

زۆر لە کێڵگە نەوتییە گەورەکانی ناوچە دابڕاوەکان، لەوانەش کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، ئێستا لەژێر دەسەڵاتی کورد دایە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی سامانی نەوت و راکێشانی سەرنجی زیاتری وەبەرهێنەرانی نێودەوڵەتی.

یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان زیادکردنی توانای بۆرییە نەوتیەکانیەتی، کە ئێستا تەنیا توانای هەناردەکردنی 300 هەزار بەرمیلیان هەیە لەڕۆژێکدا. شارەزایانی بواری نەوت دەڵێن هەرێمی کوردستان پێویستی بە هەناردەکردنی 450 هەزار بەرمیل نەوت دەبێت لەڕۆژێکدا بۆ پڕکردنەوەی بەشە بودجەکەی کە بەغدا بڕیویەتی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە ناکۆکیدان لەسەر کێشەی هەناردەکردنی نەوت و غاز.

دوو ئەنجامی چاوەڕوانکراو هەیە: یەکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمی لە بەغدا وەربگرێ بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی بە سەربەخۆ. دووەم، یان هەردوولا نەگەنە هیچ رێککەوتنێک و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی وەرگرتنی پێشینەی پارەی هەناردەکردنی کاروانە نەوتییەکانی دەدات لە کڕیارە نێودەوڵەتییەکان.

لە گریمانەی دووەمدا دەبێت کڕیارەکان گرەوی رووبەڕووبوونەوە لە دژی حکومەتێکی عێراقی بەهێزی دوای ئەم قەیرانە بکەن و هەڕەشەکانی بەغدا سەبارەت بە تەنیا فرۆشتنی نەوتی کوردستان بە رەزامەندی حکومەتی عێراقی پشتگوێ بخەن.

بەر لە کۆنترۆڵکردنی موسڵ لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا (داعش) بەغدا داوای یاسایی لە دژی تورکیا تۆمار کرد، بەهۆی بنیاتنانی بۆری نەوت بۆ گواستنەوە و فرۆشتنی نەوتی کوردستان بەبێ رەزامەندی بەغدا.

هەرچەندە واپێشبینی ناکرێ ئەم بابەتە بەمنزیکانە تاوتوێبکرێ، بەڵام بەرپرسانی عێراق هەڕەشەی خستنە لیستی رەشی هەر وڵاتێک دەکەن کە بەبێ ڕەزامەندی بەغدا نەوت لە کوردستان بکڕێت، ئەوەش رەنگە رەتکردنەوەی ئەو کڕیارانە بێت لە وەبەرهێنان کردن لە کێڵگە نەوتییەکانی باشوور. وادەردەکەوێت لە پاش کۆنترۆڵکردنی موسڵ لەلایەن چەکدارەکان، کڕیارەکان کەمتر ترسیان لە هەڕەشەکانی بەغدا هەبێت.

بەپێی وتەی بەرپرسانی کورد و تورک، ئێستا 200 ملیۆن دۆلار داهاتی هاوەردەکردنی نەوتی ئەو بۆریانە گەیشتوونەتە بانکی هاڵکی تورکیا، بەڵام ناوی کڕیارەکان ئاشکرا نەکراوە. یەکەمین کاروانی ئەو نەوتە گەیشتە ئیسرائیل، کە وڵاتێکە هەرگیز دان بە داوای یاسایی حکومەتی عێراق نانێ.

لە غیابی رێککەوتنامەیەک یان هاوکاری نێودەوڵەتی، پێویستە فرۆشتنی نەوتی کورد زیاد بکرێت. لە شەش مانگی رابردوودا حکومەتی بەغدا هیچ بودجەیەکی بۆ هەرێمی کوردستان نەناردووە، بۆیە 200 ملیۆن دۆلار بڕێکی زۆر کەمە لەپڕکردنەوەی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان. تەنانەت قەرزکردنی 3 ملیار دۆلار کە بە وتەی هەورامی حکومەتی هەرێمی کوردستانی سەقامگیر کردووە، هێشتا نیوەی ئەو بودجەیە کە حکومەتی ناوەندی قەرزداری هەرێمی کوردستانە.

لەپاش قەیرانەکانەوە، چەندین فاکتەر رۆڵیان هەبووە لە زیادکردنی خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان. گەیشتنی لانیکەم لە 300 هەزار ئاوارەی موسڵ بووەتە هۆی قوڵکردنەوەی قەیرانی مرۆیی لە کوردستان کە ئێستا پڕە لە ئاوارەی سووری و پارێزگای ئەنبار.

ئێستا دەبێت هێزی پێشمەرگە پارێزگاری لە نزیکەی 1000 کیلۆمەتر رووبەری سنووری لە بەرامبەر داعش بکات. پاش کۆنترۆڵکردنی ناوچە دابڕاوەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئێستا رووبەری هەرێمی کوردستان نزیکەی 40% زیادی کردووە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی مانگانە بدات و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و سەقامگیری دابین بکات لەو ناوچانەش.

گاریس ستانسفیڵدی راوێژکاری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەڵێ رەنگە ئەو فاکتەرانە خەرجی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ 1.5 ملیار دۆلار بەرز بکەنەوە. سەرەڕای زیادکردنی ئەو خەرجیانە، ستانسفیڵد گەشبینە کە هاوبەشانی نێودەوڵەتی و هەرێمی رێگەنادەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیفلاس بکات.

بەپێی وتەی ستانسفیڵد، قەیرانەکە دەبێتە هۆی "زیاتر نزیککردنەوەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان". تورکیا پێویستی بە دڵنیاییە لە بەردەوامی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لەپێناو سەقامگیرکردنی پێداویستییەکانی خۆی لە وزە. ئەمە جگە لەوەی کوردستانی رۆڵی دەبێت لە رووبەڕووبوونەوەی داعش.

"کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمریکا هەڵبژاردەیەکی سادەیان لەبەردەمە. ئەوان بەڕاستی دەیانەوێ پارێزگاری لە کوردستان بکەن و تا سەقامگیر بمێنێتەوە لەناوخۆدا!" ستانسفیڵد گوتی "پێویستە ئەمریکا مانگانە 1.5 ملیار دۆلار بداتە کوردستان، یان رێگە بدەن خۆی پارە زیاد بکات کە 100 ملیۆن دۆلارە بۆ هەر پاپۆڕێکی نەوت، ئەوەش قورس دەبێت بۆ رەتکردنەوە".

# ڕێنماییەکی حکومەت دەرمانسازان تووڕە دەکات

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

ڕێنماییەکی ئەنجوومەنی وەزیران سەبارەت بە دیاریکردنی ئەو دەرمانانەی کارمەندانی تەندروستی دەتوانن بیفرۆشن، نارەزایی پزیشکانی دەرمانسازی لێدەکەوێتەوە، بەڵام وەزارەتی تەندروستی ئەمە بە "گونجاوترین" ڕێوشوێن دەزانێت بۆ ئەم دۆخە.



## "لیستەکە زیاد لە پێویست دەرمانی تێدایە"

لە زۆربەی وڵاتاندا لیستێک لە دەرمان هەن، کە بە دەرمانی سەرمێز (OTC) دەناسرێن و دەکرێت بێ ئەوەی سەردانی پزیشک بکەیت بیانکڕیت، تەنانەت لە سوپەرمارکێتەکانیشدا. وەکو هەندێک دەرمانی دژە ئازار، دژە هەستەوەری، ترشی گەدە، هەڵامەت و وشکە کۆکە، ڕاوەستاندنی نیشانەکانی وروژانی کۆڵۆن، ڤیتامین و کانزاکان و دەرمانی دژە کەڕوو.

دکتۆر ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت ئەو لیستە 18 دەرمانییەی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەی کردووە هەر لە چوارچێوەی دیاریکردنی دەرمانی سەرمێز (OTC) دایە.

بەڵام دکتۆر گۆران عەبدوڵڵا، پسپۆڕ لە کارگێڕی تەندروستیدا، گوتی "ئەو لیستەی وەزارەت زۆر لەوە زیاتر دەرمانی تێدایە کە بێ چاودێری پزیشکی دەرمانساز بفرۆشرێت، بۆیە پێویستە چاو بە لیستەکەدا بخشێنرێتەوە".

سەبارەت بە کەمکردنەوەی دەرمانەکانی نێو لیستەکە. وەزیری تەندروستی گوتی "پێشتر هیچ سنوورێک دیاری نەکرابوو، ئێمە سنوورمان دانا و تەنیا 18 دەرمانمان هێشتەوە، ئەمەش بۆ ساڵێکە و دەکرێت لە ئایندەدا هەندێک دەرمان لە لیستەکە دەربهێنین ئەگەر پێویست بوو".

## "مافی چینێک دەداتە چینێکی دی"

دکتۆرە ژین ئەوڕەحمان، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی دەرمانسازی دەڵێت ئەو ڕێنماییەی ئەنجوومەنی وەزیران ماف لە توێژی دەرمانساز دەسەنێتەوە کە ئیشی خۆیانە مامەڵە لەگەڵ دەرمان بکەن و دەیداتە کارمەندانی تەندروستی کە ئەو مافەیان نییە. پێشیوایە ئەم ڕێنماییە ستانداردی تەندروستی کوردستان دادەبەزێنێت و دژی بنەمای پسپۆڕیی کارکردنە.

بەپێی یاسای ژمارە هەشتی ساڵی 1999ی پەرلەمانی کوردستان جگە لە پزیشکی دەرمانساز، هیچ کەسێک بۆی نییە مامەڵە بە دەرمانەوە بکات.

دکتۆر گۆران عەبدوڵڵا پێیوایە ئەو ڕێنماییە لەگەڵ ئەم یاسایەدا یەکناگرێتەوە، بۆیە دەبووایە بەر لە دەرکردنی ڕێنماییەکە، ئەو یاسایە بە ڕاوێژ لەگەڵ خەڵکی شارەزا هەمواربکرێت و بۆ ڕێنماییەکەش بۆچوونی پسپۆڕان وەربگیرێت. ناوبراو دەڵێت "ئەم کارەی وەزیری تەندروستی بۆ سەرنجڕاکێشانی چینێکی دەستڕۆیشتووی ناو وەزارەت بووە ئەویش لەپێناو زیادکردنی هەلی بوونەوە بە وەزیر".

وەزیری تەندروستی دەڵێت ڕێنماییەکان لەلایەن بۆردی تەندروستی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئامادە کراون، کە جگە لە خودی وەزیر، نوێنەری سەندیکاکانی پزیشکانی دەرمانساز و کارمەندانی تەندروستی و پزیشکانی تێدابووە و پێکەوە گەڵاڵەیان کردووە "پزیشکانی دەرمانساز تێبینییان هەبوو، بەڵام بەتەواوی ڕەتیان نەکردەوە".

## نابێت بانێک و دوو هەوا بێت

جەبار محەممەد ڕەحیم، نەقیبی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دەڵێت لەگەڵ لیژنەی تەندروستی پەرلەمان لە هەماهەنگی دان، تاوەکو یاسای ژمارە 8 هەموار بکەنەوە و چیدی کار بە چەمکی بانێکە و دوو هەوا نەکرێت بەجۆرێک لە کەرتی حکومیدا کارمەندی تەندروستی هەموو شت بێت و لە کەرتی تایبەتدا هیچی پێ نەبڕێت.

نەقیبی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی پێیوایە ئەم هەڵمەتەی پزیشکانی دەرمانساز تەنیا بۆ نۆرینگە تایبەتەکانە و باسی کەرتی حکومی ناکەن "لە بنکە و مەڵبەندە تەندروستییەکاندا کارمەندی تەندروستی چەند قاتی ئەو لیستە دەرمان بۆ نەخۆش دەنووسن و پزیشکی دەرمانساز باسی ناکەن، بەڵام بۆ نۆرینگە تایبەتەکان بۆ ژمارەیەکی سنووردار دەرمانیش تێبینیان هەیە و ناڕازین".

دکتۆرە ژین ئەوڕەحمان پێیوایە ئەوە بۆ کەمتەرخەمی وەزارەت دەگێڕێتەوە کە کارمەندان لە بنکە و مەڵبەندە تەندروستییە حکومییەکاندا دەرمان دەنووسن و دەڵێت "ئێمە بەرپرس نین لە بێ پلانی وەزارەتی تەندروستی لە دابەشکردنی پزیشک و پزیشکی دەرمانساز و کارمەندی تەندروستی لە شوێنی شیاوی خۆیاندا".

## دەرمانسازان سکاڵا تۆمار دەکەن

دوای دەرکردنی ئەو ڕێنماییە، پزیشکانی دەرمانساز بۆ ماوەی یەک ڕۆژ مانیان گرت، بەڵام دکتۆرە ژین دەڵێت ئەمە دوا هەنگاو نییە و ئەگەر وەڵام نەدرێنەوە دوور نییە سکاڵای یاسایی لەدژی وەزیری تەندروستی و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تۆمار بکەن بە تۆمەتی پێشێلکردنی یاسای پەرلەمان. وەک ئەو دەڵێت "ئەگەر یاسا پشتیوانی کردین زۆرباشە، ئەگەریش یاسا ڕێگەی دا خەڵکی دیکەش دەرمان بفرۆشن، ئەوا ئێمەش داوا دەکەین کۆلێژی دەرمانسازی دابخرێت".




### دەرمانە مەترسیدارەکەی نێو لیستەکە

زۆر بەکارهێنانی دەرمانە دژە زیندەکان وا دەکات بەکتریاکان بەرگری لە دژیان پەیدا بکەن و چیدی بەو دەرمانانەی ئێستا لەناو نەچن.

تەنیا لە ئەورووپا ساڵانە 25000 کەس بەهۆی ئەو بەکتریا نوێیانەوە دەمرن کە بەرگریان دژی دەرمانی دژە زیندە پەیدا کردووە. ئەگەر هۆڵەندا بە نموونەی ئەورووپا وەربگرین، ئەوا ڕێژەی ئەو بەکتریایانەی دژی دەرمانی دژە زیندە بەرگریان پەیدا کردووە لە 5% تێپەڕ ناکات. کەچی بەپێی توێژینەوەیەک کە لە کوردستان ئەنجامدراوە و (تۆڕی میدیای ڕووداو) ئاشکرای کرد، ڕێژەی بەکتریای خاوەن بەرگری لەدژی چەند دژە زیندەیەک 86%ی تێپەڕاند کە ئەوەش بە گوتەی توێژەرێکی کورد کە لە ئەورووپا دەژی بە زەنگی مەترسیدار دادەنرێت.

لە لیستە ڕێگە پێدراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا دەرمانی دژە زیندەش هەن، ئەمەش پێچەوانەی لیستە هاوشێوەکانی وڵاتانی پێشکەوتووە. وەزیری تەندروستی دەڵێت "لە دژە زیندەکاندا تەنیا ئەمۆکسی سیللین لەو لیستەدا هەیە، کە دەکرێت لە داهاتوودا لاببرێت".



دکتۆر ئیکرام حوسێن
Ikram_dent@yahoo.com

## دکتۆری خوێنفرۆش

لەوێ، لەو پیرەمەگرونەی کە کاتی خۆی بەعسییەکان وەک ئۆردوگا بۆ خەڵکیان دروستکرد پزیشکێکی عەرەب هەیە، خوێنی خەڵک بە 75 هەزار بە خەڵک دەفرۆشێتەوە.

دواجار وەزارەتی تەندروستی لە خەوێکی قووڵ بە خەبەر هات و بە واڵووی وەزیری تەندروستییەوە، لە 3/4 ی ئەمساڵ نووسراوێکی گشتاندن پێکرد بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان، تێیدا هاتبوو، ئەو پزیشکە بەڕێزانەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقەوە دێنە هەرێمی کوردستان پێویستە پێش دامەزراندنیان کۆرسی فێربوونی زمانی کوردی بخوێنن، بەڵام با وەزارەت پێمان بڵێ چەند پزیشکی عەرەب کۆرسی زمانی کوردییان بینیوە، ئەی ئەو پزیشکە عەرەبەی باسەڕەما، کە سێ مانگ دوای بڕیارەکەی وەزارەت دامەزراوە، یان ئەو پزیشکەی دیکە کە پسپۆڕییەکەی تەندروستی کۆمەڵە و ئێشکگری فریاکەوتنە چەند وشەی کوردی دەزانن؟ ئەگەر ئەو وەزارەتە تەنیا خەیاڵێکی تەندروستانەی هەبووایە بۆ کەسوکاری ئەنفال، هەرگیز کەسێکی بۆ نەدەناردن وشەیەک عەرەبی بزانێ، ئەوان کاتێک لە نوگرە سەلمان وەرگێڕیان نەبوو، ئێستا پزیشکی عەرەبیان بۆچییە بە وەرگێڕەوە!

ئەگەر سەردەمێک هەبووبێ ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە پزیشکی عەرەب بووبێ، خۆ ئێستا ئەو سەردەمە کۆتایی هاتووە، پزیشکە عەرەبەکانی ئێستا کە دێن، دەرچووی کۆلێژە پزیشکییەکانی ئێستای عێراقن، کە شتێکیان تێدا نەماوە بە ناوی زانستەوە، کۆلێژی وەهایان هەیە ڕاگرەکەی دکتۆرای هەیە لە خۆشەویستی عەلیدا و هەشیانە ماستەری هەیە لە شینکردن بۆ حوسێن، بەڵام ئەوەی من سەری لێدەرناکەم ئەوەیە ئەو عەرەبانە لە کوێوەو چۆن ئەو هەموو خزمە کوردە بەرپرسەیان بۆ پەیدا بوو، کە لە کورد ئیشیان باشتر دەڕوات.

پزیشکە عەرەبەکەی پیرەمەگرون خوێن لە خەڵکی دەردەهێنێت و پلازماکەی جیادەکاتەوەو بە دەرزی دەیکاتەوە ئەژنۆیان، کاتێک ڕۆشتمە کلینیکەکەی، سەرەی سێشەممەی دوای ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەیان بۆ دانام، دوای بەدواداچوون پێیانگوتم ئەم پزیشکە هیچ بڕوانامەیەکی پسپۆڕی نییە و پێشتر لە نەخۆشخانەی شۆڕش لەسەر هەمان فیعل دەریانکردووە، بەڵام ئەی خەڵکی پیرەمەگرون مرۆڤ نین؟ ئەی مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی؟!

لە پسپۆڕێکی ڕۆماتیزمم پرسی دەربارەی کاری ئەو پزیشکە، پێیگوتم، ئەوە هێشتا نەبووەتە ڕاستییەکی زانستی و لە پەڕاوە پزیشکییەکاندا نییە، نەخوازەڵڵا لە پیرەمەگرون.

کاتێک بە دوای کاری ڕۆژنامەنوسییەوە دەبم، زۆربەی ئەو کارە قێزەونانەی کە دەکرێن، هەر لە بەرتیل خواردن و نەشتەرگەری ناپێویست، تا خوێن فرۆشتنەوە، لە لایەن عەرەبەوە دەکرێن، یان لە لایەن ئەوانەوە دەکرێن لە ناوچە عەرەبییەکانەوە هاتوون و نانێکیان لەگەڵ خواردوون، ئێستا دکتۆری سووریش خەریکە ناویان دێتە نێو ناوانەوە.

من هەرچەندە کیمیاباران کراوم و خوشک و کەسوکارم شەهیدن، بەڵام هەرگیز ڕقم لە عەرەب نییە لەبەر ئەوەی عەرەبە، ئەوانەی تەیموریشیان پاراست عەرەب بوون. د.سوها ئالوسی عەرەبە و لە سلێمانی بە هەموو هێزێکییەوە خزمەتی نەخۆش دەکات، ئەو ژنێکە دەبێ پیاو لێیەوە فێری مرۆڤایەتی و ئەنجامدانی کاری گەورە ببێ.

لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەرێمێکدا دەژین لێپرسینەوەش نییە، کەسانێک کە دڵیان بە خەڵک و میللەتی کورد ناسووتێت و کەس نایانناسێت، لە پێناو پارەدا هەرچییان بوێ دەیکەن، مێشێکیش میوانیان نییە.

# حەب و دەرزی ڕۆژوو دەشکێنن؟



ڕووداو- NHS

چەند پرسیارێک هەن لە ڕەمەزاندا زۆر دووبارە دەکرێنەوە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە شارەزایانی پزیشکی و ئاینی وەرگرتووە.

**ئەگەر کەسێک شەکرەی هەبێ دەتوانێ بە ڕۆژوو بێت؟**

ئەو کەسانەی شەکرەیان هەیە و کۆنترۆڵیان کردووە، ئیدی بە هۆی دەرمانەوە بێت یان جۆری خۆراکەوە، دەتوانن بە ڕۆژوو بن، لەو کاتەدا لەوانەیە پزیشکەکانیان کاتی وەرگرتنی دەرمانەکەیان بۆ بگۆڕێت، بەڵام ئەوانەی پێویستیان بە ئەنسولینە بۆ کۆنترۆڵکردنی شەکر لە خوێنیاندا نابێت بە ڕۆژوو بن.

**تووشی لاسەرئێشە دەبم کاتێک برسیمە، کە بەڕۆژوو دەبم خراپتر دەبم، چی بکەم؟**

ئەو کەسانەی لاسەرئێشە (شەقیقە)ی کۆنترۆڵنەکراویان هەیە پێویستە بە ڕۆژوو نەبن، هەرچەندە ئەگەر ئەو کەسە دەرمانی ڕاست و دروست بەکاربهێنێت دەتوانێ ئازارەکەی کۆنترۆڵبکات، لەو بارەیەشەوە پێویستە ڕاوێژ بە پزیشک بکرێت.

**ئایا ئەوانەی بەرزی و نزمی فشاری خوێنیان هەیە دەتوانن بە ڕۆژوو بن؟**

ئەوانەی کێشەی بەرزی فشاری خوێنیان هەیە و کۆنترۆڵیان کردووە دەتوانن بە ڕۆژوو بن، لەو کاتانەدا پزیشک کاتی وەرگرتنی دەرمانەکانیان بۆ دەخاتە دەرەوەی کاتی بەڕۆژووبوون، ئەگەر کەسێک کێشەی نزمی فشاری خوێنی هەبوو، دەتوانێت بەڕۆژوو بێت، بە مەرجێک پێداویستی لەشی لە شلەمەنی و خوێیەکان وەربگرێت.

**ئایا ژنی دووگیان دەتوانێت بەڕۆژوو بێت؟**

چەند بەڵگەیەکی پزیشکی هەیە نیشانیدەدەن بەڕۆژووبوون بۆ ژنی دووگیان باش نییە، بەڵام ئەگەر ژنێک هەستی کرد بەهێز و تەندروستە دەتوانێ بە ڕۆژوو بێت، بە تایبەتی لە سێ مانگی یەکەمی دوو گیانیدا.

**ئایا ڕەمەزان کاتێکی باشە بۆ وازهێنان لە جگەرە؟**

بەڵێ، جگەرە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت، ڕەمەزان هەلێکی بێوێنەیە بۆ وازهێنان لەو خووە خراپە.

**منداڵ لە چ تەمەنێک دەتوانێت بەڕۆژوو بێت؟**

منداڵان داوایان لێکراوە لە تەمەنی دوای باڵغبوونەوە بە ڕۆژوو بن، لەو کاتەدا زیان ناگەیەنێت، ڕۆژوو گرتن لە پێش ئەو تەمەنەدا پەیوەندی هەیە بەشێوازی بیرکردنەوەی باوان و تەندروستی گشتی منداڵەکەوە. ڕۆژووگرتنی منداڵان لە خوار تەمەنی هەشت ساڵی باش نییە، ڕۆژوو گرتن بۆ چەند کاژێرێک بیرۆکەیەکی باش دەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی منداڵان دەربارەی ڕۆژوو هەروەها ڕاهێنانیان.

**ئەوانەی ڕەبۆیان هەیە دەتوانن دەرمان بەکاربهێنن؟**

بەکارهێانی سپرای ڕەبۆ، وەک خواردن و خواردنەوە نییە و ڕێگەپێدراوە، ئەو کەسانەی ڕەبۆیان هەیە دەتوانن بەڕۆژوو بن و سپراکەشیان بەکاربهێنن.

**ئایا کەسێک دەتوانێت بە ڕۆژوو بێت ئەگەر خوێن وەرگرێت لە نەخۆشخانە؟**

نەخێر، ئەگەر کەسێک خوێنی تێبکرێت، ئامۆژگاری دەکرێت بە ڕۆژوو نەبێت.

**من دەرمانی ڕۆژانەم هەیە دەتوانم بە ڕۆژوو بم؟**

ئەگەر پێویست بوو دەرمانەکەت لە کاتی ڕۆژووەکەدا وەربگریت، ئەوا نابێت بە ڕۆژوو بیت، ئەگەر دەرمانەکە بۆ نەخۆشییەکی کورتخایەن بوو، دەتوانی دواتر قەرەبووی ڕۆژووەکانت بکەیتەوە دوای چاکبوونەوەت.

ئەگەر نەخۆشییەکەت درێژخایەن بوو، دەبێت پزیشکەکەت بۆت دیاری بکات ئایا دەتوانی بەکارهێنانی دەرمانەکە بخەیتە دوای کاتەکانی بە ڕۆژوو بوون. ئەگەر دۆخی **نەخۆشییەکەت جێگیر نەبوو، بە ڕۆژوو مەبە.**

**ئایا ژنی شیردەر ڕۆژووی لەسەرە؟**

نەخێر، ئەو ژنەی شیر دەدات بە منداڵ پێویست ناکات بە ڕۆژوو بێت

**حەپ و دەرزی ڕۆژوو دەشکێنن؟**

حەپ ڕۆژوو دەشکێنێت، دەرزی و قەترەی چاو و گوێ ڕۆژوو ناشکێنن، ئەگەر ماددەی خۆراکیان تێدا نەبێت.

**ئەگەر توشی وشکبوونەوە بوویت دەتوانی ڕۆژوو بشکێنیت؟**

بەڵێ، ئەگەر تووشی وشکبوونەوەی توند بوویت، لەوانەیە هۆکارەکەی وەرنەگرتنی شلەمەنی تەواو بێت لە پێش ڕۆژووەکەدا، وشکبوونەوەی ئاسایی خراپتر دەبێت بەهۆی کەشی گەرمەوە، یان چالاکی جۆراوجۆرەوە.

ئەگەر بەرهەمهێنانی میزت نەما یان زۆر کەمبووەوە، تووشی نزیک لە بێهۆشبوون هاتیت و شتەکانت تێکەڵکرد لە کاتی بینیندا، یان لەهۆش خۆت چوویت، دەبێ ڕۆژووەکە بوەستێنیت و شلەمەنی بخۆیتەوە، ئیسلام داوات لێناکات زیان بە خۆت بگەیەنیت بە هۆی بە ڕۆژووبوونتەوە، ئەگەر ڕۆژووەکەت شکاند، دەتوانی دواتر قەرەبووی بکەیتەوە.

# چۆنیەتی بەهێزکردنی قژ

ڕووداو- ئاژانسەکان

ماوەی سووڕی گەشەی قژ 2- 3 ساڵە. هەر تاڵەقژێک مانگانە 1 سانتیمەتر گەشە دەکات. 90%ی قژ بەردەوام لە گەشەدایە. 10%یشی لە پشوودایە. لەماوەی 2-3 مانگدا ئەو بەشەی لە پشوودایە تەواو دەبێت و بە گرووپێکی نوێی موو جێگەی دەگیرێتەوە. ئاساییە ڕۆژانە چەند تاڵەموویەک لە قژت هەڵوەرن، بەڵام هەندێ کەس زیاد لە پێویست مووی قژیان هەڵدەوەرێ.

## هۆیەکانی قژهەڵوەرین

1- دوای تووشبوون بە نەخۆشییەکی توند یاخود نەشتەرگەرییەکی گەورە بەهۆی فشاری ئەو حاڵەتانەوە بۆ ماوەیەکی کاتی زیاد لەپێویست قژ دەڕووتێتەوە، ئەمە کاتییە و دوای ماوەیەک چاک دەبێتەوە.

2- تێکچوونی هۆرمۆنەکان: زۆر چالاکی و کەم چالاکی ڕژێنی دەرەقی هەردووک دەبنە هۆی قژ ڕووتانەوە. هەروەها تێکچوونی باڵانسی هۆرمۆنەکانی نێرینە و مێیینە دەبنە هۆی قژ ڕووتانەوە، بە چارەسەرکردنی حاڵەتە هۆرمۆنییەکە، قژ ڕووتانەوەکەش چارەسەر دەبێت.

3- کاتی سکپڕی و ماوەی دوای منداڵبوونیش قژ ڕووتانەوە لە ئافرەتاندا زیاد دەکەن و دواتر خۆبەخۆ چاک دەبنەوە.

4- بەکارهێنانی هەندێ دەرمان دەبنەهۆی قژ ڕووتانەوە و دوای وەستان لە بەکارهێنانیان قژ ڕووتانەوە ئاسایی دەبێتەوە. نموونەی ئەم دەرمانانە: هەندێ لە دەرمانەکانی بەرزیی فشاری خوێن و نەخۆشیی دڵ، هەندێ لە دەرمانەکانی ڕوونکەرەوەی خوێن، دەرمانی نەخۆشیی دەردەشا، حەبی دژە منداڵبوون و حەبی دژە خەمۆکی.

## جوانکاری

هەندێ لەو ئامرازانەی بۆ جوانکاری و مۆدێلاتی قژ بەکاردەهێنرێن ڕێگە خۆشدەکەن بۆ لاوازبوونی قژ و دواتر هەڵوەرینی. نموونەی ئەمانە: بەستنی بنی پەلکە بە قردێلەی توند، توند لوولکردنی قژ، تەسریحەی توند. ئەگەر بەر لە برینداربوونی سیکلدانۆچکەکانی موو واز لەم ئامرازانە بهێنرێت، پێستی سەر ئاسایی مووی لێدێتەوە، بەپێچەوانەوە بۆ هەمیشەیی قژ تەنک دەبێت.

هەر ماددەیەکی کیمیاییش کە بەشێوەی کرێم یا جێڵ لە قژ دەدرێت، دەکرێ کاری نەرێنی لە سیکلدانۆچکەکانی مووی سەر بکات و دواتریش لاوازیان بکات.

## قژ ڕووتانەوەی پیاوانە

ئەو قژ ڕووتانەوەیەی لە پێشی سەری زۆر لە پیاواندا هەیە لە کوردەواری پێیدەگوترێ (کەچەڵی) لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆماوەییە. هەتا لە تەمەنێکی زووتردا ڕووتانەوە دەستپێبکات، ڕاددەی قژ ڕووتانەوەکە زیاتر دەکات.

بەڵام قژ ڕووتانەوەی ژنان جیایە و لەم بارەدا مووی هەموو پێستی سەر تەنک دەبێت.

## چارەسەر

پزیشک هەندێ پرسیارت لێدەکات بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری قژوەرینەکەت و دواتر بەپێی هۆیەکە چارەسەرت بۆ دیاری دەکات، وەک: جۆری خواردن و دەرمانی پزیشکیی پێشتر و نەخۆشیی درێژخایەن. ئەگەر ئافرەت بیت جگە لەمانە لەبارەی سووڕی مانگانە و وەرگرتنی حەبی دژە سکپڕی و نزیکیی لە تەمەنی نائومێدی پرسیارت لێدەکات.

ئەگەر هۆکارێکی دیاریکراو هەبوو وەک بەدخۆراکی و نارێکیی هۆرمۆنی و هەوکردنی پێستی سەر، پزیشک چارەسەری تایبەتت پێدەدات.

ئەگەر هیچ لەمانە نەبوو، ئەوا هەندێ دەرمان هەن کە یارمەتی بەهێزبوونی قژ دەدەن و وەرینی خاو دەکەنەوە یان دەیوەستێنن. یەک لەوانە بریتییە لە مینۆکسیدیل کە بەشێوەی شامپۆ و جێڵ و کرێم و سپرای هەیە و دەدرێت لە پێستی سەر.

چارەسەرییەکی دیکە بریتییە لە حەبی فیناستیراید، کە تەنیا بۆ پیاوانە و نابێ بێ ئاگاداریی پزیشک بەکاربهێنرێت، 6 مانگی پێدەچێ تا هەست بە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەم دەرمانە دەکەیت.



## کوردانی ئەو وڵاتە داوایەکیان هەیە:

# باڵیۆزخانەی کوردستان لە ئیسرائیل بکرێتەوە

## دەستخۆشی لە بیبی دەکەن



**لازار بێرمان**
**رووداو — ئیسرائیل**

دوای لێدوانەکانی سەرکردە ئیسرائیلییەکان دەربارەی پشتگیری ئیسرائیل بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، کوردی ئیسرائیل بە گەشبینییەوە لەو لێدوانانە دەڕوانن و خەندە لەسەر لێویان دەبینرێت.

یەهودا بن یوسف، سەرۆکی رێکخراوی نەتەوەیی جووەکانی کوردستان، کە بۆ خۆشی سیاسەتمەدارێکی شاری ئۆرشەلیمە دەڵێت "رێکخراوی نەتەوەیی جووەکانی کوردستان پیرۆزبایی لە کورد دەکات بەهۆی سەربەخۆییەوە، داهاتوویەکی هاوبەش لە نێوان کورد و دەوڵەتی ئیسرائیل و بەتایبەتی کوردەکانی ئیسرائیل دەبینێت". ئەو هەروەها دەڵێت "رێکخراوەکەیان نزا بۆ کوردستانی گەورە دەکات".

دوای دەیەها ساڵ لە هاوکاری بێدەنگی نێوان ئیسرائیل و کوردی باشووری کوردستان، دواجار سەرکردە ئیسرائیلییەکان ئەو بێدەنگییەیان شکاند و پشتگیری خۆیان بۆ کوردستانی سەربەخۆ پیشاندا.

یەکەم سەرکردەی ئیسرائیلی کە لەم بارەیەوە بە ئاشکرا لێدوان بدات، سەرۆکی ئیسرائیل شیمۆن پێریز بوو کە لە واشنتن پەیامنێرانی میدیاکانی لە کۆبوونەوەی نێوان خۆی و باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا ئاگادار کردەوە "کورد دەوڵەتی دیفاکتۆی خۆی دروستکردووە، کە دەوڵەتێکی دیموکراتییە. یەکێک لە هێماکانی دیموکراسی پێدانی مافی یەکسانییە بە ئافرەتان". پێریز بە پەیامنێرانی راگەیاند، کە ئەو قسانەی بە ئۆباما گوتوە.

رۆژێک دوای لێدوانەکانی پێریز، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ئەڤیگدۆر لیبەرمان لە پاریس بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جۆن کێری راگەیاند "عێراق لە پێش چاومان پارچە دەبێت، پێدەچێت دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی ئەنجامێکی حەتمی بێت".

دواتر لە رۆژی یەکشەممە، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ ئاشکراترین پشتگیری وڵاتەکەی بۆ دەوڵەتبوونی کورد راگەیاند. ئەو کە لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی لە زانکۆی تەلئەبیب لێدوانێکی دا، رایگەیاند "پێویستە پشتگیری لە هیوای کورد بۆ سەربەخۆیی بکەین، ئەوان شایەنی سەربەخۆیین".

ئەو وەسفی کوردی وەکو "نەتەوەیەکی جەنگاوەر، کە پابەندی و میانڕەوی سیاسیان پیشانداوە" کرد و گوتی "ئەوان شایەنی سەربەخۆیی سیاسی خۆیانن".

مارگەریت لاڤرۆن، کوردێکی ئیسرائیلە و دەڵێت "خەڵکی ئێمە خۆشحاڵن و شانازی دەکەن". ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێت "لە خوا دەپاڕێینەوە کە کوردستان دواجار سەربەخۆیی خۆی بەدەست بهێنێت و حکومەتی ئێمەش پشتگیریان بکات و هاوکاریان بکات".

لاڤرۆن لە رێگەی (رووداو)ەوە پەیامێک ئاراستەی سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی دەکات و دەڵێت "دەستخۆش بیبی (کورتە ناوی ناتانیاهۆ) و پێریز، ئێمە پشتگیر و هاوکاری کوردستانین".

وا دەردەکەوێت لێدوانی سەرکردەکانی ئیسرائیل لە ئاستی زۆر باڵادا پلانی بۆ دارێژرابێت، لێدوانەکان دوای ئەوە دێن کە هەلی مانەوەی عێراق وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوو لەناوچوو، بەهۆی هاتنی جیهادییەکانەوە، کە موسڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان داگیرکردووە.

سەرکردەکانی ئیسرائیل لە رابردوودا زۆر بە وریایی مامەڵەیان لەگەڵ پەیوەندی ئیسرائیل و کوردستان کردووە و لەسەر داوای سەرکردەکانی کورد ئەو پەیوەندییەیان بەنهێنی هێشتووەتەوە، لەبەرئەوە پێدەچێت بە ئاشکرا پشتگیریکردنی دەوڵەتی کوردی لەلایەن سەرکردەکانی ئیسرائیلەوە دوای گفتوگۆ بووبێت لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان.

وتەبێژی ناتانیاهۆ ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک لەبارەی ئەو بابەتەوە بدات. وتەبێژەکەی سەرۆک وەزیران تەنیا ئەوەی بە (رووداو) گوت کە هیچ شتێکی لەوەی ناتانیاهۆ زیاتر نییە تا بیڵێت لەو بارەیەوە.

میری هارامبام، کوردێکی ئیسرائیلە، هیوا بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەخوازێت و هیواداره سەربەخۆیی کوردستان هەلێک بۆ خۆی و کۆمەڵگەی برەخسێنێت تا سەردانی کوردستان بکەن "ئێمە سوپاسی پشتگیری سەرۆک و سەرۆک وەزیران دەکەین بۆ داننان بە سەروەری کوردستاندا. ئەمە هێزمان پێدەبەخشێت، هەموو کەسوکاری ئێمە هیوادەخوازن دواجار بتوانن خەونی سەردانیکردن بۆ باشووری کوردستان بهێننەدی".

ئاڤی شەپیراش دەڵێت "من وەکو نەوەی پەنابەرێکی کورد، پشتگیری لە بیرۆکەی دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکراتیک دەکەم".

هەروەها ئاری ئامێدی دەڵێت ئەوە جیاوازی کوردی باشووری کوردستانە، وایکردووە ئەوان بگەنە بەردەرگای سەربەخۆیی "چەندین نەوەیە کورد بە دوای ژیانێکی سادە و بێدەنگەوەن سەرەڕای ئەو هەموو شتەی چوار دەوریان. ئەوان زۆربەی هەوڵەکانیان لە دروستکردن و کارکردن و سادەیی و خۆشەویستی خێزانیدا بەسەربردووە.

ئەگەر کورد لێیگەڕێن ئەمانەی هەبێت، داوای سەربەخۆیی ناکەن. بەڵام ئێمە لە جەنگەڵستاندا دەژین، ئەوەی لاواز بێت دەخوورێت. لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد هەستایە سەرپێ و خۆی رێکخستەوە. من لە خوا دەپاڕێمەوە کە بەچاوی خۆمان کوردستانێکی سەربەخۆ ببینین".

ئیمانیۆلا سیار بارزانی، کە بەمدواییانە خۆپیشاندانێکی بچووکی لە ئیسرائیل بۆ پشتگیری هێزەکانی پێشمەرگە رێکخست، زۆر خۆشحاڵە "دوانزە ساڵە من چالاکانە کار دەکەم بۆ زیاترکردنی ئاگایی دەربارەی کوردستان لە ئیسرائیل، خۆشحاڵم کە ئێستا رووناکی لە کۆتایی تونێلەکەدا دەبینین".

ئیمانیۆلا هەروەها گوتی "هیوادارم باڵێوزخانەی کوردستان لە ئیسرائیل و هەموو جیهان ببینین.

پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی نەتەوەی کورد دەکەم. نزا دەکەم بە بەهێزی بمێنینەوە و هیوادارم ئەم کاتە سەختەی شەڕ و ئاژاوە لە عێراق بە ئاشتی و سەلامەتی بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دەوروبەری بشکێتەوە".

## بەرپرسێکی پێشووی مۆساد:

# حەزدەکەین باڵیۆزخانەمان لە کوردستان هەبێت



**دەنیز سەرینجی**
**رووداو — دانیمارک**

لەگەڵ لە کۆنترۆڵ دەرچوونی عێراق و یاخیبوونی گرووپە سوننەکان بە پێشڕەوی جیهادییەکان و، کۆنترۆڵکردنی ناوچەی زیاتر لە لایەن هەرێمی کوردستان و نزیکبوونەوەی لە سەربەخۆیی، هەولێر سەرنج و پشتگیری هاوڕێیەکی نهێنی خۆی رادەکێشێت: ئەو هاوڕێ نهێنییە ئیسرائیلە.

هەفتەی رابردوو بنیامین ناتانیاهۆی، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بە تینک تانکێکی ئیسرائیلی لە تەلئەبیب راگەیاند کە "دەبێت پشتگیری لە خەونی سەربەخۆیی کورد بکەین" ئەو وەسفی کوردی وەکو "نەتەوەیەکی جەنگاوەر کرد کە سەلماندوویانە خۆڕاگری سیاسیان هەیە و شایەنی سەربەخۆیین".

پشتگیری سەربەخۆیی- کە خەونێکی مێژوویی پێنج ملیۆن کوردی باشووری کوردستانە- لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقدا دژ یەکە. لە رابردوودا ئەمریکا دژی گەورەبوونی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان بووە لە ترسی ئەوەی هەنگاوی لەو جۆرە کوردستان لە سەربەخۆیی نزیکدەکاتەوە.

کوردستان و ئیسرائیل لە رابردوودا پەیوەندییەکی بێدەنگی بزنس و ئیستیخباراتی و سەربازیان هەبووە. سەرکردەکانی ئیسرائیل زۆرجار بە باشی باس لە کورد دەکەن و زۆر لە سەرکردە کوردەکانیش ئەو دەوڵەتە جووە وەکو مۆدێلێک بۆ وڵاتەکەی خۆیان لە داهاتوودا دەبینن.

بانگی ناتانیاهۆ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەشێکە لە هاوپەیمانییەکی فراوانتری نێوان هێزە میانڕەوەکانی ناوچەکە.

هەفتەی رابردوو لە کۆبوونەوەیەکدا، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ئاڤیگدۆر لیبەرمان سەربەخۆیی کوردستانی وەکو "ئەنجامێکی حەتمی" وەسفکرد.

وتەبێژەکەی لیبەرمان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتەکانی لیبەرمانی بەمشێوەیە بە کێری راگەیاند "عێراق بە بەرچاومانەوە دەڕووخێت و پێدەچێت دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی ئەنجامێکی حەتمی بێت".

یەک رۆژ پێش ئەوەش، شیمۆن پێریزی سەرۆکی ئیسرائیل لە کاتی سەردانی کۆشکی سپی ئەمریکادا شتێکی هاوشێوەی ئەوەی سەرەوەی گوت.

"کورد دەوڵەتی دیفاکتۆی خۆیان دروستکردووە، دەوڵەتێک کە دیموکراسی پێڕەو دەکات. یەک لەو ئامارژانەی کە دیموکراسیبوونی کوردستان پیشان دەدەن، پێدانی مافی یەکسانییە بە ئافرەت." پێریز رایگەیاند.

سەردار شەریف، خوێندکارێکی دکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی دهۆک کە لێکۆڵینەوە دەربارەی پەیوەندییەکانی کوردستان و ئیسرائیل دەکات دەڵێت ئیسرائیل لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە پەیوەندی بازرگانی و سەربازی نهێنی لەگەڵ کوردا هەیە. هەروەها مەلا مستەفا بارزانی هاویکاری جووەکانی کردووە کە عێراق بەرەو ئیسرائیل بەجێبهێڵن.

"ئیسرائیلییەکان و کورد دوژمنێکی هاوبەشیان هەبووە، ئەویش وڵاتانی عەرەبین، کە دژایەتی هەردوولایان کردووە". سەردار بە (رووداو)ی راگەیاند.

پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و کورد تا ئێستا بە نهێنی بووە، چونکە کورد وای ویستووە "ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر خۆشەویست نییە." سەردار وا دەڵێت.

ئامۆس جیلاد، کاربەدەستێکی باڵای بەرگری ئیسرائیلە گوتی "بێدەنگی ئێمە هیچ نەبێت لە شوێنە گشتیەکاندا، باشترین بژاردەیە. هەر دەربڕینێکی ناپێویست لەلایەن ئێمەوە بە زیانی کورد دەشکێتەوە".

ئەلیزەر سافریر، یەکێک لە بەرپرسانی پێشووتری بارەگایەکی موساد لە کوردستان لە ساڵی شەستەکاندا دەڵێت "نهێنی بوونی پەیوەندییەکان داواکاری کورد بووە".

"ئێمە زۆرمان پێخۆشە پەیوەندییەکان بە ئاشکرا بن، باڵێۆزخانەمان لەوێ هەبێت، پەیوەندی ئاساییمان هەبێت، بەڵام ئێمە پەیوەندییەکانمان بەنهێنی هێشتووەتەوە، چونکە ئەوە داوای کوردە". ئەو بە ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرزی راگەیاند.

بە بۆچوونی سەردار بێت ئیسرائیلییەکان پێیانخۆشە هاوپەیمانێکی نوێ و بەهێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکەن. ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو کورد، هەست بە تەنیایی دەکات لە بەرامبەر عەرەبدا.

"ئیسرائیل بەهیوا بوو هاوپەیمانێکی میانڕەو سێکولار و ئیسلام لە تورکیا ببینێت، بەڵام پەیوەندییەکانی نێوانیان لە 2010 بەدواوە تێکچوو. ئێستا ئامانجی ئەوان حکومەتی هەرێمی کوردستانە". سەردار وا دەڵێت بە ئاماژەدان بە هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتییەکەی کەرتی غەزە، کە تێیدا نۆ هاوڵاتی تورک کوژران لە مانگی پێنجی ساڵی 2010دا.

سەرەڕای ئەوەش، ئیسرائیل ترسی لە بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئێران هەیە لە ناوچەکەدا، لە عێراق و سووریا و حیزبوڵڵای لوبنان.

سەردار بە (رووداو)ی راگەیاند "ئیسرائیلییەکان بە هیوای هاوپەیمانێکی نوێن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بتوانێت کاریگەرییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە".

رۆژنامەنووسی نێودەوڵەتی تۆبیاس هاڤماند کە لە چەندین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە راپۆرتی رۆژنامەوانی ئامادەکردووە، پێیوایە هاوپەیمانییەکی نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دروستبووندایە و ئیسرائیل هەوڵدەدات کە دەستی لەو هاوپەیمانییە نوێیەدا هەبێت بۆ ئەوەی لەو دوورەپەرێزییەی ئێستا خۆی رزگار بکات.

"کوردستانێکی سەربەخۆ وەکو دڕکێک دەبێت لە پەنای ئێراندا کە دوژمنی سەرەکی ئیسرائیلە. جگە لەوەش ئیسرائیل پێویستی بە هاوپەیمانی هەرێمی هەیە. دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ کورد ئاسانترە وەکو دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ عەرەب و فارس". هاڤماند وا دەڵێت.

بەڵام هاوپەیمانی دروستکردن لەگەڵ ئیسرائیل هێشتا ریسکە و رەنگە ئەنجامی باشی نەبێت، شارەزایان هۆشداری دەدەن لەو رووەوە.

"ئیسرائیل هێشتا لایەنی ژمارە یەکە بۆ رق لێبوونەوە لە ناوچەکەدا، لەبەرئەوەی نزیکەوتنەوە لە ئیسرائیل دەرگای پەراوێزخستن و دوژمنکاری نەتەوەکانی ناوچەکە بەڕووی کورددا دەکاتەوە، بە تایبەتی ئەو نەتەوانەی کە بە دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆ خۆشحاڵ نین". ئەو رۆژنامەنوسە وا دەڵێت.

سەرداریش لەگەڵ هاڤماند هاوڕایە و پێیوایە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی پەیوەندی کورد بە ئیسرائیلەوە وەکو "خیانەت" دەبینن "بەڵام کورد ئەمە وەکو دووڕوویی دەبینن، چونکە وڵاتە عەرەبە موسڵمانەکان بۆ خۆیان پەیوەندی نهێنی بازرگانیان هەیە لەگەڵ ئیسرائیل". بەڵام "بۆچی بۆ ئەوان حەڵاڵە، بۆ ئێمە حەرامە!".

ئەدیب ئەلەکلومی

## شەڕی بە وەکالەت

# "گورز"ی داعش و جێبەجێکردنی ئەجێنداکان

قەیران و گیروگرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕەگوڕیشاڵێکی کۆنینەی مێژوویی و ئاینی و مەزهەبی و تائیفی هەیە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گرفتانە بەبێ تێگەیشتن لە باکگراوندە مێژووییەکەی، خۆکوژییە! ڕۆژهەڵاتی ناوین مەڵبەندی پەیامەکان و بێشکەی شارستانیەت بووە کە لەوێوە مێژووی مرۆڤایەتی سەریهەڵداوە و درێژبووەتەوە. ئێستا ئەو ناوچەیە بووەتە زەخیرە و مەخزونێکی گەورەی وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی وەک نەوت و گاز و...هتد، هاوکات مەڵبەند و گۆڕەپانی شەڕ و جەنگەکانی سەردەم و داهاتووشە.

داعش، دواهەمین بەرهەمی ململانێکانی مندالدانی مێژووی تازە زاوە! زانیاری و ڕاپۆرتەکان دەڵێن: نزیکەی (500) ملیۆن دۆلار خراوەتە بانکی ناوەندیی موسڵەوە سەرەڕای سەبائیک و چەند خشتە و پارچە زێڕێکی گرانبەها کە بوونەتە "غەنیمە"ی داعش. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە چەندین چەکی هەمەجۆر و عیتاد و کەلوپەلی سەربازیی نوێ، هەفتەیەک بەر لە قەیران و ڕەوشی دژواری موسڵ بەسەر سوپای عێراقی لەو ناوچانەی کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدایە، دابەشکراوە!. بەهای ئەو کەلوپەلە نوێیە سەربازیانەی سوپای عێراق کە جێهێڵدراون لە بەرەکانی جەنگدا بە (14) ملیار دۆلار خەمڵێندراوە! زۆربەی چەکەکانیش بۆ سوریا گواستراونەتەوە لەگەڵ پارەوپولێکی زۆر. ئێستا سەرمایەی داعش خۆی لە چەندین ملیار دۆلار دەدات. ئەوە مانای چی؟ ئاماژە بۆچی دەکات؟ ئەم واقیعەی هاتووەتە پێش زیاتر لە چەند تەفسیر و شرۆڤە و بۆچوونێک لەخۆدەگرێت.

پرسیار ئەوەیە دەبێ چۆن ئەو پارەوپولە دزراوەی موسڵ وەبەربهێنرێ و بۆ بەرژەوەندیی کێ؟ کێ فەرمانی بە (ایداع)کردنی ئەو پارە زۆرە داوە لە بانکی ناوەندیی موسڵ؟ کێ بەرپرسە لە فەوتان و لەدەستدانی ئەو عەمباری چەک و کەلوپەلە پێشکەوتووەی سەربازی؟ بۆچی بۆ سوریا دەچێت؟ ئەمانە و چەند پرسیارێکی دیکە ئاماژە بە بوونی یارییەکی ژێربەژێری خەفی دەکەن کە سەرەکەی دەرەکییە و جێبەجێکاریش (خۆیی).

ئەمە ڕێک شەڕێکی پلان بۆ داڕێژراوە لە پێناو ئیستنزافی وزەکان و وەبەرهێنانی ململانێکان لەم ناوچەیە بۆ کاولکردن و دواکەوتن و تێکبەردان و بەشبەشکردن و درێژەدان بە شەڕی درێژخایەن و تۆخکردنەوەی بیری تائیفەگەری و تەشویهکردنی پەیامی پێکەوە ژیانی ئیسلام.

### ئەمە فەوزای مونەززەمە خوێنەران نەک خەللاق!

لەم دۆخە دژوارەدا داخی گرانم بۆ ئەو موسڵمانانەی کە بە شانازییەوە باس لەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونانەی (داعش) دەکەن و پێیانوایە ئەمە جیهادە و تێکۆشانە لە پێناو مەزلومیەتی ئەهلی سوننە و گەڕاندنەوەی شکۆمەندییە بۆیان! گەلی کورد سەری لێشێواوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕەوشە، گومانیش دەکرێ خۆی بەشێک بێت لەو سیناریۆ و یارییە! ئینجا تا چەند ئەم هەل و دەستکەوتە بۆ بەرژەوەندی کورد ئیستیسمار دەکرێ، ئەمە داهاتوو وەڵامی دەداتەوە، چونکە ئێستا دەرهاوێشتە و موعادەلەکان گۆڕاون و چەند ئەگەرێکی ئەرێنی و نەرێنی دەرگای بەڕووی کورددا کراوەیە. ئەمە جێدەهێڵین بۆ ڕۆژانی داهاتوو.

مەنهەجی فیکری توندڕەوانەی (داعش) ڕێک لە مەنهەجی تەکفیرییەکانی بزووتنەوەکانی دوێنێیەکی نزیک و ڕابردوویەکی دوور دەچێت، بەڵکو درێژکراوەی هەمان بیر و دید و دەرچووی قوتابخانە توندڕەوەکانی فیکری کۆنن. پێویست بە ناوهێنانیان ناکات. من لێرەدا باس لە ئاراستەی فیکری داعش ناکەم وەک مەنهەج و ئایدیۆلۆجیا، بەڵکو تیشک دەخەمە سەر ڕەوشی عام و چۆنیەتی پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەم تەوژمە فیکرییە تەکفیرییە لە عێراقدا، تاکە جیاوازییان لە (تەنزیمی قاعیدە) ئەوەیە کە تا ئێستا فیشەکێکیان بە سەربازێکی ئەمریکی یان ڕووە و بارەگایەکی ڕژێمی ئەسەد نەتەقاندووە!

گەر بیرتان بێت لە (2004) بزووتنەوەیەک بەناوی (تەوحید و جیهاد) دژ بە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق شەڕێکی توندیان بەرپاکرد بە ڕابەرایەتی (ئەبو موسعەب زەرقاویی ئوردنی)، ئەوسا زەرقاوی بەیعەت و پەیمانی بە سەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدە (بن لادن) دابوو. دواتر زەرقاوی بوو بە ئەمیری تەنزیمی قاعیدە لە عێراق و ناوی بزووتنەوەکەش گۆڕا لە (تەوحید و جیهاد) بۆ (تنظيم القاعدة في بلاد الرافدينش).

لە ساڵی (2006) لە کردەیەکی سەربازیی ئەمریکادا دوای دەستنیشانکردنی شوێنی زەرقاوی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا هێرشی کرایە سەر و کوژرا. ئەم ڕووداوە چۆن بوو؟ وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن کەسێک بە ناوی (ابراهيم عواد البكري/ ئەبوبەکر ئەلبەغدادی) لە گرتووخانەکانی ئەمریکا لە عێراق دەستبەسەربوو، دواتر بە پلانێک بۆ پلانێک بەرەڵلاکراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی گرنگ. دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر ئازادکردنی (ئەبوبەکر بەغدادی) لە شوێنێک چاوی بە (زەرقاوی) دەکەوێت، پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە و ڕۆیشتنی بەغدادی، دەستبەجێ لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمریکاوە شوێنەکە بۆردومان دەکرێ و کۆتایی بە فیلمی زەرقاویش دەهێنرێ! بە بیرمە بەر لە کوژرانی بە ماوەیەکی کەم، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە پێشاندرا، زەرقاوی لە بیابانێکدا بیکەیسییەکی پێبوو دەیڕشاند وەک بەرهەڵستی و تەحەددایەک بۆ هێزەکانی ئەمریکا شانبەشانی پاسەوانە دەمامکدراوەکانی، دەتگوت لە مانۆڕێکی سەربازیدایە ئاوا پاسەوانەکانی بە چواردەورییەوە پەرشوبڵاو دەڕۆیشتن. بەم چەشنە زەرقاوی سەرۆکی (تەوحید و جیهاد) کە دواتر بووە ئەمیری (تەنزیمی قاعیدە لە بیلادی ڕافیدەین) بەهۆی بەغدادییەوە شوێنەکەی دیاری کرا و بە مووشەکێک مەحوکرا! ئێستا ئەو ئەبوبەکر بەغدادیە کە ناوی خۆی (ئیبراهیم عەواد ئەلبەکری)یە سەرپەرشتی هێزەکانی (داعش) دەکات لە عێراق! لەوکاتەوە قاعیدە بە چاوی گومانەوە سەیری جموجۆڵ و چالاکییە توندڕەوەکانی (داعش) دەکات کە شەڕیان دژی چەندین تەوژم و بزووتنەوە و گرووپە جیهادییەکانی سوننە ڕاگەیاندووە، بەتایبەتی دژ بە سوپای ئازاد لە سووریا! لە دیدی قاعیدەوە (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام/ داعش) خزمەت بە ئەجێندا و ئاراستەیەکی دیاریکراو دەکات و چەندین سەرکردەی ڕێکخراوەکەیان لە عێراق بە دەستی ئەوان کوژراون و لەناوچوون! ئەو بەغدادیە دوای دەرچوونی لە زیندان (20 تا 30) ملیۆن دۆلار خەرج دەکات بۆ دامەزراندنی شانەکانی داعش و کۆنترۆڵکردنی تەنزیمی قاعیدە لە بیلادی ڕافیدەین، تا تەواو بەسەریدا زاڵ بوو. ئەمە چۆن؟ هەر شوێنێک ئەو ئەبوبەکرە ڕووی تێکردبا و بۆی چووبا هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا ئەو جێگەیان بۆردومان دەکرد! بەمشێوەیە قاعیدە لە بنوبۆتکەوە هەڵتەکا و خۆی لە نوسخەیەکی نوێی داعشدا بەیانکرد.

دیارە ئەوان زوو پەیامی جیابوونەوەی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتی و کەناڵە ئاسمانییەکانەوە ڕاگەیاند کە بەهیچ شێوەیەک سەر بە قاعیدە نین و بەیعەتیشیان بە (ئەیمەن زەواهیری) نەداوە، بەڵکو بەرائەتی خۆیان لە قاعیدە لە عێراق ڕاگەیاند. زەواهیریش خۆی لە کاسێتێکی دەنگیدا ئیلغاکردنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی و تەبریئەی قاعیدەی لە کردەوەکانی داعش لە شام بەیان کرد.

لە دوای کوشتنی زەرقاوی، کەسێک بەناوی (ابو حمزه المهاجر) دەستنیشانکرا وەک جێگرەوەی، ئینجا (الدوله العراقيه الاسلاميه) دادەمەزرێندرێ لەسەر دەستی (ئەبو عومەر ئەلبەغدادی) و (ئەبو ئەیوب ئەلمسری)، بەڵام ئەبوبەکر دەبێتە جێگرەوەی ئەبو عومەر، ئەمە بە چەند قۆناغێک گوزەر دەکات تا سەرەنجام دەسەڵاتی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق بە یەکجاری ڕادەستی ئەبوبەکری بەغدادی دەکرێ، ئەویش دەست دەکات بە چەند

> **داعش موسیبەتێکی زۆر گەورەیە بە پلە یەک بۆ خودی ئیسلام وەک مەنهەج**

گۆڕانکارییەک لە هەیکەلی تەنزیمیدا بە دامەزراندنی شانەکانی (داعش) وەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد بە هەماهەنگی لەگەڵ (أبو عبدالرحمن البيلاوي) عەقڵی مودەبیری داعش کە لە ڕووداوێکی ئەمنیی تەمومژاوی ئەم دواییانەی شاری موسڵ کوژرا! دواتر داعش لەگەڵ جەبهەی نوسرەی سووری یەک دەگرن و لە ژێر ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) درێژە بە کوشتن و سەربڕینی موسڵمانان دەدەن لە سوریا و لە عێراق. بەڵکو لە سوریا بوونەتە دڕکی بن پێی سوپای ئازاد و خەنجەرێکی ژەهراویش بۆ پشتی ئیسلام و موسڵمانان بەگشتی.

دوای ڕاپەڕینی گەلی سوریا و هەڵگیرسانی شۆڕش دژ بە ڕژێمی ئەسەد، ئەبو بەکر بەغدادی بە فەرمانێکی دەرەکی و بە هاوئاهەنگی "هەواڵگری" یەکێک لە وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو ڕوو لەوێ دەکات، وەک سزادانێک بۆ ڕژێمی سوریا، چونکە ئەوکاتەی ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق لە (2003)دا، ڕژێمی سوریا ڕێگەی بە (چەکدارەکان) دەدا بچنە ناو خاکی عێراق بۆ شەڕکردن.

پێشتر ئەو چەکدارانە لە لوبنان مەشقیان پێدەکرا لەلایەن (حزب الله)، دواتر لە ڕێگەی سوریاوە دەهاتنە ناو خاکی عێراق بۆ لێدانی ئەمریکا. بەمشێوەیە داعش هیچ هێرشێکی نەکردە سەر سوپای ئەمریکا بە درێژایی تەمەنی لە عێراقدا، تەنانەت ئەفسەر یان سەربازێکی ئەمریکیشیان نەکردە ئامانج! بەردەوام جوێن و قسەی ناشیرین و توهمەیان بۆ یەکتر هەڵدەبەستی لەگەڵ قاعیدە، هەتا کار گەیشتە کوشتنی یەکتر وەک لە سوریا بینیمان و هەنووکەش وا دەیبینین کە چۆن (داعش) بەربووەتە گیانی سوپای ئازاد و گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانی سوننە لە سوریا!

(نەبیل نەعیم) فەرماندەی گرووپە جیهادییە چەکدارەکانی عێراق، ماوەیەک لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەستبەسەر دەکرێ و ڕاپێچی زیندان دەکرێ، دواتر ئازاد دەکرێ و لە دیمانەیەکدا دەڵێ: داعش ئەفسەرێکی ئەمریکی لە عێراقدا نەکوشت! ئیقتیحامی بارەگایەکیان نەکرد! بەڵکو بە پێچەوانەوە (1500) هاووڵاتی سوننەیان لە سامەڕا کوشت!! ئینجا دەڵێ: (ئەوان هەم سوننە دەکوژن هەم شیعە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی درێژخایەنی تائیفی لە ناوچەکەدا.

لە بری ململانێی عەرەب و ئیسرائیل، شەڕی سوننە و شیعە سەرهەڵدەدات و پەرەدەستێنێت، بێگومان ئەو پلانەش سەردەکەوێ، چونکە نۆکەر لە هەردوولا هەن و پارەیەکی خەیاڵیشیان لەبەردەستدایە!) کەواتە پلانەکان موحکەمانە داڕێژراون و جێبەجێکردنی ئەجێنداکانیش بەرێکی دەڕوات بەڕێوە. من لەم نووسینەمدا سوودم لەو دیمانەیەی (نەبیل) بینیوە، تکایە سەرنجی ئەم لینکە بدەن:

http://www.youtube.com/watch?feature=youtu.be&v=CGif8ypYljQ&html5=1&app=desktop

سەرنج بدەن چۆن مێژوو لاپەڕەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەتایبەتی لەناو جڤاکە دواکەوتووەکاندا. لە مێژوودا بزووتنەوە و گرووپگەلی وا سەریانهەڵداوە و دواتر خەفە بوونەتەوە بەهۆی توندڕەوییەکەیان کە دواتر سەری خواردوون، سەرەنجامیش لەناو چوونە بە هەمان شێوەی ئەو گرووپە توندڕەوانەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانەکاندا دەجەنگن و لە شەڕی ناوخۆدان کە درێژکراوەی هەمان نەهجی مێژوویی و دەرچووی یەک قوتابخانەن. بۆیە هەمیشە گوتوومە و دووبارەی دەکەمەوە، تا ئەو تابوت و تابۆ موقەددەسانەی کە لە چەند نووسینێکدا بە "سەنەمی عەنعەنات" و "تەلمودی ریوایات" ناوم بردووە، تێکوپێک نەشکێندرێن و قودسیەتیان لەناو مێشکی موسڵماناندا وردوخاش نەکرێ، لاپەڕە خوێناویەکانی مێژوو دووبارە دەبنەوە و هەرگیز ڕزگاریان نابێت.

ئەوانە موسیبەتێکی زۆر گەورەن بە پلە یەک بۆ خودی ئیسلام وەک مەنهەج کە جگە لە وروژاندنی بوغز و قین و ترس و تۆقاندن و تەشویهکردنی پەیامەکە زیاتر شتێک نین، سەرەڕای ئیستیسمارکردنیان بۆ فیتنەی تائیفی و تەشەنەکردنی ململانێکان و نانەوەی ئاشووب و پەشێوی و لێدان لە وەتەری حەساس، بەتایبەتی جێبەجێکردنی ئەجێنداکانی وڵاتانی ئیقلیمی و دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زلهێزەکان بە هۆی وروژاندنی فیتنەی تائیفی و تەشەنەکردنی فیکری وەهابییەتی توندڕەوی ترسناک!

داعش گورزێکی کوشندەی ژەهراوییە لە خاسیرەی ئیسلام بەر لە سەربڕینی موسڵمانان، بەڵام جارێ هەستی پێناکرێ. بە هەمان شێوە گورزێکی خەتەرناکە بۆ پێشمەرگە و ئایندەی گەلی کورد بە تێکڕا. مەرج نییە ئەم ڕووداوانەی سەریانهەڵداوە کە لە ڕواڵەتدا هەلێکی زێڕین و بوارێکی ئەرێنی گونجاوی بۆ میللەتەکەمان ڕەخساندووە و فەراهەمهێناوە بەوەی کە ناوچە دابڕێندراوەکان بە کەرکووکیشەوە گەڕانەوە باوەشی کورد و پێشمەرگە کە ئێستا گوایە لە ژێر کۆنترۆڵدایە! مەرج نییە لە قووڵایی بەڕێوەبردنی سیناریۆکاندا ئەم دۆخە لە بارەی هاتووەتە پێش بۆ کورد، درێژە بکێشێ و دڵخۆشکەر بێت. ئەوەی من مەترسی لێدەکەم و پێشبینی دەکەم کێشکردنی کوردە بۆ ناو ئەو شەڕە "ئیقلیمییە" بە شێوەیەک کە بەرژەوەندییە باڵاکان سەری بەرژەوەندییە بچوکەکان بخوات! چونکە بوونی ئەم گرووپ و تاقمانە و جێگیرکردنیان لە ناوچە سوننەنشینەکاندا بۆ مەرامی زۆر دوور و قووڵتر جێگیرکراون. گەر سەرکردایەتی کورد لە بوون و دانانی داشی داعش و جێگیرکردنیان لەم ناوچانەدا دوربینانەتر نەبێ وەک یاریزانێکی بە ئەزموون، قووڵبینانەتر لە سیناریۆی سیاسەتەکانی ناوەوە و دەرەوە و دەوروبەرمان نەڕوانێ، پێموایە جڵەوی ئەمان و کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە کوردنشینانە بەو نیمچە سەربەخۆییەی کە هەمانە لە دەستی دەدەین! بەڵام گەر یارییەکان و سەرچاوەی جێبەجێکردنی ئەجێنداکان لە ناوچەکەدا لە یەک فەلەکدا بخولێتەوە کە بە یەک ئاراستە لە پێناو چەند ئارمانجێکدا بن، ئەوە ترسێکی ئەوتۆ لە ئارادا نابێ بۆ کورد.

سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوروپا کە سەرەتا لە (ئوردن)ەوە هەنگاوەکان دەستپێکرد، پرسیاری وردی وروژاند و کەمێک ئومێدبەخش بوو. لێدوانەکەی دکتۆر بەرهەم لە یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کاتێک گوتی (هەژانی گەورە بەڕێوەن!) لە کاتێکدا ئەم ڕووداوانە هێشتا سەریان هەڵنەدابوو! گرنگ ئەوەیە کەڵک لەو هەل و فرسەتانە وەربگرین و بزانین چۆن بیانقۆزینەوە.

ئاقڵمەند ئەو کەسەیە بزانێ چۆن سوود لە هەلی ئاوا وەربگرێ، لەو ئاقڵمەندتر ئەو کەسەیە کە چۆن ڕووداو دروست دەکات! ئێستا هۆشیاریی کورد لەوەدایە بزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەوشە دژوارەدا بکات.

لە مێژە گوتراوە (السياسه لعبه الكبار!) نازانم تا چەند سەرکردایەتی کورد بەم ڕێسایە ئاشنایە و لەم موعادەلە تێدەگات کە هەر کاتێک شەڕ لە پێشەوە هەڵگیرسا، پێویستە تۆ سەنگەری ناوخۆ و دواوەت کۆنترۆڵ و بەهێز بکەیت! ئاگاداری سەنگەرەکانی دواوە ئەوپەڕی پێکانە لە هونەری سیاسەتدا! ئێستا باس لە تەقسیمی موقەسسەم و تەجزیئەی موجەززەئ دەکرێ، واتە لە جیاتی سێ هەرێم یان سێ ویلایەت یان سێ دەوڵەتی بچووک باس لە شەش و هەشت و نۆ هەرێم/ ویلایەت/ دەوڵەتی بچووک دەکرێ لەناو یەک هەرێمدا! ئەمە سەرەتایەکی مەترسیدار و زەنگێکی تەمومژاوییە بۆ کوردستان بەتایبەتی، بۆیە لەم ئان و کاتەدا بۆ پێشگرتن لە هەر پێشهات و ڕووداوێکی نەرێنی نەخوازراو کە بەخێرایی ئاگر بە ناو پوشوپەڵاشدا بڵاوبێتەوە و تەشەنە بکات وەک چۆن لە پڕێکدا خەبەرمان بووەوە لە دەست بەسەرداگرتنی شاری موسڵ، بەهەمان شێوە خەبەرمان بێتەوە لە پێشهات و ڕووداوی نەخوازراوی دیکە لە چەشنی شەڕێکی ئیقلیمی یان (ڕووخانی) ئەسەد لە سوریا یان مانەوەی لەسەر عەرشی سورییایەکی کاول بوو بە نەخشەیەکی نوێ ئینجا بۆ تۆڵەسەندنەوە لە عێراق و (دەوروبەر) بەنزین بە وەتەری هەستیاری نەتەوە و ئایدیۆلۆژیا و مەزهەب و ئاگری تائیفەگەریدا بکات! بۆ پێشگرتن لەم جۆرە پێشهات و ڕووداوانە پێویستە ماڵی پەرتەوازەی کورد ڕێک بخرێتەوە و ڕیزەکانی ناوخۆ پتەوتر بکرێ و نەفرەت لە دووبەرەکی و فەرهەنگی فیفتی فیفتی و دوو زۆنی حیزبەکان بکرێ. گەرچی ئەمە تاحەددێک ئەستەمە، چونکە عامیلی مێژوو تەحەکوم بە دۆخی دژواری لێکترازاوی ماڵی کورد دەکات.

یەکەم کۆنگرەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بە نموونە کە یەکێک لە فاکتەر و هۆکارەکانی تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی کۆنگرەکە دووبەرەکی و لە یەک تێنەگەیشتن و بوغز و حیقدی نێوان پێکهاتەکانی کورد بوو. بەداخەوە هەتا لەناو یەک گرووپ و کۆمەڵیشدا ئەو ناتەبایی و دووبەرەکی و بوغز و کینە هەستی پێدەکرێ کە چەند بە توندی ڕەگی بە ناخەکاندا کوتاوە.

وەرەخوار بۆ ناو خانەوادە و یەک بنەماڵە، دەبینی کەس ئامادە نییە قوربانی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبینی ناکۆکی و دووبەرەکیی لە لوتکەدایە.

نموونەی ناکۆکی و کێبڕکێ و شەڕ لەسەر پارە و پۆست لەناو مێژووی کۆن و نوێی میللەتەکەماندا باوە: چارەنووسی میرنشینی سۆران و ئامێدی و میری بابان عەبدولڕەحمان پاشا و ڕێککەوتنی مامی مەحمود پاشا! هەروەها سەرۆکی عەشیرەتی شوانکار (زولفەقارخان) کە بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی توانی دەست بەسەر بەغدای ئەوسادا دابگرێ، بە پارە و چەند بەڵێنێکی درۆ هەردوو برای لە بری پاداشت وەرگرتن لەسەر خیانەتەکەیان بە کوشتنی زولفەقار لەلایەن شای ئێرانەوە لە سێدارە دەدرێن! ئەمڕۆ خاڵی بەهێزی سەرکەوتن و ڕزگاربوونی گەلەکەمان لە یەکبوون و یەکڕیزیدایە، بۆیە دەبێ لەم خاڵە ئاگادار بین، چونکە دوژمنان هەمیشە لەم کونەوە زەفەریان بە کورد بردووە و چەندین جار لەم کەلێنەوە مارانگەست کراوین! هەرچەندە ئەستەمە ئەم برینە قووڵە وا بە ئاسانی سارێژ بکرێ بە بڕوای من، بۆیە دەبێ دروشمی نا بۆ تائیفیەت و مەزهەبیەت و کەهەنوتیەت و قۆرخکردنی بازاڕو سیاسەت و ئابووریی وڵات لە گشت دامودەزگا و میدیاکان بەرز بکرێتەوە و ڕێکلامی بۆ بکرێ، چونکە یەکگرتن و یەکڕیزیی میللەت بە وەلانانی ناکۆکی و دژایەتیکردنی دووبەرەکی و تووڕدانی بیری تائیفی و هۆشیارکردنەوەی میللەت لەم "ناقوسە خەتەرە" کە ماڵی شیعە و سوننەی وێران و کاول کردووە، بۆ ئێمەی کورد لە هەموو کات و ساتێکدا فەرزولعەین بووە بەهۆی ماڵە "عەنکەبوت"یەکەی کورد! لێرەدا پێشنیازێک دەخەمە بەردەم (کەناڵی ڕووداو) بۆ بە کوردی کردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە گرینگەی (بی بی سی عەرەبی) لەسەر ڕەوشی دژواری چەند کەناڵێکی سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەب کە چۆن ئاگر بە بەنزیندا دەکەن و بوغز و کینە و تەعەسوب و شەڕی مەزهەبیەت و تائیفیەت دژ بە یەک ڕادەگەیەنن. ئەمە لینکی ڕاپۆرتی بێژەری بە توانا و ئیعلامیی سەرکەوتوو (نورەدین زورگی)یە لە تەلەفزیۆنی بی بی سی بەشی عەرەبی، بزانن بە چ ماندووبوون و دەردەسەری و موخاتەرە و موجازەفەیەک ڕاپۆرتەکەی ئامادە کردووە:

http://www.youtube.com/watch?v=O6CMjV1aXtA

http://www.bbc.co.uk/arabic/middleeast/2014/03/140315_encitement_on_air.shtml

هیوادارم کەناڵی ڕووداو ئەم ئەرکە گرینگە لە ئەستۆ بگرێ و ڕاپۆرتەکە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، چونکە گومانم نییە سوودی زۆری دەبێ بۆ نێوەندی ڕۆشنبیری و سەکۆی مینبەرەکان و جڤاکی کوردی بەگشتی.

چاکسازی لە فیکری ئایینی وەک ئۆکسجین وایە بۆ موسڵمانان. بناغە و بەردی ئەساس بۆ دەربازبوون و ڕزگاربوون لەو شەڕ و قەیرانانەی کە عەرەب بە گشتی و کورد بەتایبەتی تێیکەوتووە بە درێژایی چەند سەدەیەک، تەنیا ئیسلاحکردنە لە فیکری ئایینی.

فەرموون سەرنج بدەنە سوننە و شیعە لەسەرچی یەکتر دەکوژن؟ چۆن هەردوولا مینبەرەکانیان بۆ تەعبیئەکردنی جەماوەر و گڕدانی شەقام دژ بە یەک بەکاردەهێنن؟ ئاقڵمەندانی هەردوولا گەر فریای ئەم ڕەوشە خەتەرناکە نەکەون و پێش بەم مەرگەسات و تراژیدیایەی کە بەڕێوەیە نەگرن، هاوار بە ماڵیان، بە ماڵی ئەوانەش کە ئاوازی "ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە" لێدەدەن.

دەبینین چۆن مەلاو زاناکانی هەردوولا لەسەر مینبەر و کەناڵەکانیانەوە فەتوا دەردەکەن و تەعبیئەی جەماوەر دەکەن دژ بە یەک، تەنانەت هەڕەشەی بە هەدەردانی خوێنی هاووڵاتیانی کوردی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەشمان بینی! لە بەریتانیا زانایەکی شیعە لە کەناڵی (فەدەک)ەوە لەم سات و کاتە ناسک و دژوارەدا، لەناوجەرگەی شەڕی مان و نەمانی شیعە و سوننەدا، هێرش دەکاتە سەر خاتوو عائیشەی دایکی ئیمانداران، دەڵێ: ئەمانە کوڕی ئەو دایکە "خوێنڕێژەن" کە لە شەڕی (جەمەل)دا دژ بە ئیمام عەلی جەنگا، دواتر (بەیتولمالی) ویلایەتی بەسرە بە تالان دەبات وەک ئەمڕۆ کوڕەکانی لە بانکی مەرکەزیی موسڵ، گوایە نیو ملیاریان دەرکردووە! ئەو شێخە دەڵێ: عائیشە یەکەم ئافرەتی تیرۆریستە لە ئیسلامدا.

بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئەوەی دەیەوێ مێژووی ڕەشی عائیشە بخوێنێتەوە با بگەڕێتەوە بۆ پەرتووکەکەم "الفاحشه" فەسڵی چوارەم لەژێر ناونیشانی عائیشە (أول امرأة ارهابية في الاسلام)، کوڕەکانیشی ئەمڕۆ لەدایکیان دەچن، تیرۆریست و دزو حەرامین! دواتر خۆم بە چاوی خۆم لە یوتیوب بینیم چۆن لە کاتی کوشتنی سەربازێکی عێراقیی شیعە مەزهەب، داعشێک دوای بەتاڵکردنی فیشەکەکانی گوتی: ئەمە سزای ئەو کەسانەیە کە جوێن بە دایکی ئیمانداران عائیشە دەدەن! ئەمەیە بەرهەمی ژاوەژاوی تائیفی و جوێندان بە کەسایەتییە مێژووییەکان لەسەر مینبەر و کەناڵە تائیفیەکان! کاریگەری فەتوای مینبەرەکان و هێرشی کەناڵەکان بۆ سەر یەک و هاواری هەردوولا چ کاردانەوەیەکی ترسناکی بەدوادا دێ! دەبێ ئاقڵمەندانی هەردوولا بە پەلە دەست لەناو دەست، نەفرەت لەو شەڕە بێئاکامە بکەن و بزانن کامەیان براوەیە و کێ سوودمەندی یەکەمە لەو شەڕە. ئێستا ئێمە لە بەردەم دوو هەڵبژاردنداین: یان شەڕکردن و مردنێکی سەربەرزانە لە پێناو زیندوڕاگرتنی حەق و ڕاستی.

یان ژینێکی زەلیلانە و دەستەوسان، بێتوانا، ڕازی بەم واقیعە تاڵە، عاجز لەوەی بتوانێت ئایدیۆلۆژیا و مەزهەبیەت و تائیفیەت و نەتەوەپەرستی و دووبەرەکی و ململانێ و فەتوای فەوزەوی بە کوشتن و حەڵاڵکردنی خوێنی یەکتر تووڕ بدات. دەبێ هەردوولا (شیعە و سوننە) بۆ سەر یەک هێڵ کاربکەن کە هێڵی هاووڵاتیبوون و ئینسانییەتە، بۆ ئەم پەیمان و ئاوازە گەردوونییە بگەڕێنەوە. ململانێ و ناکۆکیی نێوانیان وەلانێن بە تووڕهەڵدانی فیکری (سوننە و شیعە) دوو ناوی سەرەخۆر بە درێژایی مێژوو. هەردوولا دەست بە یەک سەرچاوەی ئیلاهییەوە بگرن کە بە (سماكم المسلمين) ناوی بردوون.

دەرچوون لەو (مەسارە)، کارەسات و مەرگەساتە بۆ هەردوولا، باجەکەشی شەڕێکە تا قیامەت دەکشێ کە تێیدا تەڕو وشک دەبێتە قوربانیی مەزهەب و فیکری کەهەنووت و کینەی تائیفی و جەهلی هەردوولا.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# یەکێتی و قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی

ماوەیەکە پەیتا پەیتا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (حیزبی سێیەمی سەر گۆڕەپانی سیاسی) بەیاننامە لەسەر بەیاننامە دەردەکات. مەکتەب سیاسی و ئەندامەکان، هەر یەکە و لە لای خۆیەوە، یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یانیش لە شێوەی بەیاننامەی ڕەسمی، بیروبۆچوونی خۆیان دەردەبڕن. هەر وەک ئازاد جوندیانی ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبەش هێناویەتە سەر زمان، باڵێک لە ناو یەکێتیدا هەیە کە خەریکە هەم یەکێتی و هەم ماڵی کورد بەرەو هەڵدێر دەبات. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە یەکێتی تووشی گومڕایی سیاسی بووە و هی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە. لەو ڕۆژەوەی کە لە وڵاتی بەناو عێراقدا، پۆستی سەرۆککۆمار بۆ ڕاگرتنی بەڵانسی سیاسیی ناوخۆی کوردستان بەر یەکێتی کەوت، باڵە شیعە مەزهەبەکەی ناو یەکێتی گوتارێکی عێراقچییانەی ئەوتۆی گرتەبەر کە پێچەوانەی هەموو دروشم و بانگەوازەکانی مێژووی حیزبەکەیان بوو. خودی سەرۆککۆمار لە پەرەپێدانی ئەو تێزەدا و، بۆ مانەوەی لەسەر کورسیی لاوازی سەرۆککۆمار لە بەغدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو.

بەشێکی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی ئەو حیزبە سەرباری ئەو هەموو قوربانی و خەباتەی کە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا دابوویان، ناچاربوون بەرگری لە سیاسەتێک بکەن کە باوەڕیان پێی نەبوو، ئەوەش تەنیا و تەنیا لە پێناوی ئەوەدا بوو کە پۆستێکی وەکو سەرۆککۆماریان لە بەغدا بەدەستەوەیە. لە ناخی دڵیانەوە ڕەنگبێ زۆرجار تووشی موحاسەبەی ویژدان بووبن، کاتێک ناچار بوون لەبەر خاتری پۆستی سەرۆککۆماریی وڵاتی بەناو عێراق، بەرگری لە فاشلترین سەرۆک وەزیرانی دنیا (نوری مالیکی) بکەن و بە کۆرس ئەو ڕستەیە دووبارە بکەنەوە کە "بەدیلی مالیکی هەر مالیکییە".

یەکێتیی ڕابردوو لە بەرجەستەکردنی دروشمە نەتەوەییەکان، هەنگاوێک لە پێش پارتییەوە بوو، بیرمە کە بەهێزترین چەکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992ی یەکێتی لە بەرامبەر پارتی دروشمی" مافی چارەی خۆنووسین " بوو کە لە بەرامبەردا پارتی داکۆکیی لە "دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەکرد!".

کەچی ئەمڕۆ ئەو حیزبە وەک ئەوەی پێویستی بەوە هەبێ بەرگری لە خۆی بکات، دێت دەست بە قورئان دادەدات کە باوەڕی بە "مافی چارەی خۆنووسین" هەیە! ئینجا لەوە واوەتریش مەسەلەی تەواوبوون یان نەبوونی ماددەی 140 دەستووری وڵاتی بەناو عێراقە! جارێ پرسیاری جەوهەری بۆ هەموو سیاسییەک دەبێ ئەوە بێت کە ئایا وڵاتێک بەناو عێراق ماوە تا دەستوورەکەی مابێت؟ ئینجا بێت لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارە تێز و بۆچوون دەرببڕێت. سێجار لەسەر یەک بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیم لەسەر ماددەی 140ی دەستووری وڵاتی بەناو عێراق خوێندەوە، ئەوەی لێی تێگەیشتم ئەوە بوو کە لای ئەوان هێشتا وڵاتی بەناو عێراق و دەستوورەکەی ماوە، کەواتە ماددەی 140یش هەر ماوە! چونکە لە کۆتایی بەیاننامەکەیاندا داوای پۆستی سەرۆککۆماری بۆ کورد دەکەنەوە و بەوەش نەوەستاون بە ئیستیحقاقی یەکێتیی نیشتمانی دەزانن. من لەو سیاسەتە تێناگەم کە حیزبێک چۆن دەتوانێ ئاوا بیر بکاتەوە؟ ئەمڕۆ تاکە فاکتەرێک کە بتوانێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سیاسەتی ناوخۆیی کوردستاندا بکاتەوە بە هێزی دووەم، یانیش هێزێک کە شان لە شانی پارتی بدات، گەڕانەوەی کەرکوکە بۆ ناو سنوورەکانی باشووری کوردستان، چۆن دەبێ حیزبێک نەتوانێ ئەوە ببینێت؟! ئەگەر ئەو حیزبە پێیوابێت پۆستی سەرۆککۆمار (کە هیچ بایەخ و ئەهەمییەتێکی نەبووە و نییە) هێندە شتێکی گەورە بێت کە بیانبەستێتەوە بە وڵاتی بەناو عێراقەوە، ئەوا دەبێ باوەڕیشیان وابێت کە سبەی و دووسبەی هێزی سوپایی و میلیشیای شیعە (کە جارێک ڕێگەیان دا) لە کەرکووک جڵەوی دەسەڵات بگرنەوە دەست. ئەمە جگە لە گومڕایی سیاسی هیچ ناوێکی دیکەی لێناندرێت.

یەکێتی پێش هەموو شتێک پێویستی بەوە هەیە کە بۆ دروشمە مێژووییەکانی خۆی بگەڕێتەوە و لەوە تێبگات کە هەنگاوەکانی داهاتووی گەلی باشووری کوردستان، نە دەستکەوتی شەخسین و نە هی حیزبێکی دیاریکراون. ئەمڕۆ بزووتنەوەی گۆڕان لە تەبەننیکردنی مافی چارەی خۆنووسین بەقەدەر پارتی و بارزانی ڕۆڵیان هەیە، چونکە ئەوانن کە لە پەرلەمان و نوێنەرایەتیی گەلدا زەمینە و ڕێکارە یاساییەکانی ئەو هەنگاوە دەخوڵقێنن، ئەمڕۆ فەرماندە سەربازی و هێزەکانی پێشمەرگەی ناو ڕیزەکانی یەکێتین کە شانبەشانی پارتی سنوورەکانی کوردستان دەپارێزن، بۆیە هەر کەسە و بە جۆرێک دەستی لەو پرۆسەیەدا هەیە. لەوەوە پێویست دەکات کە ئەمڕۆ یەکێتی زۆر بنبڕانە کۆتایی بەو بانێک و دوو هەوایەی ناوخۆی خۆی بێنێت و خۆی ساغ بکاتەوە.



قەرەنی قادری

# کوردستان و ئیسرائیل

ڕووداوەکانی دوای موسڵ و تێکچوونی باری سیاسی و سوپایی عێراق، دوو دەستەواژەی "عێراقی لەبەریەکترازاو" و "ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان"ی کردە بابەتی لێدوانی ڕاگەیاندنەکان لە ئەمریکا و ئەورووپادا.

ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کە هەر ئێستا لەلایەن چاپەمەنی و هەواڵدەرییەکانەوە دراوەتە بەر نەشتەری لێکدانەوە، دیپلۆماسیی ناوچەیی و زلهێزەکانیشی بەخۆیەوە خەریک کردووە. بێشک ئەو کارەی ڕاگەیاندنە جیهانییەکان ڕای گشتییان سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان وروژاندووەو، دەوڵەتەکانیان ناچار کردوون کە ڕای خۆیان لەو بارەیەوە دەرببڕن، چونکە دەزانن کە ڕای گشتی لە وڵاتەکانیاندا بەشێکە لە سیاسەت. ئەمەی کە لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا ڕوویدا، لەسەر یەک لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا بووە و ئەو باسەش بەمزووانە دانامرکێتەوە. ڕاگەیاندنەکان گۆمێکیان شڵەقاند، کە کورد پێویستی پێی بوو.

تا ئێستا هەڵوێستی ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا ئەوەیە هەوڵ بدرێت کە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام هاوکاتیش ئەوە ناشارنەوە کە کێشەکانی عێراق جێی مەترسین و زۆریش دڵنیانین لە یەکگرتوویی خاکی عێراقەوە، بەڵام واوێدەچێت دەبێ ئەوەش دوایین یاریی سیاسیی ئەوان بێت سەبارەت بە چەمکی یەکگرتوویی و دەوڵەتێکی بەهێز لە عێراقدا. بەڵام ئەوەی کە زۆر جێی سەرنجی ڕای گشتیی هەرێمی کوردستان، ناوچە و جیهان بوو، بۆچوونی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسرائیل سەبارەت بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە.

هەڵوێستی بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەتی ئیسرائیل بە تایبەت سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە سەبارەت بە پشتیوانییان لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، بووەتە باسی ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تەنانەت لاپەڕەی ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا و ئەورووپاشی داگیر کردووە. ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە کاتێکدایە، کە ڕای گشتی و سیاسەتوانان باس لە هەڵوەشانەوەی عێراق و هاوکێشە نوێیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەن. ململانێی شیعە و سوننە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بووەتە چەقی یەکلاکردنەوەی کێشەکان. ئەگەر ئاڵوگۆڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەیە و، ئەگەر عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە دەڕوات و جێگۆڕکێ لە هاوکێشە و هاوپەیمانەکاندا دەکرێت، بۆچی ئەمە ئیسرائیلیش نەگرێتەوە.

ئیسرائیل مافی خۆیەتی کە پشتیوانی لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بکات، هەروەها مافی هەرێمی کوردستانیشە کە ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی ئیسرائیل بە ئەرێنی وەربگرێت و کاری بۆ بکات. کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل هیچ پەیوەندییەکی بە پرسی کوردەوە نییە و کوردیش دەمڕاستی فەلەستینییەکان نییە، تا لە ڕوانگەی "بەرژەوەندی"ی فەلەستینەوە سەیری ئیسرائیل و مافەکانی خۆی بکات. هەرێمی کوردستان دەتوانێت هەر وا پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ فەلەستیندا هەبێت، بەڵام نوێنەری بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت. بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان لە سەرووی بەرژەوەندیی فەلەستینەوەیە، چونکە زانستی سیاسەت و مێژوومان ئەمە دەخوازێت. فەلەستینیش مافی خۆیەتی کە دەوڵەتی خۆی هەبێت، بەڵام هەرێمی کوردستان دەبێ زۆر سەربەستانە، ئازایانە و وشیارانە هاوکێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵبژێرێت و بچێتە ناو یارییەکەوە. ئیسرائیلییەکان پێیانوایە کە کورد دەتوانێت "هاوپەیمان"ی ئیسرائیل بێت لە ناوچەکەدا.

ئەو بۆچوونەی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕێک پێچەوانەی ئەمریکایە، کە تێدەکۆشێت و داوا لە هەرێمی کوردستان دەکات یەکگرتوویی خاکی عێراق بپارێزێت. کارکردن لەو بوارەدا، بە ڕێگەی لۆبی ئیسرائیلییەکانەوە لە ئەمریکا کە زۆریش دەستڕۆیشتوون، یەکێکە لەو میکانیزمانە تا بتوانن بۆ بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان گوشار بخەنە سەر سیاسەتوانانی کۆشکی سپی. کاتێک هەرێمی کوردستان ڕوو لە ریفراندۆم دەکات بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و بەدوای ئەو هاوکیشانەدا دەگەڕێت کە لاگیری لێ بکەن، جێی خۆیەتی کە ئیسرائیلیش یەکێک بێت لەوان. پێویستە هەرێمی کوردستان یارییە دیپلۆماسییەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمێک بەرفراوانتر بکاتەوە و، ئەو هاوپەیمانە بدۆزێتەوە کە لەو قۆناغە مێژووییەدا بەرژەوەندیی وێکچوویان هەیە.

ئەوەی کە هەر ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنێک لاگیری لە بڕیاری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی دەکات، تورکیا، ئوردن و ئیسرائیلن. گومان لەوەشدا نییە کە دەوڵەتەکانی کەنداو بە مەزهەب سوننەن، لەگەڵ ئەوەدا نین کە دەوڵەتێکی بەهێزی شیعە و بە پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا سەرکەوتوو بێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئیسرائیل و دەوڵەتە سوننەکان بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە ناوچەکەدا هەیە. ئەو ئەگەرە بەهێز لە ئارادایە کە ڕەوتی ڕووداوە ئاڵۆزەکانی عێراق بتوانێت هاوسەنگیی هێزەکان لە بەرژەوەندیی کورددا بگۆڕێت و تەنانەت ئەگەر لاگیری لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیش نەکەن، دژی نەوەستنەوە.

عەلی سیرینی

# کەمپینێکی جیهانی بۆ سەربەخۆیی

زیاتر لە دوو مانگ پێش ئێستا پێشنیازی پڕۆژەیەکم پێشکەش بە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە ئوستراڵیا، ئەویش ڕەزامەندی نیشاندا و ئامادەبوو پشتگیریی لەم هەوڵە بکات. ئەوەی من پێشنیازم کرد پەیوەستە بە کەمپینێکی پڕوپاگەندەی ئیجابیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لە لایەن کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهان. بۆ نموونە ئەکتەرەکانی هۆڵیوود، وەرزشوانان، گۆرانیبێژان، سیاسەتمەداران و ئەکادیمستان، نووسەر و هونەرمەندان. لەم پێناوەدا، دەکرێ ژوورێکی عەمەلیات دروست بکرێت لە کوردستان و وڵاتانی دەرەوە. لێرەدا لە هەر وڵاتێک دەکرێ پەیوەندی بە دەزگا زلەکانی میدیاوە بکرێت و چەند پسپۆڕێک بۆ ماوەیەکی کەم بە کرێ بگیرێن بۆ گەڕدانی ئەم کەمپینە.

لە ڕێگای دەزگای میدیا (بۆ نموونە کەناڵی تەلەفزیۆنی) دەکرێ پەیوەندی بە زۆر لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانەوە بکرێت، بۆ ئیمزا کۆکردنەوەیان و هەروەها بۆ گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە پاڵپشتی سەربەخۆیی کوردستان بکات. ئینجا لە هەر وڵاتێک دەکرێ یەکێک لە کەناڵە گەورەکانی ئەو وڵاتە دەستنیشان بکرێت و گرێبەست لەگەڵ مۆر بکرێت. ئەم پڕۆژەیە کە بە چەند هەفتەیەک بە ئەنجام دەگات، نزیکەی چەند ملیۆن دۆلارێکی تێدەچێت.

بەڵام گرنگییەکەی لەوە دەبێت، کە کاریگەریی زۆر دەکاتە سەر ڕای گشتیی وڵاتانی پێشکەوتوو و مەڵبەندەکانی بڕیاری سیاسیی لە ئەمریکا و ئەورووپا. کورد دەتوانێت بۆ پڕۆژەیەکی ئاوا کار بکات، بە مەرجێک لێژنەیەک هەبێت بۆ چاودێریکردنی پڕۆسەکە بە شێوازێکی پاک و شەفافانە، کە ماوە نەدات بە هەندێک کەس لە پشتییەوە گەندەڵیی بکەن. ئەم پڕۆژەش لە زۆر لاوە گرنگە. یەکەم: نیشاندانی ئاستی بەرزی کوردە، لە هۆشیاری بەرامبەر بە بەها جیهانییەکان و شێوازەکانی خەباتی سەردەمیانە بە پێوەرە جیهانییەکان. دووەم: ڕای گشتی جیهانی پێشکەوتوو ئامادە دەکات بۆ هەنگاوێکی ئاوا. سێیەم: کاریگەری دەخاتە سەر ئەو مەڵبەندە سیاسییانەی کە دوو دڵن بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان، یان لەگەڵ سەربەخۆیی گەلی کورد نین.

ساڵی 2011 ئەنەس تکریتی هاتە ئوستراڵیا. کلاسێکی یەک ڕۆژی لەسەر میدیا و ڕای گشتی پێشکەشکرد. لەم کلاسەدا، باسی هەوڵی خۆی کرد بۆ دروستکردنی خۆپیشاندانە ملیۆنییەکەی لەندەن لە ساڵی 2003، هەروەها پێشینە و کاریگەرییەکانی لە ئاستی میدیا و سیاسەت و ڕای گشتیی. یەکێک لەو شتانەی لەم کلاسە باسیکرد، ئەوە بوو کە میدیا بە ئایدیۆلۆژیا بەڕێوەی نابردرێت، بەڵکو هێزی پارە و کاریگەرییەکانی ئامادەبوونی سیاسیی و فەرهەنگیی ئەو کەسانەی کە بە هێزەوە دێنە مەیدان بەڕێوەی دەبات.

ئەو بیرۆکەی کە لای ئێمە هەیە (بەتایبەتی مسوڵمانان)، کە ئیتر میدیا بە سیاسەتکراوەو هەمیشە دژی ئێمەیە، زیاتر بەرهەمی عەقڵێکی تەمبەڵە، کە هەڵقوڵاوی لە خۆبوردنە، لە هەر هیوایەک و هەنگاوێک بەرەو پێکانی ئامانج.

پرۆسەی بە جیهانیکردنی سەربەخۆیی کوردستان زەمینەیەکی دەوڵەمەندی هەیە، کە تێیدا سەرژمێری کورد و دابەشبوونیی زاڵمانەی کوردستان و چەندین کارەساتی وەکو هەڵەبجەو ئەنفال و خەباتی نەپساوەی ئەم گەلە بۆ ئازادی دەکرێ لەم کەمپینەدا تەوزیف بکرێت.

بێگومان زۆر لەم کەسایەتییە جیهانیانەی ئەو کێڵگانەی ئاماژەمان پێیاندا، ئامادەی کارێکی ئاوا خێرخوازانەو مرۆڤانە دەبن، ئەگەر کورد بتوانێت پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەگەڵ مەڵبەندێکی میدیایی هەر وڵاتێک دروست بکات، بۆ گەڕدانی ئەم کەمپینە. بێگومان لەم پێناوەشدا پێویستە پارە خەرج بکرێت، ژوورێکی عەمەلیاتی چالاک و زیرەک، بێوچان کاری بۆ بکات. ئینجا مەڵبەندی سەرەکی ئەم ژوورە لە کوردستان سەرپەرشتی بکرێت، لە هەر وڵاتێکیش لە ئەورووپا و ئەمریکا چەندین ژوور هەبن کە لە لایەن کەسانی چالاک و زیرەک و کارامە بەڕێوەبچن، بۆ دروستکردنی پەیوەندی بە دەزگاکانی میدیا کە ئامادەن بۆ ئەم کارە، هەروەها ئەوان کەسایەتیانەی دەیانەوێ لەم کەمپینەدا بەشدار بن، کە پڕوپاگەندەی ئیجابیانەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان گوێ بەم پڕۆژەیە دەدات؟



مەجید نیزامەدین گلی

# ئەمریکا دەگەڕێتەوە

ڕاستە زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک قبوڵی شەڕێکی دیکەی ئەمریکا ناکەن لە عێراق. باراک ئۆباما بە ڕوونی ڕایگەیاند کە ئەو "سەرباز نانێرێتەوە بۆ عێراق"، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئەمریکا ناچار نابێت ئۆپەراسیۆنی سەربازی فراوان لە دژی چەکدارانی داعش ئەنجام بدات. ئەگەری شەڕێکی دیکەی ئەمریکا لە عێراق زۆرە نەک هەر لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وا دەخوازێت، بەڵکو ئەمریکا تووشی شەڕەکە دەبێت لە عێراق. زۆرجار لە شرۆڤەی سیاسیدا گرنگی واقیعی سەربازی لەبیر دەکرێت و باسی ئەوە ناکرێت کە کاتێک کە چەکدارانی سوننە دەست دەکەن بە تەقاندنەوەی بیرە نەوتەکان و ڕێگە لە ڕۆیشتنی نەوتی عێراق دەگرن، ئۆباما ناچار دەبێت ڕێگە بە سەربازەکانی ئەمریکا بدات، کە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا دەربچن ڕێگە لەوە بگرن کە نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان بگاتە 150 دۆلار. یاخود کاتێک چەکدارانی داعش لە مەزارگەی عەسکەری شیعە لە شاری سامەرا نزیک دەبنەوە و خەریکن وەکو ساڵی 2006 بیتەقێننەوە و شەڕێکی تایفی سەرتاسەری هەڵبگیرسێنن، ئەوکات ئەمریکا ناچار دەبێت ڕێگە بگرێت لە دروستبوونی ئاژاوەی سەرتاسەری لە عێراق. ئەمریکاش وەکو وڵاتێکی زلهێز کە شەڕێکی دەست پێکرد، ناتوانێ لە پڕێکدا بکشێتەوە و وەکو دۆڕاو دەربکەوێ. دوای ئەوەی ئەمریکا 800 سەرباز و چەند ئەپاچییەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆ عێراق نارد، ئیدی نابێ تەنیا تەماشای دەمی ئۆباما و وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێ ئەمریکا بە تەمایە چی بکات لە عێراق. زۆرجار واقیعی سەربازی ئەمریکای ناچار کردووە کە شەڕ بکات سەرەڕای ئەوەی کە لە سەرەتاوە ئەمریکا نیەتی شەڕ نەبووە.

ئەمریکا لە پاکستان بە چەند هێرشێکی ئاسمانی تاکوتەرا دەستی پێکرد و ئیدارەی ئۆباما دەیگوت ئێمە تەنیا هێرشی سنووردار دەکەین لە پاکستان. بەڵام تاوەکو ئێستا وەزارەتی بەرگری ئەمریکی زیاتر لە 372 چالاکی سەربازی لە پاکستان ئەنجامداوە. ئەمە شەڕێکی ڕانەگەیەنراوی ئەمریکایە لە پاکستان. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری فۆرن پۆلسی ئەمریکی، دوور نییە کە هەمان سیناریۆ لە عێراق دووبارە ببێتەوە. میکان زینکۆ دەڵێ ئیدارەی باراک ئۆباما لە دژی دەسپێکردنەوەی شەڕێکی دیکەی ئەمریکایە لە عێراق، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەمریکا لە عێراق پرۆسە سەربازی بەرفراوان ئەنجام نادات. کۆشکی سپی تەنیا دەزگا نییە لە ئەمریکا کە بەرپرسیارێتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی لە ئەستۆدایە. بەرپرسە باڵاکانی وەزارەتی بەرگری و زیاتر لە 18 دەزگای هەواڵگری ئەمریکیش دەتوانن بچنە لای ئۆباما و پێی بڵێن ئەگەر لە داعش نەدەیت، ئەوا سەقامگیری ئەمریکا دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری ئەمریکی ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئەوان بەهۆی تەکنەلۆژیای فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە شەڕیان لە وڵاتانی وەکو یەمەن و پاکستان دەست پێکردووە، بێ ئەوەی پێویستیان بەوە بێت کە شەڕەکە بە فەرمی ڕابگەیەنن و ئۆباما تووشی ڕەخنەی زۆری ڕای گشتی ئەمریکی بکەن.

پێش 50 ساڵ سەرۆکی ئەمریکی جۆن کێنێدی ڕایگەیاند کە ئەمریکا بەبێ چارەسەری سیاسی یارمەتی حکومەتی باشووری ڤێتنام نادات لەدژی چەکدارە شیوعییەکان و تەنیا "ڕاوێژکاری سەربازی" بۆ ڤێتنام دەنێرێت. پاش ماوەیەکی کەم لەو وتارەی کێنێدی، ئەمریکا ناچار شەڕی لە ڤێتنام فراوانتر کرد و لە ماوەی 12 ساڵ لە دوای ئەو وتارەی کێنێدی نزیکەی نیو ملیۆن سەربازی ئەمریکی نێردران بۆ ڤێتنام کە زیاتر لە 58 هەزاریان کوژران. لەکاتێکدا ئەمریکا سەرەت نییەتی ئەوەی نەبوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو شەڕە لە دژی شیوعییەکان بکات.

وتاری سیاسی پێش شەڕی ڤێتنام و وتەکانی ئەمدواییەی ئۆباما دەربارەی عێراق زۆر لە یەکدی دەچن بەتایبەتی لە بابەتی ناردنی ڕاوێژکاری سەربازی بۆ عێراق. پێش نیو سەدە لە ڤێتنام و پێش کەمتر لە 10 ساڵ لە پاکستان و یەمەن بەهۆی زەرورەتی سەربازی ئەمریکا شەڕی دەست پێکرد، بەبێ ئەوەی ئەمریکا لە سەرەتاوە نیەتی ئەوەی هەبێ کەوا بە قوڵی بچێتە ناو شەڕەکانەوە. هەرچەندە بارودۆخەکە لە عێراق زۆر جیاوازە لە ڤێتنام و یەمەن و پاکستان و ڕای گشتی ئەمریکی لە دژی ناردنی هێزی زیاترن بۆ عێراق، بەڵام ئەمریکا بەردەوامە لە ناردنی سەرباز، کە ئیدارەی ئەمریکی ناویان لێدەنێت "ڕاوێژکاری سەربازی" و هەروەها ئێستا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکا دەستیان کردووە بە چاودێری کردنی هەندێ ناوچەی عێراق.

ئەگەر چەکدارانی سوننە لە بەغدا نزیکبوونەوە و هەڕەشەی شەڕی تایفی لە سەرتاسەری عێراق بووە ڕاستی (کە ئەمە ئەگەرێکی بەهێزە)، ئەوکات زۆر زەحمەت دەبێ بۆ ئەمریکا داوای حکومەتی عێراق ڕەتبکاتەوە کە بە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و سەربازەکانی لە چەکدارانی سوننە بدەن. ئەو کات ئەمریکا دەبێتە لایەنێک لە شەڕەکە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە پێچەوانەی سیاسەت و هیوا و ئاواتی ئیدارەی ئۆبامایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمریکا دەگەڕێتەوە عێراق.

***مەجید نیزامەدین گلی، شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی تۆڕی میدیای ڕووداوە و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی The City University of New Yorkی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.**



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# دوایین سەرۆککۆماری کورد

پاش نەخۆشکەوتنی جەلال تاڵەبانی و بەدوایدا ئاڵۆزتربوونی ڕەوشی عێراق، زۆرکەس دەیانگوت "تاڵەبانی دوایین سەرۆککۆماری دەوڵەتێکە کە ناوی عێراق بێت". ئەو دانوستاندنانەی لەمڕۆژانەدا لەپشتی پەردەوە دەکرێن، دەریدەخەن کە دەکرێ هێشتا قۆناخێکی دیکە لە عێراقدا مابێت کە "دوایین کورد" تێیدا سەرۆکایەتیی کۆمار بکات. تاوەکو کاتی نووسینی ئەم وتارە دیارنییە بازەکە لەسەرشانی کام کورد دەنیشێتەوە، بەڵام دیارە کە چاوی بڕیوەتە یەکێک لە سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لەپاش دوورکەوتنەوەی مام جەلال لە شانۆی سیاسیی عێراق و کوردستان، سیاسەتی حیزبەکەی لێڵیی زۆرتر لە سەردەمی ئەوی پێوەدیارە. ساڵێک پێش ئێستا ئەو لێڵییە نێوی لێنرابوو "فرەلێدوانی"، بەڵام ئەمڕۆ بۆ یەکدەنگی بەرامبەر ویلایەتێکی نوێی مالیکی "دووهەڵوێستی" لەنێو یەکێتیدا بەزەقی هەستپێدەکرێت. ڕەنگە ئەگەر مام جەلالیش لێرەبووایە ئەو دووهەڵوێستییە هەر هەستی پێکرابووایە، بەڵام دەنگەکان وا بەزوڵاڵی بەرامبەر یەکدی بەرزنەدەبوونەوە.

یەکێتی لەلایەکەوە هاودەنگە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مالیکی بە گرێکوێرەی کێشەکانی عێراق دەزانێت، کەچی لەلایەکی دیکەوە سەرکردەی باڵای هەمان یەکێتی دەچێتە لای مالیکی و وێنەی یادگاریی لەگەڵدا دەگرێت. ئەوە ڕاستە کە سیاسەت بە دەمارگیری ناکرێت. زۆریش نائاسایی نییە ئەگەر سەرکردەی دیکەی کوردستانیش بچنە لای مالیکی. بەڵام ئەمە ئەوکاتە نائاساییە کە زانیاری هەبن لەسەر کێبڕکێی نێوان سەرکردەکانی یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار و سەردانەکان لەو چوارچێوەیەدابن. ئەمە بۆیە نائاساییە چونکە ئەگەر بڕیاربێت سەرۆککۆمار کورد بێت، دەبێ کەسێک بێت شەقامی کوردستان لەسەری یەکدەنگ بێت و ڕەوانەی بەغدای بکات، نەک مالیکی و هاوپەیمانەکانی بارەکەڵڵای بۆ بکەن. بێگومان هەر ئەو کەسەش دەچێتە بەغدا کە لە هەولێر ڕێگە بدرێت بازەکە لەسەرشانی بنیشێتەوە.

هەرچەندە ڕای گشتی لە کوردستان مەستە بە وەدیهاتنی خەونی لەمێژینەی سەربەخۆیی، بەڵام وەک گوتم پێناچێت ئەو خەونە بەو خێراییەی چاوەڕوانی دەکەین وەدیبێت. ئەوەش وادەکات بیرمان لەلای ئەوەبێت کە کێ بۆ دوایین خول بنێرینەوە بەغدا و لەوێ نوێنەرایەتیی بەژەوەندییەکانی کوردستان بکات.

بە بڕوای من گرنگە سەرۆککۆمار کوردێکی تەکنۆکراتی خاوەن پێشینەی حوکمڕانی بێت. گرنگە زمانە زیندووەکانی جیهان و عەرەبی بە پاراوی بزانێت. پێویستە پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش ئەزموونی باشی تەباییوستییان لەگەڵ ئەو کەسە هەبێت. کەسێک کە پابەندی یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان بێت و بشتوانێت لە بەغدا و لە جیهاندا باڵیۆزی گەلەکەی بێت.

ڕەنگە لەنێو یەکێتیدا ئەوەی زۆرتر لە هەمووان بتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێت بەرهەم ساڵح بێت. ئەو ئەزموونی حوکمڕانیی لە بەغدا و لە هەولێریش هەیە. دەتوانێ بەو ئەزموون و پەیوەندییانەی لە دەرەوەش هەیبووە لۆبیکارێکی باشی دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکەی کوردستان بێت. دیمەنێکی ئایرۆنیک دەبێت کە کاتێک کوردستان لە عێراق جیادەبێتەوە، سەرۆککۆماری عێراق کەسێک بێت کە باش بزانێت لەلای ڕۆژئاواییەکان و وڵاتانی دیکەی جیهان، چۆن داکۆکی لەو جیابوونەوەیە دەکات.

هێندەی گوێم لێبووە و قسەم لەگەڵ سەرکردەی پارتە سیاسییەکانی کوردستان کردووە، کەسیان دژی ئەوەنین بەرهەم ساڵح بڕواتە بەغدا، بەڵام لەنێو حیزبەکەی خۆیدا "دووهەڵوێستی" لەسەر ئەویش هەیە. بۆیە ئەگەر نێوبراو بیەوێت بچێتە بەغدا، پێدەچێت ناچاربێت یەکەمجار دڵی نیشانگرەکانی نێو حیزبەکەی خۆی ڕازی بکات کە ڕەنگە بیانەوێ کاتێک بازەکە ویستی لەسەرشانی بنیشێتەوە، بەریبدەنەوە. ئەمەش، هەرچەندە نامومکین نییە، بەڵام ئاسانیش نییە.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# "حەربی ئیستیقلال"ی ئەردۆغان

بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا یەکلابوونەوە. هەر یەک لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەلاحەددین دەمیرتاش و ئەکمەلەددین ئیحسانئۆغلۆ 10ی ئابی ئەمساڵ ڕووبەڕوو دەبنەوە بۆ بەدەستخستنی کلیلی کۆشکی چانکایا. ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەوانەی پێش خۆی جیا دەکاتەوە تەنیا ئەوە نییە کە بۆ یەکەمجار سەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵکو ئەگەری ئەوەش هەیە دوای 10ی ئاب تورکیایەکی جیاواز ببینین لەڕووی شێوەی حکومەڕانییەوە. بۆچوونێکی زۆر باو هەیە، کە ئەردۆغان لەگەڵ خۆی شێوە دەسەڵاتی چالاکانەی خۆی دەباتە کۆشکی کۆماری. تا ئێستا پۆستی سەرۆک کۆماری لە تورکیا دەسەڵاتەکانی سنورداربوون و بە وتەی زۆربەی شرۆڤەکاران "سەرۆک کۆماران لە کۆشکی چانکایا زیندانی بوون" بەو مانایەی کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات نەبووە. وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم نەریتە لەگەڵ ئەردۆغان بگۆڕدرێت و بگرە تەنانەت شێوازی حکومڕانیش بەرەو سەرۆکایەتی یان نیمچە سەرۆکایەتی بڕوات. ئاماژەکانی ئەم گۆڕانکارییە چین و قۆناغی داهاتوو چۆن کاریگەرییەکی لەسەر دۆزی کورد دەبێت لەو وڵاتە؟

پێش ئەوەی باس لە سیناریۆکانی دوای هەڵبژاردنەکە بکەین، با چاوێک بخشێنین بە ئەگەرەکانی دابەشبوونی دەنگەکان بە سەر هەر یەک لە 3 کاندیدەکە. بەپێی دوایین ڕاپرسییەکان چاوەڕێ دەکرێت لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا ئەردۆغان بە بەدەستهێنانی 48% بۆ 54%ی دەنگەکان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ئەکمەلەددین ئیحسانئۆغلۆ 35% بۆ 40%ی دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەر بکات و سەلاحەددین دەمیرتاشیش دەنگەکانی پارتەکەی بەرز بکاتەوە بۆ 7% بۆ 8%. ئەگەر ئەردۆغان لە خولی یەکەمدا بتوانێت (50%)+1 ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت ئەوە گومانی تێدا نییە کە "سەرۆک"کۆماری نوێی تورکیا ئەردۆغان دەبێت. ئەگەر هەڵبژاردنەکە بشمێنێتەوە بۆ خولی دووەم و لەو خولەدا هەر یەک لە ئەردۆغان و ئیحسانئۆغلۆ ڕکەبەرایەتی بکەن ئەو ئەنجامە هەر زۆر قابیل نییە بۆ گۆڕان. بەو پێیەی ئەگەر دەنگدەرانی سەلاحەددین دەمیرتاش لە نێوان ئەردۆغان و ئیحسانئۆغلو پێویست بکات یەکێکیان هەڵبژێرن، زۆرینەی دەنگیان بۆ ئەردۆغان دەڕوات. بە تایبەتی لە کاتێکدا کە لە عارفەی هەڵبژاردندا ئەردۆغان پڕۆژە یاسای چارەسەری خستە بەردەم پەرلەمان. ڕوونە کە ئەو پاکێجە وەڵامی داواکەی ئۆجەلان بوو بۆ سازکردنی زەمینەی یاسایی بۆ پرۆسەی ئاشتی.

بەم پێیە لە دوای مانگی ئاب، کۆشکی چانکایا چاوەڕوانی ئەردۆغانە و تورکیاش سکپڕە بە گۆڕانکاری زۆر گەورە. ئەردۆغان یەکەم کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ کەمپینەکەی لە شاری سامسون دەستپێکرد. ڕۆژی 2014/7/6ش چووە ئەرزروم و لەوێوە پەیامەکانی گەیاندە گەلانی تورکیا بە هاونیشتیمانیانی باکووری کوردستانیشەوە. بێگومان هەڵبژاردنی سامسون و بە دواییدا ئەرزروم ڕێکەوت نەبوو. لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا یەکەم سەردانی ئەتاتورک کە ئەوکات پێیدەگوترا موستەفا کەمال پاشا بۆ ئەنادۆڵ لە ڕێگەی سامسونەوە بوو. ئەتاتورک 19-5-1919 لە ئیستەنبوڵەوە گەشتە سامسون و لەوێ یەکەم هەنگاوی نا بەرەو هەڵگیرساندنی ئەو جەنگەی لە تورکیا بە "Harb-ı İstiklal" واتە "جەنگی ڕزگاری" ناسراوە. ئەتاتورک دواتر چووە ئەرزروم و شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان و ئەنادۆڵ. پشتگیری دانیشتووانی ئەو ناوچانەی بەدەستهێنا و حەربی ئیستیقلالی دەستپێکرد و لە ئەنجامدا تورکیای ئەمڕۆی لە ساڵی 1923 دا دامەزراند. ڕەنگە زیادەڕەوی بێت ئەگەر بڵێین ئەردۆغان بە ڕێگەی مستەفا کەمال پاشادا دەڕواتەوە، بەڵام دوور نابێت لە ڕاستییەوە ئەگەر بڵێین ئەم هەنگاوەی ئەردۆغان مانایەکی سیمبوڵیانەی هەیە و ئەو پەیامەمان دەداتێ کە لە تورکیا گۆڕانکاری گەورە ڕوودەدات، یان با بڵێین لە نزیکی یادی 100 ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، کۆماری تورکیایەکی نوێ دادەمەزرێتەوە. هەرچەندە گەنگەشە لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا ئەم تورکیا نوێیە ئازادتر و کراوەتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ 1920ەکاندا یان نا، بەڵام زۆربەی چاودێرانی سیاسی هاوڕان کە تورکیایەکی بەهێزتر دەبێت. لە دوای ئەتاتورکەوە هەتا ئەمڕۆ لە تورکیا سەرۆک کۆمارێکی بەهێز نەهاتووە کە دەنگی زۆرینەی خەڵکی لەگەڵ بێت و گۆڕانکاری ڕیشەیی بکات. گۆڕانکاری چاوەڕوانکراویش لە ئەردۆغان گۆڕینی سستمی ئیداری تورکیایە بۆ سەرۆکایەتی. ئەردۆغان ئەمە ناشارێتەوە و لە یەکەم کۆبوونەوەی جەماوەریدا لە سامسون ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە تورکیا سەرۆک و "باشقوماندان"ی خۆی هەڵدەبژێرێت. ئەم وشەیە هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەتاتورک بەکاردەهێنرا کە بە مانای فەرماندەی گشتیی دێت.

ئەردۆغان هەر لە هەڵبژاردنەکەی 30ی ئازاری ئەمساڵەوە دەستەواژەی "حەربی ئیستیقلال"ی بەکارهێنا بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ. ئەو دەیگوت ئەم هەڵبژاردنانە "شەڕی مان و نەمانن" بەو واتایەی "یا ئاکپارتی دەیباتەوە و تورکیای نوێ دادەمەزرێت یا دەدۆڕێین و تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژە تاریکەکانی ژێردەستەیی" هەموو ئەو پەیام و سەرەداوانە بە ڕوونی دەیخەنەڕوو کە تورکیا چاوەڕوانی قۆناغێکی گرنگە و لە عارفەی خاڵێکی وەرچەرخاندایە هاوچەشنی ئەوەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم. کاتێک ئەم بارودۆخەی ناو تورکیا لەگەڵ دوایین گۆڕانکارییەکانی عێراق و سووریا لێکدەدەینەوە، بە ئاشکرایی دەبینین کە دۆزی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک تەنیا لە تورکیا چووەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوە. یان جارێکی دیکە وەک ئەوەی 1920کان پارچە پارچە و بێهێز دەکرێینەوە یان ئەمجار بەهێز دەبین و هەنگاو دەنێین بەرەو پێش لە باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا و بگرە ڕۆژهەڵاتیش. هەلومەرجەکانی ئەمڕۆ بۆ کورد زۆر لەبارترن بە چاو هی 100 ساڵ لەمەوپێشدا. ئەوکات نەک هیچ کیانێکمان نەبوو، بەڵکو جوڵانەوەیەکی سیاسی کوردی ئەوتۆش نەبوو. دەبێت سیاسەتمەدارانی کورد لە هەر چوار پارچەکە و بە تایبەتیش لە باکوور کە ئێستا تورکیا لە سەروبەندی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی دایە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن و ئەو هەلە مێژووییەی لە دروستبووندایە لەدەستی نەدەن.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# دیفاکتۆ نوێیەکەی عێراق

لەوکاتەوەی ناڕەزاییەکانی سوننە لەدژی حکومەتەکەی بەغدا گۆڕاوە بۆ جەنگێکی ناوخۆی نوێ، زۆر شتیش لە عێراق گۆڕاون. لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا، شارو شارۆچکە سەرەکییەکانی ناوچە سوننەنشینەکان لەژێر کۆنترۆڵی بەغدا نەمان. حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزەکانی جوڵاند بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی لەلایەن سوپای عێراقەوە چۆڵکرابوون، ئەوەش بووە هۆی فراوانبوونی سنووری هەرێمە دیفاکتۆکەیان بە ڕووبەری 40% و دەستگرتن بەسەر نزیکەی تەواوی هەموو ناوچە دابڕاوەکان. گرووپە چەکدارە سوننەکان بەرەو باشوور پێشڕەوییان کرد بەجۆرێک بوونە هەڕەشە لەسەر بەغدا، هەروەها دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دامەزراندنی دەوڵەتێکی خەلافەتی نوێی ڕاگەیاند بەبێ گوێدانە سنووری وڵاتانی ناوچەکە. وەک بڵێی هەموو ئەمانە بەس نەبوو، شەڕوپێکدادان لەنێوان هێزەکانی مالیکی و میلیشیایەکی ناڕازی شیعە لە باشووری عێراق هەڵگیرسا.

ئەمە واقیعێکی نوێی عێراقە و وادەرناکەوێ لەماوەیەکی کورتدا گۆڕانکاری بەسەر بێت. لاوازی بێ ئەندازەی سووپای عێراق هەموو هەوڵەکانی حکومەتەکەی مالیکی لە مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات خستە بارۆدۆخێکی شڵەژاوی و ناجێگیرەوە. تەنانەت بەرلە ڕووخانی موسڵ، ماڵپەڕێک کە توانای سەربازی وڵاتانی جیهان دەخەملێنێ بەناوی (Global Firepower) لە ڕیزبەندی 68 وڵاتی جیهان توانا سەربازییەکانی عێراقی بە 58ەمین وڵات داناوە، ئەوەش لەپاش سووریایە کە بە 39یەمین وڵات لە ڕیزبەندیەکەدا هاتووە. لەکاتی ناوچە سوننەنشینەکان لە مانگی ڕابردوو، نزیکەی 25% ئەم سوپا لاوازە بووە هەڵم. گرنگ نییە مالیکی چۆن بیردەکاتەوە، بەڵام بوونی چەند فرۆکەیەکی شەڕکەر کە دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە ناتوانێ بەمزووانە ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێ. بەڕەچاوکردنی باڵانسی هێز، زەرەر و زیانەکانی مالیکی یەکسانە بە سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی کورد.

کەواتە، لە داهاتوویەکی کورت و ناوەندا چ پێشبینییەکمان بۆ عێراق هەبێت؟ شتێکی دیکە ئەوەیە، وادەردەکەوێت کە هێزە سوننەکان نەیانەوێ بەمزووانە شەڕی پێشمەرگە لە ئاستێکی بەرفراواندا بکەن. کێشە و ناڕەزایی عەرەبە سوننەکان لە دژی گروپە سیاسییە شیعەکان و حکومەتی بەغدایە. بەبێ سازشی گەورە لەلایەن بەغداوە لەسەر کێشە گەورەکانی لەگەڵ کوردستان، وادەرناکەوێ کورد بەشداری شەڕ لە دژی (داعش) بکەن. لەلایەکی دیکەوە بەغدا ئەو دەسەڵاتەی نییە کورد لە کەرکووک و ناوچەدابڕاوەکاندا بەهێز دەربکات، بەتایبەت کاتێک لە هەوڵی بەهێزکردنی بەغدان لە دژی هەر هێرشێکی داعش و هێزەکانی دیکەی سوننە.

ڕەنگە کورد ئەو ریفراندۆمە بکات، کە ماوەیەکی دورودرێژە بەڵێنیان داوە لەسەر پێگەی ناوچەدابڕاوەکان بیکەن، ئەوان دەڵێن ریفراندۆم مافی شەرعی خۆیانە پاش ئەوەی حکومەتەکەی مالیکی بەڵێنەکانی لەو بارەیەوە جێبەجێنەکردووە. لەکاتی پرۆسەکەدا، ڕەنگە تورکمان و عەرەبی ناوچەدابڕاوەکان دڵنیابکرێنەوە ئەگەر دەنگ بدەن لە دژی چوونە سەر کوردستان، ئەوا هێزی پێشمەرگە ناوچەکانیان بۆ سووپای عێراق و داعش جێدەهێڵێ. بەڕەچاوکردنی هەڵوێستی زۆرینەی سوننەکان لەبەرامبەر مالیکی و ژمارەی ئەو ئاوارە عەرەبانەی لە موسڵەوە هەڵهاتوون بۆ ناوچەکانی کوردستان لە مانگی ڕابردوودا، لەبڕوایەدام ئەگەر و ئەنجامی ریفراندۆمێکی پاک و بێگەرد ڕوونە بۆ هەموو کەس بەتایبەت بەڕەچاوکردنی پێگە و قورسایی کورد لەو ناوچانە. لەلایەکی دیکەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی داوای ئامادەکاری بۆ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد. هەموو کەس دەزانێ ئەنجامی ئەم یفراندۆمەش لە باشووری کوردستان چۆن دەبێت. لەڕاستیدا تا ئێستا کەسێکم نەناسیوە لە کوردستان سەربەخۆیی بەلاوە پەسەند نەبێت. پاش ریفراندۆمێکی لەو جۆرە سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئۆتۆماتیکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ڕاناگەیەنن. ئەوان سەلماندویانە کە زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە دەکەن، ڕەنگە چاوەڕوانبن تا پاش هەڵبژاردنەکانی 2015ی تورکیا لەپێناو پەیداکردنی پشتگیری تەواوی ئەنقەرە بۆ بڕیارێکی لەو جۆرە.

لە هەمانکاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ جێکردنەوەی پێی لەسەر سەربەخۆبوونی هەناردەکردنی نەوت و غاز کە ڕەنگە بەردەوام بێت و زیاتریش گەشە بکات. حاڵی حازر پاپۆڕێک نەوتی خاویان بە ئیسرائیل فرۆشتووە زیاتریش بەدوایدا دێت. لەکاتێکدا عێراق وەک وڵاتێکی پارچە پارچە و شکستخواردوو دەردەکەوێ تا داهاتوویەکی چاوەڕوانکراو، تینوێتی تورکیا و جیهان بۆ نەوت بەردەوام دەبێت. ئێستا کە کۆنترۆڵی ناوچەیەکیان کردووە 4%ی نەوتی یەدەگی جیهانی تێدایە، کورد زیاتریان دەبێت پێشکەشی بازارەکانی جیهانی بکەن. بەغدای ژێر دەسەڵاتی مالیکی یان هەر جێگرەوەیەکی دەتوانێ لەگەڵ کورد ڕێکبکەوێ تا لەو نەوتە بەشی هەبێت، ئەگینا خۆیان دەبیننەوە لە تەواو بێبەشبوون لە باکوور و ڕۆژئاوای عێراق.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# بۆمبە تەوقیتکراوەکانی کوردستان

کۆی گشتی ئاوارە و پەنابەر لە باشووری کوردستاندا گەیشتووەتە نزیکەی 1 ملیۆن کەس، من لەم ژمارەیەدا کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانی لێدەردەهێنم، چونکە ئەوان ئاوارە نین، بەڵکو لەماڵی خۆیانن. پێشتر 40 هەزار خێزانی عەرەب، لە شەڕەکەی ساڵانی 2006 و 2007 هەڵاتن بۆ کوردستان. دواتریش هاتنی هەزارانی دی بۆ هەلی کار، ئینجا هاتنی هەزاران خێزانی دیکە بەهۆی شەڕەکانی ئەنبار و فەللوجەوە، ئێستاش هاتنی نزیکەی نیو ملیۆن کەس لە پارێزگای موسڵ، لە حاڵەتی بەردەوامبوونی ئەم شەڕانەی ناوچە سوونەکانیشدا، ئەوسا ئاوارەی زیاتر لە موسڵ و تکریت و ئەنبار و دیالەوە بەرەو باشووری کوردستان دێن. ئێمە لەم ڕووداوانەی دواییدا، کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانمان کەوتەوە دەست، کە خەڵک و خاکی ئەو ناوچانە وەک ئێمە کوردستانیی و کوردن، بەمەش جوگرافیای کوردستانمان فراوانتر بوو لە چاو جاران، بەڵام هاتنی ئەو سەدان هەزار ئاوارە عەرەبەی موسڵ و تکریت و ئەنبار، دەبێتە هەڕەشەیەکی دیمۆگرافیی لەسەر ئایندەی دانیشتووان لە باشووری کوردستان، ئەمەش دەرهاویشتەیەکی هاوشێوەی ئوردنی هەیە کە بە بەردەوام دەرکردنی فەڵەستینییەکان بۆ ئەوێ، دەویسترێت ئوردن بکرێتە (نیشتمانی بەدیل) بۆ فەلەستینییەکان، ئوردنیش گەورەترین نیگەرانی لەم مەسەلەیەدا هەیە چونکە:

**یەکەم:** ژمارەی فەلەستینییەکان خەریکە دەگاتە ژمارەی ئوردنییەکان.

**دووەم:** نەگوتراوە و نەنووسراوە کە ئەو فەلەستینییانە پێویستە بگەڕێنەوە وڵاتی ئایندەی خۆیان ئەگەر دروستبوو.

**سێیەم:** سەرکردە فەلەستینییەکان لەخەمی گێڕانەوەی ئەو ژمارە زۆرانەدا نین.

لای ئێمەش ناردن و هاتنی عەرەب بەم بەردەوامیی و بەم لێشاوە، هەمان ئەو مەترسییانەی سەرەوە و ئەم مەترسیانەی لای خوارەوەیشی هەیە:

**یەکەم:** ڕێژەی زیادبوونیان زیاتر و خێراترە لە پێکهاتەکانی دی، چونکە ئەوان دیاردەی فرەژنیی، نەوە خستنەوەی زۆریان هەیە، هەموو گۆڕانێکی دیموگرافیش گۆڕانی سیاسیی بەدوای خۆیدا دێنێ.

**دووەم:** لەڕووی ئابوورییەوە هەلی کار و دامەزراندنیان دەوێت و، ململانێی کرێکار و کارویستانی ئێرە دەکەن.

**سێیەم:** بەفەتوا ئاینییەکانیان شەڕی شیعە و فەتوای مەرجەعەکانیان دەکەن، دوور نییە شیعەکان فەتوای توندمان لەدژ دەربکەن، لەلایەکی دیکەوە زانایانی ئاینیی کوردستانیش بەدژە فەتوا دێنە دەنگ، بەمەش کوردستان دەبێتە شەڕگەی فەتواکان و، وردە وردەش کێشەکەمان لە نەتەوەییەوە دەبێتە ئاینیی.

**چوارەم:** لەداهاتوودا داوای کۆتای عەرەبی دەکرێت بۆ پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان، چونکە دەڵێن: ناکرێت بۆ تورکمان و ئاشوور و کلدان و ئەرمەن کۆتا هەبێت، بەڵام بۆ عەرەب نەبێت.

**پێنجەم:** لەئاستی نێو کۆمەڵگەدا بەهۆی کلتووری جیاواز و بەهۆی باڵادەستیی کلتووری عەرەبییەوە، بەریەککەوتنی کولتووری دروست دەبێت.

**شەشەم:** بۆچوونە مەزهەبییە توندەکانی ئەوان، تەنگ بە تەساموحی ئاینیی کوردانە هەڵدەچنێت و، ئامادەی توانەوەش نابن لەنێو کوردستاندا، بەڵکو لەوانەیە تێگەیشتنی خۆیان فەرز بکەن، لە کتێبی (نیشتمانە کەنەدییەکەم)دا کە ئیلی نەسروڵلا نووسیویەتی "نزیکەی 60%ی پەنابەران ئامادەنین کولتووری کەنەدا قبوڵ بکەن، نە خۆیان و نە نەوەکانیان، هەر بەمەشەوە ناوەستن، بەڵکو خەریکە یاسا و ڕێنماییەکانی وڵاتەکەش بگۆڕن بەئاراستەی سەپاندنی کولتووری خۆیان، کە ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی".

جا ئەگەر وڵاتێکی چەشنی کەنەدا، ئەنجامەکانی کۆچی خەڵکانی نامۆ بە کلتووری بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی بزانێت، ئەوا دیارە کە بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک ئێمە چەند مەترسیدارتر دەبێت.

**حەوتەم:** هۆکارێکە بۆ ئەوەی (بەشێک) لەو خەڵکانەی کە هاتوون یان نێردراون بۆ ئەوەی ببنە شانەی نووستوو بۆ کاری نەخوازراو لە ئایندەدا.

**هەشتەم:** بەزیادبوونی کوانتیتی، کواڵێتی ژیانی باشووری کوردستان تێکدەچێت، ئەم ڕووبەرەی شارەکان بەرگەی ئەو هەموو لێشاوە ناگرێت و، کوردستان ڕەونەقی شارستانیی خۆی لەدەست دەدات.

**نۆیەم:** لەبوونی ئەم ژمارانەدا ڕێژەی تاوانەکانی دزیکردن و ڕفاندن و گێچەڵکردن بەکچان و زۆر شتی دیکە زیاد دەکەن و، ئەرکی پۆلیسی باشووری کوردستان چەند قات دەبێت. بۆیە ئێستا لەهەموو ڕۆژێک زیاتر پێویستیمان بە هەنگاوی بە (پەلە) و بە (پلان) ی (پلە بە پلە) هەیە، چونکە لەپاڵ هەموو کارێکی مرۆییدا پێویستە ئاگامان لەڕەهەندە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لێشاوی پەنابەرانیش بێت و سوود لەئەزموونی وڵاتانی دیکە وەربگرین لەم بوارەدا، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەم بارودۆخە شەپۆلی گەورەی دیکەی پەنابەرانمان ڕووبەڕوو بکاتەوە.



# ديده بۆ مندالّان بەخۆڕاییە




RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی

Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net



